# گۆمی بەردەلانکێ

# گۆمی بەردەڵانکێ

**کامەران حامدی**

## ڕۆمان

٢٠١٤

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

● رۆمان

● گۆمی بەردەلانکێ

● کامەران حامدی

● نەخشەسازیی ناوەوە: رێدار جەعفەر

● بەرگ: رێمان

● نرخ: (٣٠٠٠) دینار

● چاپی یەکەم: ٢٠١٤

● تیراژ: ٥٠٠ دانە

● چاپخانەی: موکریانی (هەولێر)

● لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٦١٦) ساڵی (٢٠١٤)ی پێ دراوە.

زنجیرەی کتێب (٨٦٤)

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

گۆمی بەردەلانکێ، گۆمی بەردەلانکێ، هەزاران پلووره هەنگی هارووژاو، قوولّ و پیەنەدەر، ئەسپی تۆڕ و سەرکەش،هەلّۆی شاپەڕ بەستراوی بەتاسەی فرین. دەوران دەوری چیای سەخت و هەلّەمووت، چڕوڕژد لێی وەربوون، بەلّکوو لە سووڕی خۆی بیخنکێنن، بیمرێنن، یەخسیری کەن، بەرد لە پشت بەرد شاخ لە پشت شاخ، شەو و ڕۆژ،مانگ و سالّ گرمە و لوورەیەتی، گۆمی بەردەلانکێ نەمرە.

جەنگەلّ بە رۆژ تێکەلاّوی ڕەنگ، بە شەو گوزەری دەنگ، بە رۆژ چاو جادوو دەکرێت، هەزاران گولّی ڕەنگاوڕەنگ دەدوای دەخەن. خەیالّ ئەشقی دەبێت، سووك سووك هەنگاو دەنێتە ژوانگەیان، بە شەو، تاریکی، خۆف و سام، دەنگی نامۆ، خشەخشی تاپۆ، گۆی چاو دەکاتەوە، سەر لە نۆی خەیالّ دەفڕێتەوە، شەقەی بالّی دەنگ دەداتەوە.

لە گەردەنەی جەوالّەڕەشان ڕا وردە وردە کێوەکان بلّیندتر دەبن و ڕەنگی خۆلّ و بەردیان دەگۆڕدرێت، بەرە بەرە جەنگەلّ چڕ و پڕتر دەبێت. ئیتر لە زمزیران بەولای ڕا بەدەگمەن بستێك خۆلّ یان بەشێك لە لەشی شاخ دەبیندرێت. سەرتاسەری دارمالّ لە داری جەنگەلّی، بلّیند و نەوی، پان و شەنگ داپیۆشیوە، ڕەگ و ریشەیان تێك هالاّوە، وەك چیاکانیان بە هەزاران داوی مۆحکەم یەخسیر کردبێ، لە سەر سینگی زەوی ڕاوەستاون، لە لای خانێش ڕا چڕ و پڕتر جەنگەلّ دایگرتوە، تەنانەت جوابی سنووریشیان نەداوەتەوە و کێوەکانی ئەودیویش سەرتاسەر داپۆشراون، تاریك و روونی بەیانان جم و جۆلّ ساز دەبێت" هەرگەلاّیە دەجولّێتەوە، یەك جێ دەلّێی جەنگەلّ گیانی وەبەر هاتووە، ڕەوە ئاسکی چاورەش، قەفاز و بازدانی سمۆرە، دەرپەرینی کەروێشك، سەرەتاتکی ڕێوی، فیشقاندنی یەکانە، بۆلّەی ورچ، نەعرەی پلّینگ و شەقەی بالّی دەیان بالّندەی ڕەنگاوڕەنگ، دارستان زاو و زووی سروشتە.

نواویَ لە گۆڕایەکی نێو دارستان هەڵکەوتووە. خانوو پاڵیان وە پاڵی یەك داوە هەتا بناری شاخێکی هەڵکشاون، شاخ باوەشی ئاوەڵا، ڕایگرتوون، لە نێوەراستی دێی مزگەوت و حەوزەکەی سازکراوە، ئاوی سەرچاوەی خاڵ ئاباد بە هێز و تا بشت بە سینگی شاخەکەدا دێتە خوار و خۆ دەگەیەنێتە بن پێی دارە گوێزەکان و بە پەنایان دا دەخوشێت. وەك مارێکی وشەی هەتا دوور دەڕوات. وەنێو مەزرای ماش و بێستانی دۆڵە توو دەکەوێ، پان دەبێتەوە، پاراویان دەکا ئەزنە بە جۆگاندا دێتە خوارتر، لە دەشتیَ تێدەپەریَ و ئەوجار تیژتر لە پێشوو ڕوو دەنوواویَ دەکات و ماوەیەك لە حەوزخانەی مزگەوت وچان دەدات و لەپاشان سەرلەنویَ ملی ڕێگای دەگرێت و دەڕوات، بێجگە لەو ئاوەی، لەبەر ماڵان،کانییێکی گەورە هەیە کە دەوران دەوریان بەرد هەڵچنیوە. ئاوێکی ڕوون ڕوون چوار وەرزی ساڵ هەڵدەقولێت شەوانە دوور لە چاوان کیژێك خۆ دەباوەشی داوێت. سرتە و پسکەیان دەبسیرێت، جەنگەڵ گۆی هەڵدەخات، لادیَیەك بە ئاسپایی بۆ لایان دێت، چاویان لێدەکات، مانگ شەرمێون خۆ لەنێو خیزاوی کانی‌یەکەدا دەشارێتەوە.

هەوری نزۆك، کوتکوت و پچر پچر بە سەر کۆشی ئاسماندا بڵاو ببون. پۆلێك باڵندە بە ئاسمانی سەر دێی‌دا تیَپەڕین، ڕێك و پێك باڵیان دەکردەوە و دەبەستەوە، لە نێو قووڵایی جەنگەڵ دا ون بوون، نێودیَ بێدەنگ و هەرا بوو. ژن لە ماڵاندا سەرقالی کاروبار بوون، لە جەنگەڵ لك و پۆپی داری جەنگەڵی بە دمی تیژی تەوەرداسان دەکەوتنە خوار. هەزارن گەڵا لە سەر یەك کەڵەك ببوون، بە پێی داب و نەریتی هەزاران ساڵە، سەر لە نویَ بەهاران دار پشکۆژیان دەردەکرد، بەرەبەرە گەڵا سەریان وەدەرناوە، ژیان و مردن، مردن و ژیانەوە.

فەقیَ ڕەسووڵ چوارشانە و کەڵەگەت، کەمبەر تەسك و سینگ لەپێش، شان و باهۆی قایم، قامك هەزریقاو، توندوتۆل دەستی دەکاردابوو، ئارەقە لە نێوچاوانی

ڕێچکەی بەستبوو، تۆزی نەرمی گەڵای داران لە سەر و دەم و چاوی نیشتبوو، دونیا بە هۆی هێزی شان و پیلی لاوان دەگەرێت، خوێن لە دەماریان دا لە کوڵە، هەڵدەقوڵێ.

هەتاو بەرەو کێوەکانی ڕۆژئاوا قەڵەم بازی دابوو، زەردێك لەسەر لێوی" کیژێکی شۆخ و شەنگ بوو دەهات لە پێش چاوان خۆپشارێتەوە، نەرمە بایەك بە نێو داراندا دەسووڕا، دار ڕێیان لێدەگرت و ئەویش بە جەفەنگ بە سەری قامکی نادیاری گەمەی لەگەڵ دەکردن. پیاو شەکەت و هیلاك پرێسکە و شمەکیان خڕکردەوە و دوو دوو و سێ سێ بەرەو دێی ڕۆیشتن، فەقێ ڕەسووڵ و وتمانی برای لە دوای هەموویان دەڕویشتن، تاق و لۆق گەڵا و چێوی ویشك لە ژێر پێیاندا قرچە قرچیان دەهات، گێوژە سوورە لە تارمایی سەر لە ئێوارەدا تولّخ دیاریان دەکرد، وتمان بە پێ و قوچاخ ڕێی دەبری و فەقێ ڕەسووڵ نوقمی خەیاڵی خۆش پێی لە سەر جێ پێی دادەنا. بە نێوان داراندا گاڕانی دێیان لێ وەدیار کەوتبوو، هێدی هێدی بەرەو دێی دەڕویشتنەوە، بارە و بۆڕەیان دەکێشراوە. ڕەسووڵ چاوی تیژ کرد و لە کیژەکان ورد بۆوە، بە تەمای دیتنی ئاسکێ، چاوی ڕەش و گەشی دیت. برژانگی بە ناز و ترسەوە لێکنا، شلك و ناسك بازدی دا و لە پێش چاوی ون بوو، وەك هەورێکی بە ئاسپایی خوشی، نەخشەی گەڵایەکی نە تەپەی لاقێکی.

ڕەسووڵ چاو لە کۆی دەکەی؟ لە بناری کێوەکە ئاسکەکە ڕاوەستاو، بۆ ساتێکی سەر لە نوێ بیر و هۆشی ڕفاندەوە، لە جەنگەڵ هاتبوونە دەر و کەوتبوونە سەر ڕاستە ڕێ، ئاسکێ بە پێکەنین خۆی دەماڵێ هاویشتەوە.

لوورەی دووری گۆمی بەردەلانکێ دێ، دەڵێی لەگەڵ ئاسمان دەدوێ، جەنگەڵ بێدەنگە و گوزەری دەنگ، ماڵات لە هۆڵ و تەویلاندا کراون. تاوتاو پڕمەی ئەسپێکی یان حەپەی چوارپێیەکی دێ، دەنا سرتەسرتی سریلە و قڕەی بۆقان.

مام عەزیز کڵاوپێچەکەی ڕێك و پێك کرد و لە ماڵ هاتە دەر، ئەوشۆ خوازبێنی ئاسکێی دەکات بۆ ڕەسوولێ. فەقێ ڕەسووڵ بەپەلە چەند پارووی نان و ماست خوارد و

هەستا هاتە نێو دێی، یەکسەر چوو بۆلای کانی سووری، لە سەر کەڵەکە بەردەکەی هەڵترووشکاو چاوی دە دێی بڕی، کزە کزی چرای ماڵان بەدەلاقە و دەرگای ئاوەڵا دا دیار بوو. چاوی خستە سەر لێر، تاریکی ئەنگوستە چاوە و تاپۆی هەزاران داری بڵیند و نەوی. لە دوور ڕا جریوە جریوی چرای سەردەشت دەتکوت بەشێك لە ئاسمانە بەربۆتەوە. هەناسەی پڕ بە سینگ هەڵکێشا و دەری داوە، بە حاڵ هەڵمێکی سارد لە زاری هاتەدەر، ڕوخساری ئاسکێ هاتە پێش چاو، دڵی بە گرمە دەیکوتا و یەك جێ تەواوی لەشی گەرم داهات. لە سەر بەردەکان هاتە خوارو لە سەرچاوەی کانێەکە دانیشت، دەنگی خیزاوی چکولە لە قەراغان و ڕۆینی بە بەر پێیدا دەهات، گوێ بۆ هەڵخست، ئەوشۆش مانگ هاتبوو خۆ دەباوەشی کانیەکە باوێ. ڕەسووڵ چاوی لە ئاسمان بڕی، ئەستێرە دوور و نیزیك جریوە جریویان بوو. سەری بەرداوە کیژەکە خۆی ڕووت کردبۆوە و خزابۆە باوەشی ئاوەکە، لوچێکی ئاو هەڵگرت و خواردیەوە و هەستا سەر پێ و بەرەو دێ وەڕێ کەوتەوە و چوو بۆ نێو کۆڕی دۆستەکانی لە مزگەوت، درەنگانێ گەڕاوە ماڵێ. دایکی لە حەوشە تووشی بوو و مزگێنی بەڵێنی ماڵە ئاسکێی دایە.

✧ ✧ ✧

سابلاغ شارێکی چکۆلە و خشپیلانەیە لە نێو دۆڵێکی تەڕوبڕدا، لە لای ڕۆژهەڵاتەوە داشامەجید و لە پشتەسەری ویش چیای بەرزی زاوابووك ولە باکوری خەزایی ڕاوەستاوە، چۆمی سابلاغ لە کوێستانی لەند و کێوەکانی مەنگوڕایەتی سەرچاوە دەگرێت، لە کۆش و داوێنی هەر چیایە و لە نێو هەر دۆڵێکی ڕا کانیلە و جۆگە دێنە خوار، بۆنی یەکتر دەکەن، دەگەنە یەکتر، ئامبازی یەك دێن، دەست و موشتاخ دێن، دەیان و سەدان جۆگە و لافاو لێك دەهاڵێن، گەورە و گەورەتر دەبن، دەبنە لەشێك. سەرێکی لە سابلاغ و سەرێکی لە کوێستان، سەرێکی لە دەشتی

شارویران و سەرێکی لە ئاسمان، وەك پشتوێن لە سەر گاشە بەردی سەر ڕێیە گرێچن دەبێ، وەزمان دێت، لە پێش‌دا بالوورەیە، وردە وردە غوللور دەبێت و دەنگی بەسام، گوڕە و هاوار و لرفەیە، کەنارەکانی هەزاران لەون دار و گیا ڕسکاون، شوێن شوێن گەز چاری چغوور و گەش و شوێن شوێن بێ و چنار و راج و جێجێ قامیشەلان و مەودا مەودا گژوگیا همبێزی یەك هاتوون، هێلانەی هەزاران باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ" قەل‌مراوی و دوڕنا و سوورەقانگ، هەڵە تانج و قاز و قورینگ و سۆنە. وێنە و نیگارەی ئاسمانی ساو و بێ خەوش کەوی کەوی لە سەرتاسەری هەڵدەکەندرێت و لە ڕۆژی هەور و هەڵا دا ڕەنگی دەگۆڕێت، شین‌بۆر دەچێتەوە، قاشەماسی پۆل پۆل و دەستە دەستە بە سەد بە هەزار بە سەدهەزار پێکەوە دەگەڕێن، یەك جێ و لەگەڵ یەك وەردەسووڕێن بەرسکی سپێیان چاوی بە هەتاو دەنووقێنن، بەرژەوەندی خوڕێن و نێرینەی چۆم دەکەن، کلك و باڵیان وێگرا دەکار دەخەن، مەودایێك دەچنە سەر و سەر لە نوێ وەردەسووڕێنەوە، نەرم نەرم خۆ دەدەنەوە بەر تەوژمی چۆم و لە پێش چاوان ون دەبنەوە، بەیانان زوو زوو پێش تاو کەوتن و یەرەو تەنگی ئێواران هەزاران دەستەی بێ ئەژماری مێشوولە دێنە سەر چۆم و سەمایەکی سەیر دەست پێدەکەن، گیزە گیزیان هەتا دوور دەڕوات، ئەو دەمانە شڵپەی قاشەماسیان و فڕە فڕی باڵندان تێکەڵ دەبن، قاشەماسی چووك و گەورە دەستە دەستە خۆ هەڵداوێن و هەر کامە پۆلێك مێشوولە دەگرن و خۆ دەئاوەکە داوێنەوە،سەدان باڵندە لووری چۆم دێن و خۆ بە چۆم دادەدەن، و سەر لە نوێ هەڵدەفڕنەوە، لە پڕ دەنگ دەکەون، شڵپە نامێنێ، فڕە دەبڕێتەوە، گیزەی مێشوولان ساز دەبێتەوە، لە ناکاو دەیان قەمچی بەهێز وەشان و پشتی چۆم دەکەوێت، لە دەیان شوێن چۆم ڕەش هەڵدەگەڕێت، ئەوانە باقۆن هاتوون، ڕەش ڕەش پشتیان بەدیارەوەیە، رەقە و بۆق بەپەلە پرووزی خۆ دەنێو گژ و گیای قەراغاندا حەشار دەدەن و باڵندە لە هێلانەیان مت دەبن.

لەوبەر ئەوبەری چۆم بێستان و باغ کراون و پەرژینیان دارماڵی گوڵی گوڵاوە و لەلای ڕۆژئاوای شار گرانە بەردی زەرد هەڵکەوتوە و سەرتاسەری ئەو بەشە لە هەرتك بەری چۆم دەست پێدەکات و هەتا مەودایەکی زۆر دادەگرێت، ئاوێکی زەرد دایم هەڵدەقوڵێت و بێدەنگ و هەرا گۆم و گۆمیلکان پێك دێنێ، زستان و هاوین یەکبین زنە زنیانە و کەم ناکەن، کەنار و بەر پێی گۆمەکان دەڵێی ئاوەرێژ کراون، زەرد زەرد. ئەو شوێنانە گڕاوانی پێدەڵێن، لەوێڕا هەتا هەوەڵ ماڵی شار دەشتێکی گەورە و بە پیتی گەنم و جۆیە.

نێوشار خانوو، چکۆلە و گەورە لە چوار گەڕەکان لێك هاڵاون، لە نێوەراستی شار کۆشکی دارالحکوومە بە خشتی سوور دیارە و شۆرەی دەوران دەوری بانی وەك چەقڵ چوونە نێو چاوی ئاسمان.

✧ ✧ ✧

ئاسمان ساماڵ و هەتاو بەهێز لە ژوور سەری ڕاوەستابوو، پاش نێوە ڕۆیەکی مانگی خەزەڵوەر بوو، نیسێی دیواران لە کورتی‌دا بوو، بەرەبەرە بە مقەستی ڕۆژ هەڵ دەپاچرا، نەختێك لە بن پێی دیوار و داران مابۆوە، جووڵەی با نەدەهات، گەرما ئێستاش هەر ئەوکی شاری ڕێك دەکوشی، جەماوەر زۆربەیان لە ماڵان سەریان وسەر سەنیران خستبوو و چانیان دەدا، یان لە حەوشەی مزگەوتان لە ژێر سێبەری دارە بووزان خەونووچکە دەیبردنەوە، شاگرد دووکانەکان بە بێوازی لە سەر کورسیلان دانیشتبوون و چاویان لە هاتووچۆی تاق و لۆق مرۆڤێکی دەکرد دەنا خۆیان بە شتێکی بێ بایەخ دەخافلاند، لە نێوەڕاست بازاڕێ قاوەخانەی کەریمە ڕەش تەنیا جێیێك بوو کەم‌تاکورتێك دەنگە دەنگی لێدەهات، سێ چوار لادێیی لە سەر کورسیلان دانیشتبوون و یەك دوویەکیش لە سەر کورسی درێژوکان تخێڵ ببوون، گەرما خەڵك و جووڵەوەرانی بێ‌تاقەت و سست کردبوو،

جاروبار تەقە تەقی سمی وڵاخێکی لە سەر هەردی بەردەرێژکراو دەهات و تاوێکی خەونووچکەی شاگرد دووکانەکانی دەپساند و چاویانی بە دوای خۆیاندا دەکێشا و سەر لەنوێ وڵات دەخزاوە باوەش بێدەنگی و ئۆقرەی دەگرت، زەرگەتە ئێستاش لە سەرمای بەری بەیانان لەشیان سڕبوو و حەوت هەشتێك پێکەوە لە دەوری کەلاکی هەڵاوەسراوی بەر قەسابیان یان زارکی توونگەی دۆشاوان، دەسووڕان. باڵیان لە بەر تیشکی هەتاو دەترووسکانەوە. کۆترە باریکە و پاساری لە سەر تاگەنم و دانەوێڵەی بەر دووکانان دەنیشتن بە پەلە پەل سێ چوار دەنکیان دەخوارد و سەریان هەڵدێناوە و چاوی ڕەش و زیتیان دەوڵاتی دەگرت و ئەزنە خەریکی خواردن دەبوون، قوونە قوونیان دەکرد و بەبیستنی خشپەیەکی یان دیتنی شتێکی نامۆ هەڵدەفرێنە سەر لێواری دیواران هەتا ماوەیەکیتر لە شوێنێکی دیکە بنیشنەوە، پشیلەیەکی بۆر و چڵکن و لاواز، لە پەنا شمەکی کەڵەك کراوی دووکانێکی دەهاتە دەر، بێواز و لە سەرەخۆ هەنگاوی هەڵدێناوە و بۆنی بە تەلیس و قابڵەمەی بەتاڵ دەکرد، بە دیتنی منالێکی بەتفەر کە دەستی دەدابە بەردی، هەنگاوی خۆشتر دەکرد و دەئاکامدا بە پڕتاو خۆی دە کون و کاژیرێکی ڕادەکرد.

دوو لادێیی" یەکی گەڕاوە و یەکی لاو، هاتنە نێو بازاری ئاسینگەران، لە بەرگ و شمەکیان وا دیار بوو ئی ئەو وڵاتە نەبن. پێکەوە قسەیان دەکرد، دە بێدەنگی ئەو پاش نوێژەیدا دەنگیان بە ڕاشکاوی دەهاتە گوێی شاگرد دووکانان، خۆش خۆش سەریان دەسووڕاند و چاویان بە سەرشمەك وکەل و پەلی نێو دووکاناندا دەگێڕا، لە ڕاست دووکانی ئاسینگەرێکی ڕاوەستان و ساتێك لە بەر دەرگاڕا چاویان لە ڕیزە داس و مەڵەغانی هەڵواسراو بە بزماران کرد ئەوسا سڵاویان کرد و بە پەنا شاگردی دووکانەکەدا چوونە ژوور، کابرا گەڕاوەکە بە سەری قامکی ئەستوور و هەزریقاوی دەمی تیژی داسێکی تاقی کردەوە و ئەوجار بە تەمابوو لە بزمارەکەی کاتەوە،

شاگردەکە بە پڕتاو بۆلای هات و کوتی: مامە گیان ئەوی لێ مەکەوە، ئەوەتا لە ئەرزی هەمانە.

لادێیی چاوی لە قوونیچکی دووکانە کرد کە تاقمێك داس بە دیوارەکەی هەڵپەسارد‌رابوون، بۆلایان چوو و داهاتەوە و یەکیانی هەڵگرت و ئەوبەر ئەوبەری چاو لێکرد و مشتووی هێندێك دە دەستی‌دا کوشی و کوتی:

کوڕم ئەوە بە چەندە؟

دوو تمەن.

ماوەیەکی دیکە چاوی لێکرد و لە سەر جێی خۆی داناوە، وەپێش کوڕەکەی کەوت و هاتنە دەر. لارە بایەك بە پەنا دیوارانداا بە ماتە مات دەهات، تۆز و خۆڵێکی کەم وەدوای کەوتبوو، خۆی پێ هەڵداوەسی، لارە با لە سووچی دووکانان خۆی لێدەشاردەوە، هەتاو لە تەوقە سەری ئاسمان خێسەی لێدەکرد و بە گڕی دا دەهات، گەرم داهات و بە زەوێوە نووسا و پان بۆوە، خۆڵ و خاکی دیکە بە هەلیان زانی و خۆیان هاویشتە سەر پشتی، لە بەریان هەڵات، وردە وردە نیسێ درێژ بوونەوە، هەتاو ماندوو و وەڕەز لە تەنیایی بەرەو کێوەکانی ڕۆژئاوا دادەخزا، جم و جۆڵ ساز بۆوە، شاگرد دووکانان بەپەلە ئافتاوە و سەتڵی پڕ لە ئاویان لە حەوزی مزگەوتڕا دێنا و بەر دووکانیان پێ ئاوپرژێن دەکرد، بۆنی خۆڵی تەڕ قورس و گران دەهات، حاستی بەر دووکانان پەڵە پەڵە ببوو، و جێ جێش خۆناوکەی چکۆڵە ساز ببوو، بازاڕ وەخەبەر هات دەنگە دەنگی کڕیار و خاوەن دووکانان لە هەموو گۆشە و کەنارانڕا دەهات. تۆزتەکێنی شاگرد دووکانان وەکار کەوتبوو و پۆلە مێشی سڕ بە ناقایلی وەحەوا دەکەوتن، هەتاو تیشکی بە کولانچاندا ناردبوو سەر بازاری کورتانفرۆش و قەیسەری و تیشکی سات بە سات زۆرتر دەشکا، غڵبە غڵب دەسەر بەرداشێ کەوت، هەرا هەرا و دەنگەدەنگ وەك شەپۆلی زەریایەکی هەر دەهات و گەورەتر دەبوو، دووکان بە دووکان و زار بە زار گەورەتر و بە هێزتر دەبوو، زرم و هۆڕی سمی پازدە بیست ئەسپ کە وێرغە دەهاتن، ڕەسەر دەنگی

خەڵك کەوت، کەس نەیدەزانی چباسە و ئەو سوارانە کێن، هەراو هوریا و لاچۆ و بکشێوەی خەڵك کە یەکتریان دەنگ دەدا گەیشتە بازاڕی کورتانفرۆشان، تا تووتن و تەلیسە دانەوێڵە تاق و لۆق دەکەوتە بەر سمی وڵاخان و بڵاو دەبوونەوە، لە پێش هەموو سوارەکان سوارێکی کەڵەگەت و کۆك و پۆشتە لە سەر پشتی ئەسپێکی سپی کە خاڵێکی ڕەشی لە نێو چاواندا زەق لە چاوانی دەدا، دانیشتبوو، لووتی لە حەوا و چاوی بێ جووڵەدە بەرامبەر بڕیبوو، سەرتاسەری کەوای بەری بە بریقە و تروسکەی دەیان میداڵی گەورە و چکۆلە دەدرەوشاوە، سەر شانەکانی جووتێك مەنگوڵەی زەردی پێ هەڵاوسرابوو و ڕیشاڵەکانی بە هۆی ڕۆینی ئەسپەکە دەلەرێنەوە، دوو لینگەیەکی سپی و خاوێن و جووتێك چەکمەی ڕەشی تازە بۆیاخ لێداوی نووكتیژ لە پێی دابوو و بە دەستی ڕاستی هەوساری ئەسپەکەو بە دەستی چەپی مشتووی قەمچێکی ئاوریشمی دەکوشی.

لادێیی پیرەکە بە پڕتاو غاریدا تایەك شمەك کە وێدەچوو پکەوێتە ژێر سمی وڵاخە سپێکە، لایبەرێت. ئەسپە سپی سڵەمیەوە و هەستا سەر پاشوان و حیلاندی، ویزەی قامچی سوارەکە هات و وەسەر و پۆراکی لادێیی کەوت و دەست و لاقی لێ تێکەڵ بوو و کەوتە بەر سمی ولاخەکە، سوارەکە ئەسپەکەی هانداو وەسەری پەڕاند و بەدوای ئەودا سوارەکانی دیکەش بەتەما بوون ئەسپی وەسەر پەڕێنن کە لاوێکی کەڵەگەت، گورج خۆی گەیاندێ و لە ژێر سمی ئەسپانی دەرکێشا و هێنایە پەنا دیوارێکی، خوێن لە سەر و گویلاکی دێهاتێکە دەهات و کورەکەی لە دوور ڕا بە غاردان بۆلای هات،گەیشتە سەر سەری و لەپەنای هەڵترووشکا:

چبوو بابەگیان؟

چنیە کوڕم، ئەولاوە بەفریام هات دەنا هەر خوودا دەزانێ چیم لێدەهات.

وردە وردە هاتەوە سەرەخۆ و لەگەڵ کوڕەکەی و لاوەکە بە شەلە شەل بەرەو کاروانسەرا ڕۆیشت، لە پشتە سەری سوارەکان سەر لە نوێ سڕمە سڕم دە خەڵك کەوتەوە.

ئەوە کێیە؟

هەر کەسە شتێکی دەکوت، ئیوا بوو بە دوایاندا دەڕوێی و بەتەما بوون ئیدیکەش وەدوای خۆیان بدەن، لە مەیدانی ئارد کە جێیەکی بەرفرەوانتر بوو سوار ڕاوەستاون، حاجی مەجید بەرەو پیریان هات و لە حاندیان ڕاوەستا، شاگرد دووکانەکەی لە پشتە سەری بە هەرمە دەهات، کەشەفێك پڕ لە شەربەت بە دەستەوە لە پشتە سەری حاجی ڕاوەستا و چاوی تێبڕین، حاجی بزەیەك لە سەر لێو سلاوی کرد و داهاتەوە و کورنووشی بۆ برد، ئەوجار ئاماژەی بە شاگردەکەی کرد و کوتی:

وەهاب هەتیوە خێرابە بیگێڕە.

وەهاب یەکسەر شەربەتی بۆ حاکم ڕاگرت و حاکم لە سەر پشتی ئەسپەکە خۆی نەختێك کۆم کردەوە و پەرداخێکی هەڵگرت و بەدوای ئەودا سوارەکانی دیکەش شەربەتیان هەڵگرت. وەهاب گورج گەڕاوە دووکان و ڕیزێکی دیکەی بۆ هێنان، حاکم بێ ئەوەی گرێکانی نێو چاوانی پاك کاتەوە چاوی بە دەوران دەوری خۆیدا گێڕا و بێ ئەوەی چاو لە سەر هیچ کەس یان هیچ شتێکی ڕاگرێت دیسان چاوی دە بەرامبەری بڕێوە.

هەتاو ئاخرین تیشکەکانی لە دوور ڕا بەرێ کردبوو:

دارالحکوومە لە کوێیە؟

حاجی دەستبەجێ وڵامی داوە:

قوربان ئەگەر ئیزنت لە سەر بێت ئەمن ڕێنموونیتان دەکەم.

حاکم چی نەکوت و هەروا چاوی لە دەوران دەوری گێڕا، حاجی هەرای وەهابی کرد و کوتی:

کوڕە ئاگات لە دووکانێ بێت.

وەپێش سوارەکان و لەتەنیشت ئەسپی حاکم بەرەو دارالحکوومە وەڕێ کەوت. بازاڕ هاتەوە سەر حاڵ و هەوای پێشوو و هەرکەسەی بۆلای دووکان و کاروباری خۆی دەڕۆیی، بەڵام لە ڕاستی دووکانان دوو دوو و سێ سێ لێك وەکۆ ببوون و باسی ئەو سوارانەیان دەکرد، لە ڕوخسار و ئاکار و بەرگی سوارەکان ڕا لێیان یەقین بوو ئەو سوارەی پێشەوە کار بەدەستە و لە ناخەوە ئیرەییان بە حاجی مەجید دەبرد کە خۆی وەپێش خستبوو و ئێواش هەبوو بە ئاشکرایی تانە و تەشەریان لێدەدا:

تولەباب، دەتکوت خەبەری هەیە.

ئادی بەسەرت، ئەوە بابە گۆڕ بە گۆڕەکەشی هەروا بوو، کەرێك لە بەغدایە زەڕیبا، ئەو لێرە دەیزانی. بەڵام زۆربەیان پێیان خۆش بوو لە جیاتی بان و ئەوشەربەتانەیان گێڕابا.

سوار بە کۆڵانی تەسك و چەپ و چیڕدا دەڕۆیشتن، خەڵك بە ژن و پیاو و منالْ لەبەر دەرکان و سەربانان ڕاوەستابوون و چاویان لێدەکردن. هەواڵی هاتنی کاربەدەستێکی گەورە ماڵ بە ماڵ و گەڕەك بە گەڕەك ڕۆیبوو، حاکم بە سیلەی چاو دەیڕواندە خەڵك و خانووبەران، دەرگای گەورە و ئاسنی دارالحکوومە و دیواری بەرز و شۆڕەی قایمیان لێ وەدیار کەوت، ئێشكچی لەبەر دەرگا و سەربانڕا وەك پەیکەری سازکراو لە بەرد بێ جووڵە ڕاوەستابوون و حاکم و سوارەکان چوونە نێو حەوشەی گەورە و دەرگا داخراوە، حاکم هەتا نیزیك پلیکانەکان لە ئەسپی نەهاتە خوار، لە حاند پلیکانان نۆکەرێك هەوساری لێ وەرگرت، حاکمی پێشوو و سێ چوار نەفەر بە پەلە پرووزی لە پلیکانان بۆ لای هاتن، حاکمی تازە زۆر بە ئاسپایی لە ئەسپەکە دابەزی و وەسەر پلیکانان کەوت، نەختێك لە چین و چرووکی نێوچاوانی کەم کردبۆوە، گەیشتنە یەکتر و بەرامبەر یەك لە سەر پلیکانێکی ڕاوەستان، خۆی ناساند و کاغەزێکی سەر بە شەقڵی لوول دراوی کە پێشکارەکەی لە پشتەسەری بۆی ڕاگرتبوو دای بە دەست حاکمی پێشوو و بێئەوەی

چاوەڕوانی وەی بێت بیخوێنێتەوە وەسەر پلیکانان کەوت، حاجی مەجید بە دەنگێکی لەرزۆك کوتی:

قوربان کارت بە من نیە؟

حاکم وەك هەوەل جار بێت ئەو دەنگەی گوێ لێ بێت ئاوڕێکی لە حاجی داوە و یەك دوو گرێی دیکەی خستە نێو چاوان،

نێوت چیە؟

مەجید قوربان، حاجی مەجید، دەخزمەتدام.

حاکم سەری سووڕاندەوە و تەنیا بەدەست ئاماژەی بە ڕۆینی کرد، دارالحکوومە هات و چۆی تێکەوت، و لە هەر گۆشەیەکی یەك دوو نەفەر بەپەلە دەهاتن و دەچوون و چەل چەل سرت و خورتیان پێکەوە دەکرد، هەرکامە دەبیری ئەوە دا بوون بە ڕۆینی حاکمی پێشوو و هاتنی حاکمی تازە وەزعیان چۆن دەبێت؟

هەتاو کۆڵ و باری خڕ کردبۆوە و لە پشت کێوەکانی لەندی شێخان سەفەری شەوانی دەست پێکردبوو، تاریکی کوڵان بە کۆڵان و ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و چەپۆکی ڕەشی بە سەر سەری خانووە چکولەکان دادەدا، شەو شاری داگیر کرد، حەساس گۆپاڵ بە دەست و خەنجەر لەبەر پشتۆنیان دەستیان بە شەو گەڕی کرد. تاق و لۆق مرۆڤێك لە پەنا ڕووناکی کەمی مەشخەڵی هەڵاوەسراو لە سەری گوزەران بەرەو ماڵ و حاڵی خۆیان دەڕویشتن، چوار پێی گەڕۆڵ و بێکارە تاق تاق و دەستە دەستە ڕوو بە قەسابخانە و شەڕی شەوانەیان ڕێیان داگرت، لە کاروانسەرای حەمە خێخێ جەماوەر لە دەوری لاوێکی دەنگ خۆش و خوێن شیرین کوزیلکەیان بەستبوو کە جاروبار بە دەنگی پڕ لە سۆزی تێی هەڵدەکرد و جارجار گوێی دەدا بە قسەی دوو لادێیەکان و خۆی بۆ سەفەر لە گەڵیان بەرەو لێرەواری تەیار دەکرد کەم کەم گڕی مەشخەڵی کاروانسەرا تەواو بوون و ڕێبوارەکان خۆیاندا بەر دەستی خەو، لە دووری چوارپێ شەڕیان لێ پەیدا ببوو.

✧ ✧ ✧

کەڵە شێرێك بانگیدا، شەقڵی شەو شکا، دیواری تاریکی قەڵشتی تێکەوت و سات بە سات گەورەتر بوو، ڕووناکی بەری بەیان پەیکەری ناسك و شەنگی پێدا هێنا دەر، شەو بە جارێك هەڵوەشا، دەستەیەك کەو فڕکەی باڵیان هات، چریکەی سەیرە و قەناری لەولا ئەولای لێڕ خەویان لە چاوی دارو دەوەنان تاراند.

ڕەسووڵ سەرخۆش و بە کەیف دارماڵی گەرمای ژین و ئەوین بە سەر تoولە ڕێگادا دەڕۆیی. تیرهاوێژێك لە دێی دوورکەوتەوە، هەوا خاوێن و بێ خەوش و لێڕ تابلۆیەکی ڕەنگاورەنگ، زەرد، سوور، نارنجی و سەوز تێکەڵ و پێکەڵ لە پەنایەك، شەو بارانی ڕەنگ باریبوو، دەستی دەبنان گۆیی ناو تێی هەڵکرد، دەنگی خۆش و بە سۆزی هەتا دوور دەڕۆیی، وەداران دەکەوت، خۆی لادەدا و بە پەنایاندا دەخوشی، و بەندەنی سەخت دەکەوت بازرەقەی دەکرد، وەگڕەبەردان دەکەوت" دەحەبەسا و دەگەڕاوە و دەهاتەوە نێو دارستان. دەنگی سێحراوی وزەی لە باڵندان بڕیبوو، قەناریێك لە گۆشەیەك ڕا هاوچڕی کرد، تیژ تیژ، دەنگ لە هەسان درابوو، تیژ تیژ، لك و پۆی دارانی دەبڕی، سینگی ئاسمانی کون دەکرد، گرێوە غاری دوو دەنگ، دوو گۆرانی، ڕەسووڵ هەواکەی گۆڕی" گشت و بن بزێو، قەناری بەزی و بێدەنگ ماوە، ئەو تەنیا یەك هەوای دەزانی، هەوای ژیان، کەچی ڕەسووڵ ژیان و ئەوین بوو هانی دەدا، پاڵوو بەنییەك، هاندەری یەك، پشتیوانی یەك، دەنگی ڕەسەرکەوت، جووڵە دە سروشت کەوت، لێر هارووژا، جووڵە وەر کەوتنەوە سەما، هەور وەڕێ کەوتن گەواڵ گەواڵ، ڕەش و سپی و بەڵەك، ئاسکێك لە سەر کانێك سڵەمیەوە، چاوی گەشی ساتێك لێکنا، برژانگی ڕەشی وێك کەوتن، سەری هەڵێنا و چاوی لێك کردنەوە و گۆیی هەڵخست، ئاسکێ لە سەر کانی سووری چاوڕوان بوو. ماڵیان لە کانی سووری نیزیك بوو و هەموو بەیانان پێش تاوکەوتن دەستی دەدایە جەڕە و دەهاتە سەرکانی، دوا بە دوایدا دەستە خوشکەکانی تاق تاق و دوو دوو پەیدا دەبوون، تریق و هۆڕ و پێکەنینیان ئاوڕیان بە لاوەکان دەداوە کە بۆ گەل کردنی، دەچوونە نێو دارستان.

هەرتك جەڕەی لە ئاو پڕ کردبوو، ئاوێنەیەکی چکۆڵەی لە گیرفانی سیخمەی دەرهێنابوو و بەرامبەر بە خۆی ڕاگرتبو، خشپەیەك لە سەرەوەی کانیەکە لە نێو ڕەزی بەر قەدی کیوەکە پەیدا بوو، دڵی داخورپا و بەپەلە ئاوێنەی دەگیرفانی نایەوە و چاوی لەو شوێنە کرد، ئێستاش تارمایی بەیانی زوو لە سەر وڵاتی زاڵ بوو، رەسوولی ناسێوە و دڵی زۆرتر بە گرمە کوتای، ڕەسووڵ گەیشتە پەنای و تاوێك بێ ئەوەی قسەیەکی پکا چاوی لێکرد و پشووی کێشا و ئەوجار سڵاوی کرد:

ـ سڵاو ئاسکێ چۆنی؟

ـ عەلێکە سەلام، ماڵتە ترساندمت.

بزەیەکی شیرین لێوی لەراندەوە.

ـ لە من دەترسێی؟ یەك دوو هەنگاوی لێ چۆ پێشتر.

ئاسکێ سەری بەرداوە و دەم و چاوی مەیلە و سوور هەڵگەڕا. ڕەسووڵ دەستی درێژ کرد و دەستی گرت.

سەری هەروا بەردابۆوە.

ـ ئاسکێ سەرت هەڵێنە خۆ نابێ لە من شەرمێ پکەی.

ـ ئەخر،

ـ ئەخر چێ؟ ئێمە تازە نێوی یەکترمان لەسەرە.

ـ دەزانم، بەڵام نەوەك یەکێك بمان بینێت.

ڕەسووڵ سەبرێکی بۆلای خۆی کێشا، هەناسەیان دەگەیشتە یەکتر، هەستێکی خۆش دایگرتبوون. هاڵاو و تینی ئەوین سەبر سەبر سەهۆڵی شەرمی تواندەوە، ئاسکێ خزا بۆ باوەشی.

ـ لە بیرتە ئاسکێ سوێندمان بۆ یەکتر خوارد هەتا مردن وەفاداربین.

ـ ڕەسووڵگیان هەتا مردن، هەتا مردن.

تریقە و هۆڕی دەستە کچان لە دوورەوە دەهات، ئاسکێ بەپەلە لە باوەشی هاتەدەر و هەستا سەرپێ، ڕەسوولّ نەیدەویست ئەو کاتەی بە هیچ جوورێکی لە کیس بدات،ئێستاش هەروا لە سەر خۆڵی زەردی قەراغ کانیەکە درێژ بوو.

ـ ڕەسوولّ بڕۆ توخودا بڕۆ دەمان بینن.

هاتەوە سەرە خۆ، وەك بزنە کێوی گۆمەتی داو خۆی دەنێو قانە مێوەکان هاویشت و بۆ لای دارستان ڕۆیی، هاواڵەکانی ئاسکێ گەیشتنە سەر کانیەکە، سڵاو و چاك و چۆنیان لەگەڵ کرد، یەکیان لە تەنیشتی ڕانی هەڵقورینجاند و بە پێکەنین بە گوێی دا چرپاند: کچەتیوە ئەوە خەریکی چبوون لەگەڵ ڕەسوولّی؟

ژان و شەرم و بزە هەرسێك پێکەوە لە ڕوخساری وەدی هاتن.

ـ بۆ ئەتۆ لە کوێ بووی؟

کچەکانی دیکە سەرقاڵی جەفەنگ و قسەکردن بوون، ئەمن ئاگام لێتان بوو.

ـ هاجەرگیان توخودا دەنگێ مەکە.

هاجەر سرتەیەکی دی بە گوێدا کرد و ئاسکێ بە شۆخی و پێکەنین پاڵێکی پێوەنا، لە دوورەوە دەنگی خۆشی لاوێکی دەهات، هەتاو زەردەی خستبووە سەر گەردنی کێوەکان.

✧ ✧ ✧

بەیانان و ئێواران حاکم سواری ئەسپە سپی دەبوو، ڕێی باغەکانی قەراغ چۆمی دەگرتە پێش، لە کۆڵانی سەر ڕێگا بێ ئەوەی چاو لە کەس پکات بە فیز و هەوا دەڕۆیی، دوور و نیزیکی بێستانەکان ئەسپی تاو دەدا و وەك بای سەرسەر ڕوو بە چۆم دەچوو، ماوەیەك دەگەڕا و لە پاشان دەگەڕاوە دارالحکوومە، خەڵك بە تایبەت ئێواران دەهاتنە سەر ڕێگای یان لە بەر دەرگا و سەربانان ڕا چاویان لێدەکرد. ئێوارەیەکی کژی پاییز بوو، ئاسمان کوت کوت هەوری ئەستێور و سپی دایانپۆشیبوو، بەڵام هەتاو کۆڵی نەدابوو و هەروا وڵاتی خستبووە بەر تیرێژی خۆی، حاکم لە گەڕانی ئیوارانی دەهاتەوە،

ئەسپە سپی ئەورۆ زیاتر لە رۆژان ماندوو ببوو. خۆش خۆش پشووی دەکێشا و چەل چەل دەبیرماند، حاکم رێگای هەموو ڕۆژانی تێكدا و بە کۆلانێکی دیکەدا ڕۆیی.خەڵك بەپەلە دەهاتنە سەربانان و راوەدەستان، لە سەربانی ماڵێکی چکۆلە دوو ژن ڕاوەستا بوون یەکی پیر و خڕیلە و یەکی جحێل و کەڵەگەت، هەیکەلی بێوێنەی سرنجی حاکمی ڕاکێشا، لارە بایەك کەس نەیزانی لە کوێ ڕا پڕی بە لۆی دەسماڵی داگرت و بۆ دەمێکی کورت ڕوخساری بێ گەردی وەدیار خست، حاکم لە ناکاو حەپەسا و سەری سوڕما، چاوی جادوو کرابوون و توانای تروکاندنیان نەما، جوانی وا شۆخ و چەلەنگ تەنیا دە خەیالدا دەژیت، بالای بڵیند و شلکی، دارێکی گەش و بەکەیفی سەر کانیاوان بوو هەڵچوو بوو، برۆی کەمەند بوون، هیچ چاوێك لە داوی ڕزگاریان نەدەبوو. ئەوجار نزە بایەك هات و بە حال مووی ئاوریشمینی خستە سەر گەردنی سپی و بڵیندی. حاکم هەستی بە گەرمایەك لە ناخەوە کرد، لەو هەموو جوانییە سەری سوڕمابوو، چلۆن دەنێو خانوچکێکی ئاوا دا جوانی وای تێدایە؟! ئەسپە سپی یەك هەوا دەڕویی بەلام حاکم ئاگای لێ نەمابوو و ئاوڕی هەر لە عافرەتەکە دابۆوە، دوو ئێشکچی تفەنگبەدەست بە دیتنی حاکم لە نیزیك دەروازەی دارالحکوومە شەق و ڕەق ڕاوەستان و ئیکلامیان کێشا، حاکم هۆشی لێیان نەبوو یەکسەر چووە نێو حەوشە و لە ئەسپەکە دابەزی، مەیتەر غاریان دا و هەوساریان لێ وەرگرت، نوقمی دەریای خەیالات بوو و ئاگای لە هات و چۆ و ئیکلامکێشان و سلاوی کەس نەبوو، یەکسەر چۆ نێو تالاری گەورەی دارالحکوومە و لە سەر کورسێکی چەرمین پان بۆوە، مەستی شەڕابی ئەو جوانییە بوو، پێشکار بەرامبەری ڕاوەستا بوو:

ـ قوربان ڕاسپاردەکانمان بەڕێ کردن، حاکم وەك جاددوەکەی بەتاڵ بوو بێت، چاوی زەق تێبڕی:

ـ چی؟

ـ قوربان عەرزم کردی لە سەر فەرمانی جەنابت ڕاسپاردەکانم بەڕێ کردن.

ـ زۆر باشە، زۆر باشە، بڕۆ جارێ دوایە وەرەوە.

پێشکار پێی سەیر بوو، هەستی کرد دەبێ شتێك ڕووی دابێت، بەڵام بۆی نە دەچۆوە سەر یەك.

ـ بە چاوان قوربان، کارت بە من نیە؟

نا بڕو، بەڵام ڕاوەستە کارێکم پێتە.

ـ فەرموو قوربان، ئەمر فەرموو.

ـ ئێستا بە کۆڵانێکی دا دەهاتمەوە، کیژێك لە سەربان بوو، بڕۆ بپرسە، بزانە کێیە؟

ـ بەچاوان قوربان، لە کێهە کۆڵان بوو؟

ـ نازانم، بەڵام ڕێگای هاموشۆی هەمیشەم نەبوو، کۆڵانێکی چکۆلە و لە لای چەپی دارالحکوومەیە.

حاکم هەستا سەر پێ و هاتە کەنار پەنجەرە و چاوی لە دەرێ کرد، شار زۆربەی لە پێش چاوی بوو.

ـ وەرە ئێرە پێت نیشان دەم.

ـ بەچاوان قوربان.

پێشکار بەپەلە بۆلای هات و چاوی لەو شوێنە کرد کە حاکم بە قامك ئاماژەی بۆکرد.

ـ پێموایە هۆو ماڵە چکۆلە بێت.

هۆوە قوربان، ئەوەی بەرامبەر بە مزگەوتێ؟ بەچاوان هەر ئێستا دەنێرم بپرسن.

پێشکار چوو دەر و حاکم هەروا چاوی دەماڵەکە بڕیبوو.

سوار پەیتا پەیتا بۆ بانگەوازی سەرۆك عەشیرە و پیاوە مەزنەکان بەڕێ دەکران، شار ڕازابۆوە و بەڕێوە بەرانی دارالحکوومە لە تەداروکی میوانداریەکی بەشکۆ بوون، حاکم بە پێی داب و نەریتی حاکمانی پێشوو خەریکی ڕێك و پێك کردنی کار و باری حوکمات و پتەو کردنی دەم و دەزگا و هەڵسەنگاندنی زەبرو زەنگی خۆی بوو. بەڵام بۆ

یەك دەمیش ڕوخساری ئەو عافرەتە لە پێش چاوی لانەدەچوو، وێنەیەك، نیگارەیەك بوو دەستی چارەنووس لە زەینیدا کێشابوویەوە، گەردنی سپی و دەستە مووی رەشی کەوتووی سەر گەردنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕوونتر دەهاتە بەر نەزەری، گەرمای باوەشی دەخۆیدا دەیتواندەوە، عەتری سینگ و بەرۆکی تەڵس و مەستی دەکرد، چاوی دە چاوی دا ون دەبوو، لە پڕ بەدەنگێکی، قسەیەکی وەخۆ دەهاتەوە، چاوی دەگێڕا، گێژ و وڕ، نەمابوو، کاردار و ژێردەستەکان ئیکلامکێشان بەرامبەری ڕاوە دەستان.

سوار پەیتا پەیتا دەگەڕانەوە و هەواڵی ڕاگەیاندنی ئەسپاردە و فەرمانیان دێناوە، حەولی دەدا گرێی نێو چاوانی پووچکە کات کەچی خەیاڵی ئەو جوانەی، قامکی شووش و باریکی بەسەر گرێیان دادێنا و پاکی دەکردنەوە، بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت گڕێ لە دڵی دەدرا: دڵی ڕێك دەکوشرا، وێك دەهات ، مەکۆی خەم بوو، ئۆقرەی لێ هەڵگیرا بوو.

بەرەبەیان فێنك و ئاسمان بێخەوش، تاریکی و ڕووناکی، سەرما و گەرما مشت و مڕیان بوو. لاولاو بە قەدی دار و دیوار و گوڵان هەڵچووبوون، ترێ بە دەیان ڕەنگ: زەرد زەرد وەك کارەبا، سوور سوور وەك نەقیمە و یاقووت، ڕەش ڕەش لە چەشنی چاو، لە بەرۆکی داران شۆڕ ببوونەوە، هێشوو هێشوو، غومالێکی تەنك داپیۆشیبوون، بەر دەرگا و کۆلانی دەوڵەمەندان ئاوپڕژێن کرابوون و عەتری یاس باوەش باوەش دەکەوتنە سەر دەستی نزەبای بەری بەیان، دەرکوبان و کۆلانی هەژار و فەقیران بۆنی توندی ڕیخ و تەپاڵەی تازە کەپۆیان ئازار دەدا، هەتاو کاکۆڵی زێڕینی لە پشت ترۆپکی قەڵای سارمبەگ ڕا دەدیترا، لادێیی بە سواری وڵاخ یان بە پێیان لە چوار لایان ڕا، توند و تۆڵ دەهاتن، بازاڕ وە جم و جۆڵ کەوتبوو، هەرا و هوریای دووکاندار و قەپانداران، تەقی تەقی سمی وڵاخ و بەردی قەپان و زەڕە زەڕی گوێدرێژان دەم بە دەم زۆرتر دەبوو، لە سەر پشتی ولاخان هەموو چەشنە شتێك دەبیندرا، شاگرد دووکانەکان یان دێهاتێکان گورج و گۆڵ شمەکیان لە سەر پشتیان دادەگرتن، لە سەر یەکیان هەڵدەچنی، دووکاندار لێیان

دەبوو بە کێشە و چەل چەل تووڕە بوون و جوێن دان، خەڵك بە پەنایان دا دەهاتن، تەنەیان لێك دەدا و ئاوڕیان دەداوە و سڵاوێك و مەرحەبایەك، مەزندەی شتیان دەپرسی، قامکیان لە ماست و هەنگوینان دەدا و تامیان دەکردن، حەمباڵی قەرتاڵان لە پشتە سەریان چاوەڕوان ڕاوەدەستان و بە دەنگی بڵیند جەفەنگیان لەگەڵ هاواڵەکانیان لێدەدا.

حاجی خدر کورتە باڵا و کز لە ژووری دووکانێ لە پشت داخڵەی دانیشتبوو و چۆرتکە لە بەر دەست حیساب و کتابی موشتەریانی دەکرد، جەلیلئاغا و برایمی کوڕی لە لای سەرەوەی دووکان لە سەر کورسیلان دانیشتبوون، چای بەردەستیان کە تازە شاگردی کەریمە ڕەشی قاوەچی بۆی هێنابوون تەنکە هەڵمێکی لێهەڵدەستا، حاجی دەنێوان قسەکردن و بەرێ کردنی موشتەریان ئاوڕی لێدەدانەوە و دەیدواندن، بازار جمەی دەهات، لە پڕتێکە و لێکە ساز بوو، غەڵبە غەڵبێك لە لای بازاڕی کورتان فرۆشان ڕا پەیدا بوو، جەماعەت سەریان بۆلای وێ دەسووڕاندەوە، چوار سوار بێ پرینگانەوە لە خەڵك و شمەکان بە توندی دەهاتن، خەڵك بەپەلە پڕووزی لە سەر ڕێیان لاچوون و خۆیان دا پەناو پەسێوان، قەمچی سواران ئەسپ و خەڵکیان دەگرتەوە و هەتا بەر دەرگای دووکانی حاجی خدر هاتن، لەحاند وێ هاوساریان کێشا و دوونەفەریان گورج دابەزین و یەکسەر ڕوویان دەحوجرەی حاجی کرد و لێی وەژوورکەوتن، خەڵك لە بەر دەرگای دووکانێ کۆزیلکەیان بەست و سەرە تاتکێان کرد، بێئەوەی سڵاوێ پکەن یەکیان ڕووی دە حاجی کرد و کوتی:

ـ ئەتۆی حاجی خدر؟

ـ بەڵێ فەرموون دەخزمەت دام.

ڕنگی بزرکابوو و دڵی خەبەری دابوو ڕووداوێکی ناخۆش لە سەر ڕێگایەتی، دە دڵێدا دەستی بە خوێندنی ئایەالکرسی کرد، بەڵام لێی تێك دەچوو، هەر ئەوەی هەولێ بە دەنگێکی کڕ کوتی:

ـ هەستە وەپێشمان کەوە بۆ دارالحکوومە.

ـ لە بەر چی؟

دەنگی دەلەریەوە.

ـ زۆری لە سەر مەڕۆ وەپێش‌کەوە.

ـ ئەخر نابێ بزانم چم کردوە، لە بەر چی بێم؟!

توند ڕۆبوونە پیلی و لە پشت داخڵەکە کێشایانە دەر، جەلیل‌ئاغا و کوڕەکەی وەك ئاوریان پێوەنێن دەر هەڵبوون و لە جێی خۆیان دەرپەڕین و گەیشتنە سەریان،

حیزبابینە بۆ کوێی دەبەن؟ بە خولآی ئەنجن ئەنجنتان دەکەین، بەری دەن یالآ.

دوو سوارەکەی دەرێ بەپەلە لە ئەسپی دابەزین و بە پەنای خەڵك دا خۆیان دەژووری هاویشت و تفەنگیان لە شان هێنا خوار، جەلیل‌ئاغا و کوڕەکەی خێرا دەستیان بۆ پشتوێنیان چوو، هەڵیان‌کێشا خەنجەر، هەرا هەرا و سڕمە سڕم دە خەڵك کەوت. حاجی حەسەنی جیراندووکانی خۆی هاویشتە نێوانیان و لەبەر جەلیل‌ئاغا پاڕاوە: بەخاتری خولآی نەی‌کەی، کوڕە چنیە، داخوا حاکم چکارێکی پێیەتی، با هەتاوێیان لەگەڵ بچێت، چنییە بەسەرت.

جەلیل‌ئاغا مشتووی خەنجەری دەکوشی و بە ڕکەوە دەیڕوانیە سوارەکان. چاوی لەژێلآ هاتبوون:

ـ زۆرباشە، ئەگەر وایە ئێمەش لەگەڵی دەچین.

هەر حەوت دەنێو پچە پچی خەڵك دا بەرەو دارالحکوومە ڕۆیشتن. هەزاران بیرو هەزر یەك جێ شالآویان بۆ حاجی خدر دێنا:

بڵێی بۆ لە دوویان ناردبم؟ چم کردوە؟ داخودا کێ نەمامی کردوە؟خۆ هیچ دە خۆم‌دا شك نابەم، لە کەلێن و قوژبنی زەێنی دا لە شتێکی، لە قسەیەکی دەگەڕا بۆ دیتنەوەی هۆی ئەو کارە.

ترس دەم بە دەم زۆرتر لێی دەهاتە پێش، دیوار و شۆڕەی دارالحکومەیان لێ وەدیار کەوتبوو، دەیزانی ئەورۆ قەول وایە میوانەکان بێنە دارالحکوومە، دڵی نەختێك بەوەی ئەهوەن دەبۆوە.

بەڵام بۆ ئاوا هاتن لە دووم؟

بە سیلەی چاو دەیڕوانده ڕوخساری سوارەکان، نێوچاوان گرژ و تاڵ، دڵی دادەخورپاوە.

بلێی حاجی مەجید باسی خراپەی نەکردبم؟ کارێتی، کاری ئەو گەوادەیە، دەناچم کردوە؟ بە خولای هەر کاری ویە. رك و قین مەودایەك جێیان بە ترس تەنگ کرد، دیوارەکان وەك دێو هەر دەهات و گەورەتر دەبوون. سەر لە نوێ دەترساوە، لە بن لێوی دوعای دەکرد و بە دەوران دەوری خۆیدا فووی دەکرد، جارجار وشەکانی لێ تێك دەچوو و لە سەرڕا چەلێکیدی دەستی بە خوێندنەوە دەکردەوە، دەرگا کراوە و چوونە نێو حەوشە، حاجیان یەکسەر بردە نێو زیندانی دارالحکوومە، جەلیلئاغا و کوڕەکەی هاتن بیکەنە شەڕو هەڵا، سێ چوار ئاغا و برادەریان بەپەلە نێو بژیان کرد و نەیان هێشت و لەگەڵ خۆیان بردیانە ژوورێ.

حاکم لە سەر هەیوانێ ڕا چاوی لێیان بوو، مشتووی قەمچی ئاوریشەمەکەی دە دەستیدا دەسووڕاندو سەبر سەبر لە بەری دەستی دەدا، تاوێکی چاو لێکردن و چۆوە نێو تالاری گەورە و لە سەر کورسی چەرمینەکە دانیشت و فینجانی قاوەی لە سەر میزە درێژەکە هەڵگرت و بۆلای دەمی برد.

پێشکارەکەی هاتە ژوور و دەستە و نەزەری ڕاوەستا. حاکم قومێکی چکۆلەی لە قاوەکە خواردەوە و بێ ئەوەی سەر هەڵێنێت و چاوی لێ پکات کوتی:

ـ چخەبەرە؟

ـ قوربان میوانەکان گشتیان هاتوون. تەنیا فەتاحخان گوایە نەخۆش بووە، نەهاتووە.

قاوەکەی تەواو بە سەرداکرد و فینجانی لە سەر ژێرپیاڵە چینیەکە دانا.

ـ خێرا بنێرن بە زۆر بیهێنن.

ـ بەڵام قوربان، لەوانەیە هەڵای لێ ساز بێت. ئەوانە عەشیرەتن زۆر خۆ بە زل دەزانن.

حاکم تەنیا یەك دوو چین و چرووکی دیکەی خستە نێو چاوانی.

ـ پێشکار کوتی:

بەچاوان قوربان، هەر ئێستا سواران دەنێرم بیهێنن.

ـ خەبەری دی چیە؟

ـ قوربان حاجی خدریان هینا. بەڵام یەکێك لەو ئاغایانە بە تەمابوو لە سەری هەڵایە سازکات، حاجیمان دە زیندان کرد، دەفەرمووی چ لە ئاغاکە کەین.

ـ کارتان بەوی نەبێت، فەتاحخانی زەلیل ببینێت بۆخۆی ئەدەب دەبێ. یەك چەل نەعرەی شێر لێدان لە هەزار لوورەی چەقەڵان باشترە. ئەگەر ئاغایەکی گەورە زەلیل ببیندرێت ئەوانی دیکە حیسابی خۆیان دەکەن، ئەوانە وادیارە وڵاتیان بە تەرخانی خواردۆت دەبێ ئەورۆ نیشانیان بدەم کێ حاکمە و کێ ڕەعیەت.

ـ بەڵێ قوربان.

هەتاو تیرێژی بە کەلێنی پەردەی سوور و مەخمەری تالار ناردبۆ ژوور، بە جووڵانەوەی کەمی پەردەکە، تیشکەکان دەشکان.

پێشکار وەدەرکەوت و حاکم سەر لە نوێ خەیاڵی ئەو عافرەتە جوانە ڕفاندبووی. لە پێش چاوی بوو، بەرامبەری ڕاوەستا بوو. کەڵەگەت و شۆخ و شەنگ، لێوی گۆشتنی بانگەوازی ماچ و سینگی ئاوالەی کوشین. پێشکاری بانگ کردەوە.

ـ بەڵێ قوربان چ دەفەرمووی؟

ـ لە بابەت ئەوشتەی پێم کوتبووی چت کردوە؟ پرسیت؟

ـ بەڵێ قوربان، ئەو ئافرەتە لەگەڵ مێردەکەی لە ماڵە پیرێژنێکی کرێگرتەن.

حاکم لە پڕ هەستا سەر پێ.
ـ چی مێردی هەیە؟
ـ بەڵێ قوربان.

نێو دڵی سست بوو، وەك لە کێوێکی ڕا فڕێی دەنە خوار، بن پێی بەتاڵ ببوو،بیری لەوەی نەکردبۆوە، ئەسڵەن بڕوای نەدەکرد، ئەو نازەنینە دەباوەشی یەکی دیکەدا بێت. بۆی نەدەگونجا کابرایەکی دیکە خاوەنی بێت. ماوەیەك بێ ئەوەی قسەیەکی پکات ڕاما، هەناسەیەکی هەڵکێشا و پشتی دە پێشکار کرد و بەرەو پەنجەرە هات.

ـ قوربان کارت بە من نیە بچم سوارەکان بەرێ کەم؟

هەر بە سەرلەقاندن ئیزنی چوونە دەری دایە، بە سەری قامکی لەرزۆکی بە حاڵ پەردەی لادا، تیرۆژ بە کەلێنی پەردەدا هەشاوڵیان هێنا و خۆیان بە ژوور داکرد، هەتا کورسی چەرمینەکە هاتن و لەوێش بازدیان دا و گەیشتنە سەر فینجانی قاوەکە، حاکم چاوی ڕۆیبوو، لارەبایەك لە دوورەوە گەمەی بە دەسماڵی ئافرەتێکی دەکرد یان لەوانە بوو ئەوەی دە خەیاڵ دا دیبێت.

✧ ✧ ✧

نۆکەر وەك مێرووی پاش باران توندو تۆڵ دەهات و چۆ دابوون، لە گۆشەیەکی حەوشەی گەورە مەنجەڵی مزی گەورە پڕ لە برینج لە ڕیزێکی دا لە سەر ئاورگان داندرا بوون، لە گۆشەیەکی دیکە کەلاکە مەڕ هەڵاوەسرا بوون و شەقار شەقار دەکران، قەننەدار حەوت هەشتێك پێکەوە، بە دوای یەکدا، وەسەر پلیکانان دەکەوتن، هەر کامە قەننەی تەیاری دەبردە بەر دەستی ئاغایەکی، شەربەت و چا کەشەف کەشەف بۆ پێش میوانان دەچوون، میوان ڕیزا و ڕیز لە دیوەکان بە پێی گەورەیی و زۆر و زەبەندی ملك و داهات دانیشتبوون. دەنگی قاقالێدان و قسەکردنیان بەرز ببۆوە، لە ئی زۆر پیر و زۆرهان هەتا لاو و مندالکارەیان تێدا بوو، تێکڕا کۆك و پۆشتە و پاك و خاوێن هاتبوون، کەوا پاتۆڵی خاوێن و نوێ و پشتوێن هەتا بن هەنگڵیان و خەنجەری دەبانیان

دەبەردا، مشتوویان دەسحێبی دەنك گەورە و گران بایی یان دەسرەی سپی پێوە هەڵاوەسرا بوو، دووکەڵی قەننە و سەبیلان دیوەکانیان لێڵ کردبوو و دووکەڵ هەتا میچی خاوێن و سپی و بڵێند هەڵدەچوون، گوزەریان نەدەبوو و دەهاتنەوە خوار، لێك دەهاڵان، قەفیان دەخوارد، لوول دەبوون، مەند ڕاوەدەستان، بە هاتنی نەفەرێکی و کرانەوەی دەرگای گەورە وەك گەواڵە هەورێکی نەرم نەرم دەچوونە دەر.

قازی و برا چکۆڵەکەی هاتنە دارالحکوومە، دانە دانە لە دیوەکان وەژوور دەکەوتن، جەماعەت یەك پێ لە بەریان هەڵدەستان و دەست و مووچیان دەبوون. بۆنی پلاو بە عەتری زیرە و زەعفەران لە سەرتاسەری دارالحکوومە بلاو ببوو و وەسەر شۆڕەی سەربان کەوت و بە کۆلان و گەڕەکی نیزیکیش بلاو بۆوە، ماوەیەك دوایە سفرە ڕاخرا و ڕازانەوە و نان و چێشت داندران، دەمێك بوو دەستیان بە خواردن کردبوو، کە لە حەوشە هەرا هەرا پەیدا بوو، زۆربەی میوانان بە پەنجەرە گەورەکان دا چاویان لە حەوشە کرد، پیاوی حاکم دە یازدەیەك، لە دەور و پشتە سەری فەتاحخانی ڕاوەستا بوون، فەتاحخان ڕەنگ زەرد و لاواز و نەخۆش سەری بەردابۆوە، هەڵاکە دەهات قورس‌تر بێت، میوانەکان لە ژووریَ تێکیان داویشت و ئی‌وا بوو بە سەر سفرەکە دا بازدی دەدا و دەهاتە بەر پەنجەرە:

ـ کوڕە جەلیل چ بووە؟

ـ بابەگیان پێم وابیَ فەتاحخان بێت، هێناویانە.

ـ هەی نەبیَ!

بە پڕتاو لە دیوان ڕا غاریان دا دەر بەپەلە پەل خەریکی دیتنەوەی پێڵاوان بوون، دیوەکان دەسبەجێ چۆل کران و گشتیان ڕژانە حەوشە، فەتاحخان بە چاوی سیس چاوی لیَ دەکردن، لەبەر دەرگای داخراوی دارالحکوومەش هەنگامە ساز ببو و هەرا هەرا دەهات، پێشکار بە ئامازەی دەست بە ئیشکچیانی کوت:

ـ بیکەنەوە.

تایەك کراوە و چوار کوڕ و حەوت پیاوی فەتاحخان قەڵس و تووڕە بە پڕتاو ئەسپیان تاو داو هەتا جەماعەتەکە هاتن، رك و قین لە چاویان وەك ئاور بڵێسەی دەکێشا، دەهات بقەومێت، پیاوی حاکم چل پەنجا نەفەر لە سەر شۆڕەی بانەکان دەست لە سەر پەلە پیتکەی تفەنگان چوو بوون دە چەپەڕەوە، هەرا هەرا و دەنگە دەنگ بەرەبەرە زۆرتر دەبوو، لە پڕ دەنگ کەوت و بێ دەنگێکی سەیر زاڵ بوو، چاوەکان تێگرا وەرسوڕانە سەر هەیوانی تالاری گەورە، حاکم بەسام و هەیبەت، بەرگی تەواو لەبەردا ترووسکە تررووسکی میدالی هەڵاوەسراو بە سینگی لە چاوانی دەدا، سمێڵی باریك و چاوی ڕەشی لەگەڵ بەرگەکانی سەیر جوور دەهاتنەوە، راوەستابوو چاوی لە بەرامبەر بڕیبوو، بۆ ماوەیەکی فزە لە کەس نەهات، دەنگی نزمی قەمچیەکەی کە سەبر سەبر لە قەدی چەکمەی ڕەش و بە بریقەی دەدا تەنیا دەنگێك بوو دەهات، پشتی دە جەماعەت کرد و لە سەر هەیوان لاچوو، سەر لە نوێ دەهات هەڵا و هەنگەمە زۆرتر بێتەوە، پێشکار بە هەڕمە لە پلیکانان هاتە خوار و ڕووی دە سەرۆکی پیاوەکانی حاکم کرد و کوتی:

ـ بە فەرموودەی حاکم لە فەلەکیان دەن.

کوڕانی فەتاحخان بێ ڕامان لە چەخماقی تفەنگانیان دا و بە دوایدا پیاوەکان وایان کرد و هاوزەمان ئێشکچی سەربان و دەوران دەوری حەوشە و بەردەرگا دەست بە تفەنگ بوون، ئاغاکان گورج دەستیان بۆ خەنجەران چوو و لە پڕ بەدەنگی بەرزی قازی هەموو ڕاوەستانەوە:

ـ ڕەحمەتی خوداتان لێ بێت، دەست ڕاگرن: دەچم لەگەڵ حاکم قسان دەکەم با خوێن نەرژێت. بێ ئەوەی چاوەڕێی وڵام بمێنێتەوە بە پڕتاو بە پلیکاناندا وەسەرکەوت، لە حەوشە و سەربان جووڵە لە کەس نەدەهات، تەنیا ئەسپ تاو ناتاوێکی دەیان پڕماند، یان سمیان لە ئەرز دەکوتا، نەختێك لە شوێنی خۆیان دەسووڕان یان پاش و پێشیان دەکرد و سەر و کلکیان دەجووڵاندەوە و ئەوجار بیبلەی چاوی ڕەش و گەورەیان

دەشتێکی دەگرت، چارەگە ساعەتێك پێچوو، دەست و قامك ئارەقەیان کردبوو، هەرکەسە یەکێکی بۆ کوشتن دەنەزەر گرتبوو، حاجی خدر بن پیلی بەدەست دوو پیاوان لەبەر دەرگای زیندان ڕاگیرابوو، دڵی بەتوندی لێدەدا، ئەوجار قازی بە کاوەخۆتر لە پێش هاتەوە حەوشە، بزەیەك لەسەرلێو ڕووی دە ئاغاکان کرد و کوتی:

ـ ئەلحەمدولیلا حاکم چاوپۆشی کرد.

پێشکار لەسەر هەیوان ڕا بە ئاماژەی دەست فەرمانی لاچونی پیاوەکانی لە دەوری فەتاحخاندا.

خەنجەر چوونەوە نێو کالان و قسەوباس کەوتە نێوانیان. سەربازەکان وردە وردە لە چەپەران هاتنەدەرو تفەنگیان دەشانان کردنەوە، کورەکانی فەتاحخان بەپەلە دەوری بابیان گرت و بە ئاسپایی لە ئەسپیان دابەزاندو دە جەغزی خۆیاندا بۆلای یەکێك لە دیوەکانیان برد، قازی بەتەما بوو بچێتەوە ژوور بەدەنگی حاجی خدر ئاوڕی داوە:

ـ قازی گیان بەقوربانت بم ئەدی ئەمن؟

قازی بۆلای چوو، دوو سەربازەکە بن پیلیان بەردا و هەنگاوێك لێی کشانەوە پشتەوە، قازی ئاوڕی لە سەر هەیوان داوە، پێشکار چاوی لێیان بوو بە ئاماژەی سەری ئیزنی ڕزگار بوونی حاجیدا و قازی لەگەڵ خۆی ئەویشی بردە ژوور، حاکم لە تالاری گەورە بەرامبەر بەپەنجەرە ڕاوەستابوو. پێشکار هاتە ژوور لە پەنای ڕاوەستا: قوربان ئەدی بۆ لێیان خۆش بووی؟ بزیکی تالی هاتێ، بێئەوەی ئاوڕی لێداتەوە کوتی: ئەوجوورە بەخشینە بەشێکی زۆرتری هێز دەخۆیدا ڕاگرتۆت. مووی هەوریشمی قەمچی بەسەری دوو قامکی شادە و گەورەدا دەهێنا، ڕەش ڕەش، نەرم، نەرم، بۆنی هەزاران عەتریان دەدا، مووی سەری بووکی خەیاڵ.

✧ ✧ ✧

گۆمی بەردەلانکێ، گۆمی بەردەلانکێ مەندو پێ نەدەر، شینشین، ڕەش ڕەش، شەپور شەپۆر، بەشێك لە ئاسمانی بێکەرانە، جێپێی گەواڵە هەوری سپی دەم بە دەم لە

سەری هەڵدەکەندرێت، حەزیای یەخسیر لە باسکی بەهێزی چیا، گۆمی بەردەلانکێ، بە قووڵایی بیر و خەیاڵی لاو، ئاوات و تاسەی منداڵ، بیرەوەری پیر، فرمێسکی هەژار، بێکەنار و بێسنوور، حەپەسا و لە گێژەدەی گرانە بەردی دڵ ڕەق، گۆمی بەردەلانکێ.

شەنگە بێری بە تریق و هۆڕ هەواڵی نیشانەکرانی ئاسکێیان بە گوێی یەکدا چرپاند، هەرکامە ئەو ڕۆژەی لە خۆی نیزیك دەدیت، بزەیەکی شیرین و ئەویندارانە لە سەر لێویان هات و چۆی بوو، هەستیان دەکرد خۆشی لە وانیش نیزیکە، نەرمەبایەك لە دۆڵ و دەرانان ڕا هات، باڵندەیەکی نادیار بوو باڵی کرد بۆوە، تیژ دەهات خشەخشی هەژگەڵ و گەڵای داران بوونە مووسیقا، کیژێك سەری هەڵبری، سڵەمیەوە، لە دەوروبەری ڕوانی بە غەمزە و ناز چاوی لێکنا، برژانگی گەیشتە یەك، بزەیەك لە سەر لێوی گۆشتنی ئاسکێ وەك گوڵ پشکوت، نیشانەکراوی ڕەسووڵ بوو.

کاری گەڵ کردن و گوێزتەکاندن لە کۆتایی بوو، نواوێ دەهات وردە وردە بەرەو ڕۆژانی و چاندان و حەسانەوە بچێت، هەرچەند کار هەمیشە هەیە، بەڵام بە ڕوالەتیش بێت، کارەکان لە کەمیان دابوو، تفاق داخرابوون، داهات خڕ کرابوونەوە، گەڵ چیوای نەمابوو تەواو بکرێن، چەرچی و کۆتاڵفرۆش زۆرتر لە جاران دەبیندران، پیاوی پیر و بەساڵاچوو لەبەر بەروچکەی مزگەوت هەڵدەکوروشمان.

ئیتر وەختی زەماوەند و هەڵپەرکێ نیزیك ببۆوە، بەرگ و لیباسی خاوێن لە مجریان هاتبوونە دەر و لەبەر دەکران، سەربانی ماڵان گڵەبان کرابوون و هەموو شتێك لە دێی ئال و گۆڕی بە سەردا هاتبوو، ڕۆژانی وەك یەك تەواویان هاتبوو و ڕۆژانی نوێ لەڕێیەدابوون، لەونێوەدا ئاسکێ و ڕەسووڵ لە تەواوی خەڵکی دێی زۆرتر بە کەیف بوون، هەرتك بە ئاوات دەگەیشتن، و ماوەیەکی دی لە باوەشی یەكدا، مام عەزیز تاقمێکی بزن بۆ جل و زێر کڕینی فرۆشتبوو و خێزانیشی ئەوەی بۆ داوەتی پێویست بوو تەداروکی دیبوو، ماڵە ئاسکێیش مجرێ و دەستە نوێن و گیازیان بۆ دانابوو و دایك و خوشکەکانی خەریکی دابینکردنی پێدا ویستەکان بوون. ئاسکێ لە ڕاستی برا و باب و

تەنانەت دایك و خوشکەکانیشی حەولی دەدا هەر وەك پێشوو بێت و هەست بە خۆشێکەی نەکەن، نەکا لۆمەی پکەن، بەڵام لە تەنیاییدا یان لەگەڵ هاواڵەکانی ڕەنگێکی دی بە خۆی دەگرت یەك جێ گەرم دادەهات و ورشەورشی چاوی و بزە و پێکەنین بۆ دەمێکیش بە جێیان نەدەهێشت.

دەنگێك لەنێو دارستانڕا دەهات، گوێی قولاغ دەکرد، دەیناسیەوە، بۆ خۆیەتی، بە پێکەنین و حیلکەحیلك لەگەل هاواڵەکانی بۆلای دێی هەڵدەهاتەوە.

ڕەسووڵ توند و تۆڵتر لە ڕۆژان کاری دەکرد، باسکی بە هێزی، لاقەکانی، هەموو گیانی دەتکوت هێزێکی تازەیان تێدایە، بێ پشوودان و ماندوو بوون،لە نووکی بەیانڕا هەتا نوێژی شەوان کاری دەکرد، بۆئەوەی بابی پێیوانەبێت ئەو خەرجانەی بۆی دەکات بە فیرۆ دەچێت. ئارەقە تەواوی ئازای ئەندامی دەتلیساندەوە، تۆز و غومالی گەڵای داران دەم و چاویان دادەپۆشی، یەکبین کاری دەکرد، وتمانی برای ماندوو دەبوو و لەبن دارێکی دادەنیشت:

ـ ڕەسووڵ وەرە تاوێك پحەسێوە.

جوابی نەدەداوە، چێو لە دوای چێو بەدەمی تیژی داسەکەی دەکەوتنە بەرپێی، قەنارێك، دەنا سەیرەیەك، لەسەر چلۆکی دارێکی ڕا تێی دەچریکاند، دەنگی هەڵدەبڕی و هاوچڕەی دەکردەوە، ئاسکێ خۆی دەماڵیان داویشتەوە.

✧ ✧ ✧

بای پاییز ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەهێزتر دەبوو، گەڵای وەریوی داران و پووش و هەڵاشی کەوتووی بن دیواری ماڵانی وەپێشە خۆدەدا، دەی سووراندن، بە دیوارانی دادەدا، لە پەنا و پەسیوان هەڵی دەپەساردن و بەجێی دەهێشتن، دەچووە سەر لك و پۆی داران، بە نێوانیاندا دەڕویی، خۆی هەڵدەمساند، بەگژیاندا دەهات لك و پۆی ڕاوە دەشاندن و بە زۆر گەڵای لەرزۆك و لاوازی زەردی لە باوەش دەردەکێشان، بازدی دەدا و بە پەنای دیوار و سەربانی ماڵاندا بەرەو چۆمی شینی سابلاغ دەڕۆیی، بە سەر سینگی

دادەخوشی، ئاو دەلەرێوە،سەدان پەپوولە پاییزە و گەڵای وردی زەرد و نارنجی وەڕێ دەکەوتن.

دەرگای ماڵانی قەراغ شار لە سەر گازەرەی پشت ئاوەلە بوون، گوێلك و مانگا بە بۆرە بۆڕ دەهاتنە دەر و لە پێچی کۆڵانان تێکەڵ گاڕان دەبوون، شوان پرێسکە بە سەری گۆچانیان خەواڵوو دەنگیان دەدان و لێیان دەخوڕین، گاڕان لە شاری وەدەرکەوت، دووکەڵ لە کولانچەی سەربانان لە گۆشە و کەناری شار بەرز ببۆوە و بۆنی نان و ئاوردووی سووتاو دەهات، فڕووج و مریشك و کەڵەباب بە قرتە قرت دەهاتنە نێو کۆڵانان و هەر کامە بەپەلە بۆ شوێنێکی دەڕویشتن، دووکاندار و کاسب بە پێ و قۆچاغ لە بن لێویان بیسمیلایان دەکرد و بەرەو بازاڕ دەڕویشتن.

لە دەرگای ماڵێك درا، سێ چوار جار دەرکوتە وە دەرگای تەختە کەوت و لە نێو داڵانە چکۆڵەکە دەنگی داوە، پوور فاتم بە قۆنە قۆن و پرتە و بۆڵە بۆ کردنەوەی چوو، زۆری مابوو بگاتە دەرگا، سەر لەنوێ لە دەرگا دراوە و ناعیلاج هەر لەوێ ڕا هاواری بەرز بۆوە: کێیە؟

کێیە؟ کێیە؟ مەی شکێنن ئەوە هاتم.

چل مێردەی لابرد و تایەکی چکۆڵەی کردەوە، کابرایەکی غەوارەی کەڵەگەت لە پشت دەرگا ڕاوەستا بوو، بێ ئەوەی سڵاوێ پکات کوتی:

ـ ئێرەیە ماڵە پوور فاتمێ؟

پوور فاتم لە نووکی پێیڕا هەتا تەپڵی سەری چاو لێکرد،

ـ ئادی هەوە،کارت بە کێیە؟

ـ کارم بە پوور فاتمێ بۆخۆتی؟

ـ ئادی ئەرێوەڵا بۆخۆمم.

ـ حاکم لە دووی ناردووی بچیە وێ.

ـ حاکم؟!

ـ ئا حاکم، ئەورۆ میوانی بۆ دێت، بۆ قاپشووشتنێ دەبێ بێیە دارالحکوومە.

پوور فاتم واقی وڕمابوو.

ـ ئەمنوو حاکم؟!

ـ خۆت سازکە زوو وەرە.

ـ بە هەرتك چاوان هەرئێستا خۆم سازدەکەم و دێم.

کابرا بێ ئەوەی ماڵئاواییش پکات بەپەلە لە هەورازەکە هەڵکشاوە، هەتا لە گەوەی کۆڵانەکە لێ هالاوە، پوور فاتم هەرواگێژ و وڕ چاوی بە دوایدا ڕۆیبوو، دەیان پرسیاری بێ وڵام لە مێشکیدا سازببو:

بۆ ڕاست لەو هەمۆ خەڵکە لە دووی منی ناردوە؟! بەخودای زۆرم پێسەیرە، بڵێی ئەو کابرایە ڕاست پکات؟ بڵێی گەمەم پێ نەکا؟ وەڵا خۆ وێش نەدەچوو گەمەی پکات. پیاوێکی زۆر وێچوو بوو، هەڵبەت داخوا کێ ئەمنی پێناساندوون؟

لە مێشکیدا لە کەسێکی دەگەڕا باسی وی کردبێت.

بەخودای زۆرم پێسەیرە دەبێ کێبێت؟!

لە پڕ وەبیر حاجی مەجید کەوت: زڕکوڕەکەی، دەشیزانی ئێستا حاجی زۆر هاموشۆی دارالحکوومە دەکات و دەستی دەڕوات. وەك لە پڕ هەموو شتێکی بۆ ڕوون ببێتەوە و زەینی وەخۆ کەوێ بەپەلە پەل دەرگای داخست و بۆلای دیوەکەی چوو، خێرا بووخچەی هێنا گۆڕێ و ئەوشتانەی پێیوابوو پێویستە بیانبات تێوەپێچا، هەرچەند زۆرتر بۆ ئەوەی بوو شتێکی هەر بەدەستەوە بێت، جۆرێك ئەهوەنی دەدرایە، دەنا دەیزانی لە دارالحکوومە کەل و پەلی ئەو بەکاری هیچ نایەت. یان بۆ ئەوەی کە هەست بکات بەڕاستی بۆ کارێکی دەچێت و کاری پێدەکرێت بۆیە دەبێ شتێکی بە نیشانەی کار پێ بێت. دەنگی تەپە تەپی لاقی محەمەدی هاتە گوێی، دوایە جیڕەی دەرگا هات و دیسان حەوشە بێدەنگ بۆوە، دیار بوو محەممەد لە ماڵێ وەدەرکەوتبوو، پوور فاتم بووخچەی لەبن هەنگڵیناو هاتە حەوشە و بانگی خەیاڵی کرد:

ـ خەیاڵ، هۆی خەیاڵ.

خەیاڵ دەرگای دیوەکەیانی کردەوە، دەنگی گریانی کۆرپەکەی دەهات، سڵاوی کرد کوتی:

دەڵێی چی پوور فاتم؟ ئەوە سوارە دەگری بۆیە گوێم لێت نەبوو.

پوور فاتم جوابی سڵاوی داوە و کوتی:

ـ کچم ئەوە حاکم لەدووی ناردووم بچمە دارالحکوومەی، ئاگات لە ماڵێ بێت.

ـ حاکم؟!

ـ ئادی ڕۆڵەگیان.

چاوی تroووسکەیان هات.

ـ گوێتان لێ نەبوو، تاوێك پێش لە دەرگایاندا. ئەوە لە دارالحکوومە ڕا هاتبوون لەدووم.

بۆ کارێ ڕۆڵەگیان. دەیکوت ئەوڕۆ میوانێکی زۆریان هەیە. بوخچەی نەختێك زۆرتر هێنا بەر چاو.

کۆرپەکە بڵێندتر دەگریا و هەموو جار دەنێو زریکەیدا هەنیسکی لێدەدا. خەیاڵ ناعیلاج سەرێکی بردەوە ژوور و بە غاردان چوو و هەڵیگرت و لە باوەشی کرد و هاتەوە بەر دەرگاکە، مناڵەکە نەختێك بێدەنگ بوو. پوور فاتم هەستی کرد زۆر مەحتەل بووە، بەپەلە بۆلای دالانەکە ڕۆیی و کوتی:

ڕۆڵەگیان لەبەر پەلە پەلان پێم نەکرا دیوەکەم خڕکەمەوە. بۆم خڕکەوە.

ـ بەچاوان پوور فاتم، خاتر جەم بە.

ـ سەماوەرەکەش بکوژێنەوە، لە بیرم چوو.

ـ زۆر باشە.

دەرگای کردەوە و ماڵئاوایی کرد و وەدەرکەوت، خەیاڵ مناڵەکەی لە ژوورێ لەبەر دەرگا داناو بەپەلە بە پلیکاناندا هاتە خوار و بە هەڵاتن چوو دەرگای داخست و

چلمێردەی هاویشتە پشتی و خێرا گەڕاوە و سوارەی کە دیسان دەستی بە گریان کردبوو لە باوەش کردەوە و ڕایژاند، ئاخری سەر یەخەی کراسەکەی داکێشا و مەمکی دەزاری ناو چوو پاڵی بە دەستە نوێنەکەیان دا و لەسەر کۆشی داینا، جریوە جریوی پۆلێك چۆلەکە کە لەسەر دارە بووزی حەوشەی مزگەوتێ نیشتبوون لەگەڵ قسەکردنی دوو پیاوان کە بەبەر پەنجەرەی کووچەدا دەڕۆیشتن هات. سوارە مڵچ مڵچ مەمکی دەمژی و چاوی ڕەشە چکۆڵەکانی دەچاوی دایکی بڕیبوو.

✧ ✧ ✧

مجێوری مزگەوت وە سەربان کەوت و دەستی دەبنان گوێی ناو بانگی نێوەڕۆیەی فەرموو، کۆڵان چۆل و هۆل بوو، سێ چوار جاران تەقولباب کرا، سوارە دەنێو لانکەکەیدا خەوی لێکەوتبوو، دەنگی پشووکێشانی نزمی دەهات، بەرماڵێك بە بێشکەکەی دادرابوو، سێ چوار مێشی سڕ لە سەرمای پاییز لەولاو ئەولای نیشتبوون، خەیاڵ بەپەلە بۆ کردنەوەی دەرگا ڕۆیی.

ـ کێیە؟

دەنگی محەممەد هات:

بیکەوە.

چلمێردەی لابرد.

دەرگا کراوە و محەممەد سلاوی کرد:

ـ سلاو.

ـ عەلێکە سەلام، ماندوو نەبی پیاوەکە.

ـ سلامەت بی، بۆخۆت چۆنی؟

ـ چاکم.

خۆیدا کەناریێ و ڕێگای بۆ کردەوە. **محەممەد** وەپێش کەوت و لە دالانەکە تێپەڕین، هەتاو لە چەقی ئاسمان ڕاوەستا بوو و گەرمایەکی خۆش لە حەوشە شان و پیل و دەم و چاوی دادەمالێن.

ـ سوارە نووستوە؟

ـ ئادی، ئیستێکە خەوی لێ کەوتووە.

هاتنە سەر چالاوەکە، خەیاڵ گورج و گۆڵ سەتڵێکی بە پەتەوە ڕایاڵ کردە خواریێ، شڵپەی دەئاو کەوتنی سەتڵەکە هات. **محەممەد** هەڵتروشکا و چاوەڕوانی هەڵێنجانی ئاو و پێداکردنی بە دەستی ماوە، سەتڵەکە وە دیواری چالاوەکە دەکەوت و دەسووڕا و پەتەکەشی لەگەڵ خۆی دەسووڕاند.

**محەممەد** ئاوڕێکی لە دیوی پوور فاتمێ داوە و کوتی:

ـ ئەدی پوور فاتم لەماڵ نیە؟

ـ ناوەڵا، لە بەیانێوە چۆتە دارالحکوومەی.

سەتڵەکە گەیشتە سەر لێواری چالاوەکە و خەیاڵ داهاتەوە و بە دەستی چەپی دەسکەکەی گرت و هێنایە خوار، ئاو چۆڕ چۆڕ لە لێوار و لەشی سەتڵەکە دەڕژا، سەتڵەکەی هەلێنا و **محەممەد** هەرتك دەستی پێکەوە نووساند و لەپی کردەوە:

ـ دارالحکوومە؟!

ـ ئادی.

ئاوەکەی بۆ دە دەست کرد و **محەممەد** خەریکی دەم و چاو شوشتن بوو، وە سەر پلیکانان کەوتن و چوونە دیوەکەی خۆیان، بۆنی نیسکێنە و ڕۆن و پیوازی سوورکراوە و بۆنی تایبەتی دیوەکە دەهات. هەر دیو و هەر جێگایەك بۆنێکی تایبەتی هەیە، تەنانەت هەر شتەی کە لە دەوروبەر بێت، بۆی نامۆ نەبوو، خووی بەو بۆنە گرتبوو، هازە هازی سەماوەری ڕێژی لە گۆشەی دیوەکەڕا دەهات، خەیاڵ خێرا خەریکی ڕاخستنی کەوڵ بوو.

ـ چت لێناوە؟

ـ نیسکێنە.

ـ بەخودای ئیشتیام لێبوو.

ـ ئەورۆ زوو هاتیێوە، نەچوونە دێی؟

ـ ناوەڵا، گوایە چەلێ بەزمەکەیان تێك چۆتەوە.

هاتە سەر سەری سوارە و سەبرێکی بەرماڵەکەی هەڵداوە و چاوی لێکرد، یەك دوو مێش، ترسان و هەڵفرین، بەڵام زۆر زوو بە هەلیان زانی و خۆیان گەیاندە سەر دەم و چاوی مناڵەکە و لە گۆشەی لێوی نیشتن، بە پشتی دەست سەبرێکی تاراندنی و بەرماڵەکەی داداوە:

ـ دەی نەتکوت پوور فاتم بۆ چۆتە دارالحکوومە؟

خەیاڵ بزەیەکی شیرین هاتبوو سەر گۆشەی لێوی، سەری لە قابڵەمە چکۆڵەکە هەڵگرت و چاوی دە مێردەکەی بڕی:

ـ کوڕە بەیانی هەر ئەتۆ وەدەرکەوتی لە دەرگایاندا و دوای دەمێکی دیتم پوور فاتم بانگم دەکا، کوتی:

ئەوە حاکم لە دووی ناردووم پچمەوێ، بۆ کارێ.

ـ ئەرێ پێت سەیر نیە؟!

**محەممەد** بە قوونەخشکە لە کەوڵەکە هاتە پێش و نەختێك خۆی کۆم کردەوە و دەستی بۆ تووری چاككراو درێژ کرد، قاقایەکی کێشا و کوتی:

ـ پێموایە خەڵك ڕاست دەکەن، دەڵێن ئەو حاکمە تەواو نیە.

خەیاڵ پێکەنی و کوتی:

ـ چۆن، لەبەر چی؟

ـ ئەدی زیاد لەو هەمۆ عالەمەی بۆ لەدووی ئەو پیرێژنە قۆتڕەی ناوە، خۆ پوور فاتم بە ناشکوری نەبێ دوو کەسی دەوێت بن پیلی بگرن.

ـ ئایەرۆ کوڕە توخودا چۆن دلّت دێ وای پێ بلّێی. بەخولاّی لە دایکی خۆم بۆم چاکترە.

ـ چاکە خۆ ئەمن نەمکوتوە خەراپە.

خەیالّ قاپێکی پڕ لە چێشت کرد و هەستا هێنای لە پێش مێردەکەی دانا و گەڕاوە لای قابلّەمەکە، هەلّم بەپەلە پەل لە سەر چێشتەکە هەلّدەستا، نان و چایان خوارد و کەولّ و کەل و پەل کۆ کرانەوە. **محەممەد** هەستا سەر پێ و بەرگەکانی بۆ ڕۆینێ ڕێك و پێك کرد، کلاّو و پێچەکەی هەلّگرت و هەر بەپێوە لەسەری بەست، خەیالّ بەرامبەری ڕاوەستابوو.

ـ چمان ناوێت؟

ـ سلاّمەتیت، زوو دێیەوە؟

ـ نازانم.

ـ کوتم لەسەر ڕێی خۆت سەرێکی دووکانی مەلا مەولوودی بدەی، بڕێکی دەرمان لێ وەرگری، پێموایە سوارە بۆغژەی لێ هاتووە.

**محەممەد** ئاوڕێکی لە بێشکەکە داوە.

ـ زۆر چاکە، ئەدی بۆ خۆت چت ناوێ؟

ـ نا.

ـ دەجا ئەمن ڕۆیشتم.

ـ خودات لەگەلّ بێت.

لە پلیکانان هاتە خوار و خەیالّ بەدوایدا بۆ بەرێکردن و داخستنی دەرگا هات.

منالّی بزۆز و هاروهاج هەر لە ئێستاوە دەنگە دەنگ و هەراهەرایان بەرز ببۆوە و خەویان لە چاوی خەلّك دەتاراند. وردە وردە هەتاو لە بلّیندایی ئاسمان هاتبۆ خوار و بۆلای کێوەکانی ڕۆژئاوا وەڕێ کەوتبوو.

پوور فاتم لەگەڵ دوو ئافرەتی دیکە لە گۆشەیەکی حەوشە سەرقاڵی قاب شووشتن بوو، هەرسێك پێکەوە بەرامبەری یەك دانیشتبوون و قسەیان دەکرد، دوو نەفەرەکەی دیکە، مێردەکانیشیان هەر لە دارالحکوومە خەریکی کار بوون، بەیانێ کە پوور فاتمیان دیتبوو چاکیان وەرنەگرت و هێندێك لەگەڵی سارد و سڕ جووڵانەوە، دەتکوت یەکی دیکە هاتووە حەقی ئەوان بخوات، بەڵام وردە وردە لەگەڵی ڕاهاتن و کەوتنە باس و خواسان، بە تایبەت کە پوور فاتم ژنێکی زۆرزان و کارامە بوو و سەری لە هەمووشتێکی دەخورا، هەر ئەورۆ چیهای فێڵ و گزی بۆ خۆشیرینکردن لە لای مێردەکانیان فێر کردبوون، ئیدی بۆلای ئێوارێ وەك دایك و کچانیان لێ هاتبو، یەکیان کە ماڵیان لە ماڵە پوور فاتم نیزیکتر بوو و جارجار بۆ دانیشتن لە بەر دەرگای دراوسێ و ئاشنایان سلاو و چاك و چۆنی لەگەڵ پوور فاتم هەبوو، تەشتە پڕ لە قاپە خاوێنەکانی لەبەر دەست وەلانا و تەشتێکی دیکەی پڕ لە قاپ و قاچاخی پیس کێشا پێش خۆی و کوتی:

ئەرێ پوور فاتم ئەوە کرێگرتەت بۆوایە؟ زۆر سەیرە قەت ناچێتە هیچ کوێ، ئەرێ مێردەکەی دڵپیسە؟

پوور فاتم بەدەستی چرچ و لۆچی دەنێو تەشتی پێش خۆی بێ ئەوەی چاوی لێ پکات لە قاپان گەڕا و گۆشەی یەکیانی گرت و دەریکێشا:

ـ زبێدگیان جا بڵێم چی، بە خولای ئەمیش سەرم سووڕماوە، ئەو ئافرەتە ئاوا جوان و شۆخ، بەخولای دەڵێی مینای بێگەردە، کەس دڵینایە پڕ بە چاوان تماشای بکا، خۆی حەپس کردووە، کچێ نەولا پێم وانیە مێردەکەی دڵپیس بێت، هەر بۆخۆی بەدبەختە و ئاه، دەنا بڵێ هەناوت خەرابێ بۆ نایەدەر؟

ئەوی دیکەیان هەروەك هەمیشە کە چەند ژن پێکەوەبن نەیویست دەو باسەشدا بەشدار نەبێت هەرتك ئانیشکی لەسەر هەرتك ئەژنۆکانی دانا، یەك دوو تنۆك ئاو لەسەری قامکی باریکی تکانەوە.

ـ کێهەی دەڵێن؟

پوو فاتم ڕووی دەوێ کرد و کوتی:

کچێ ئەو کرێگرتەکەی من، نێوی خەیاڵە، ئەوە نیە جارجار دێتە حەمامی سوێر.

ـ ئەها ئەوجار زانیم کێ دەڵێن. ئەوەی کەڵەگەتە چاو برۆ ڕەشەکە،کوڕێکی چکۆڵەشی هەیە.

ـ ئەرێوەڵا خوشکێ راست هەوە.

ڕووی دە ژنەکەی هەوەڵی کردەوە:

بەخودای خوشکم دەنا مێردەکەی زۆریش دڵتەڕە، ئەگەر دێتەوە ماڵێ ئەوە هەر نارە نارێتی، ئەزقەزا یەك دوو چەلیشم لە خۆی پرسیوە، دەڵێم مێردەکەت ناهێڵێ بچێ جێیان ، کوتی:

نەوەڵا فەقیرە" هەربۆخۆم پێم خۆش نییە، پێم خۆشە لە ماڵ و حاڵی خۆم دابم.

بەزۆری جارجار دەیهێنمە بەر دەرگای دادەنیشین.

دیوەکەی لێی دانیشتبوون دەهات تاریکی بەسەردا زاڵ بێت، یەکیان لەسەر جێیەکەی خۆی هەستاو رۆ بوویە تەشتە قاپە خاوێنەکان و بۆلای ئەوجێیەی لەوێیان دادەنان ڕۆیشت.

ـ خوشکێ دەست ببزێون ئەوە بووبە شەو، ئێستا سەت کارمان ماوە.

ئەوجار بۆ دەمێکی کورت بێدەنگ بوون و بەپەلە پەل خەریکی کارەکەیان بوون. حەوشە ئێستاش بەشێکی تیشکی هەتاوی لەسەر مابۆوە، بەڵام ئەو بەشەش بەتەمابوو بە سەر دیوارەکاندا خۆ هەڵکێشێت.

کارەکەیان تەوابوو و هەرسێك هەستانە سەر پێ و پشتیان ڕاست کردەوە. پوور فاتم بوخچەی لەبن هەنلگی نابوو، دووژنەکە وا خەریکی قسەکردن و کۆکردنەوەی شمەکیان بوون، هۆشیان لەوی نەبوو، دەتکوت لە بیریان چۆتەوە پوور فاتمیان لەگەڵە. هاتنە نێو حەوشە، پوور فاتم لە یەکێکی دەگەڕا حیسابەکەی بداتێ، بەڵام نەیدەزانی دەبێ لە کێ

وەرگرێت. بەرامبەری کابرایەکی کز و باڵابەرزی دیت، بەرگێکی خاوێن لەبەردا قیت و قۆز بۆلای دەهات، دڵی خۆش بوو، کابرا گەیشتە پەنایان، دوو ژنەکە بۆ سلاوکردنی وەپێش پوور فاتم کەوتن، پێشکار بە ئاماژەی دەست پێی کوتن بڕۆن. دووژنەکە بەپەلە بەسیلەی دیوارەکەدا ڕۆیشتن، پوور فاتم بە قامکە چرچەکانی بوخچەی توند توند دەکوشی.

ـ فاتم ئەتۆی؟

بەڵێ فاتمی قەرەواشتم.

پێشکار دەستی بۆ باخەڵی چوو و کیفێکی ڕەش و خاوێنی لێ دەرهێنا، پوور فاتم لە خۆشیان چاوی ترووسکەیان هات، پووڵێکی درشتی تازەی لێ دەرکێشا و بۆی ڕاداشت.

ـ هانێ ئەوە ئی کاری ئەوڕۆت.

پوور فاتم گورج دەستی درێژ کرد و لێی وەرگرت.

ـ حەك ماڵت بە ماڵە خولای بێ، لە خولام تەڵەبە خولا سەت ئەوەندەت داتەوە.

لەوەتی ژیابوو قەتی پووڵی وا بە خۆیەوە نەدیبوو، هەر بە هەژاری لە منالێوە هەتا ئێرەی هێنابوو، نەیدەزانی پووڵەکەی چۆن هەڵگرێ، پێی خۆش بوو زوو تاقەتی کات کەس نەیبینێ، بەڵام لەبەر پێشکار نەیدەتوانی، تەنیا زمانی هەروا دەگەڕا:

ـ یاڕەبی بەزیاد بێ.

پێشکار کوتی:

ـ سبەینێش وەرەوە.

ـ هەی بە هەرتك چاوم.

ـ بەڵام ئەو کرێگرتەشت لەگەڵە خۆت بێنە، سبەینێ کارمان زورە.

پوور فاتم کوتی:

ـ بەچاوان پێی دەڵێم ئەویش بێت.

پێشکار پشتی تێکرد و ڕۆیی و پوور فاتم بەپەلە پەل بۆلای دەروازە ڕۆیی.

ماوەیەك دوایە، لە ڕاست دەرگای خۆیان ڕاوەستابوو و لە دەرگای دەدا. هەتاو ئیدی بە یەکجاری خۆی شاردبۆوە.

منالێ هەرا و هوریایان دەو بانگی شێوانەدا گەڕەکە مالێك دەڕۆیی.

خەیالێ دەرگای لێ کردەوە و پوور فاتم دەم بە پێکەنین خۆی بەژوورێ داکرد و دەرگای داخستەوە:

ـ ماندوو نەبی پوورێ.

ـ خودا ڕاوەستاوت کات خەیالێ گیان.

ـ چایەکەم سازە دەخۆیەوە؟

ـ ئۆی بەزیاد بێ، بەخودای ئەوەندەم شت خواردوە نەبێتەوە: نەوەڵا چەلێ دەچمە ژوورێ.

ـ زۆرچاکە سەماوەرەکەشتم بۆ هەلکردووی.

ـ دەستت خۆش بێ خەیالێ گیان.

قوچاخ و بەپێ بەرەوو دیوەکەی ڕۆیی و خەیالێش چۆوە مالێ و حالێ خۆی.

پوور فاتم هەر وەژوور کەوت گورج چوو بۆ خەلوەتی سەرەوەی دیوەکە و دەنێو شمەك و کەل و پەلی سەیر و سەمەرە قودولکێکی دیتەوە و بەپەلە پوولەکەی تێهاویشت و لەبن شمەکان شاردێوە. ئەوجار پشوویەکی توندی کێشا و هاتەوە حەوشە، دەنگە دەنگی منالان هەر دەهات و بانگی مزگەوتیش بەرز ببوو، تیشکی لەرزۆکی دیوی خەیالێ و وان یەك دوو جار ساز بوو و دیسان کووژاوە، خەیالێ هاتە سەر پلیکانان و کوتی:

ئەرێ پوور فاتم گیان نەوتت ماوە نەختێکم دەیەی، ئی ئێمە تەواو بووە، بەخودای لە بیریشم چوو بەو کابرایەی بلێم بکڕێت.

ـ ئا ئا کچم جا چبوو، وەرە مالە خۆتانە.

خەیاڵ چراکەی بەدەستەوە هاتە خوار، سریلە دەستیان بە سرت و خورتان کردبوو و لە دەرێش دەنگی مناڵ و قڕەی بۆق و حەپەی چوارپێیان تێکەڵ ببوو.

قودوی نەوتی بۆ هێناو دای بە دەستی.

ـ خەیاڵ قسەیەکت پێ بڵێم لە لای کەس باسی ناکەی؟

ـ ئایارۆ پوور فاتم، جا ئەمن کەنگێ هێندە بە قسەوباس بووم.

ـ ئەخە دەزانم بۆیە لەلای دەیڵێم. ئەورۆ ئەوەندەم پووڵ وەگیر هێناوە نەبێتەوە، کچێ ئامان جەلیلی کوڕم نەزانێ، دەنا قەت هیچم پێ ناهێڵێت.

ـ نانا، پوورێ گیان، خاتر جەم بە، بەخولاّی لەکن کەس باسی ناکەم.

ـئەرێوەڵڵا خەیاڵ گیان، کابرایەکی کەڵەگەتی جوانچاك دایمێ. بەخولاّی بۆخۆشم پێم سەیرە خودا ئەوەی چۆن بۆ ناردووم!

ـ جا چەندی دایەی پوورێ؟

ـ هێندە زورە نەبێتەوە. کوتیشی سبەینێش بچمەوە، کاریان ماوە، دەیکوت ئەتۆش لەگەڵ خۆم بەرم.

ـ ئەمن؟

ـ ئادی کچی خۆم. کوتی سبەینێ کارمان زورە، کرێگرتەکەشت لەگەڵ خۆت بێنە.

بزەیەکی تاڵ هاتە سەر لێوی خەیاڵ. دەستی دایە چراکەو هەستا سەرپێ، پوور فاتمیش وێرای وی هەستا:

ـ پوور فاتم گیان خۆ بۆخۆت دەزانی ئەمن ناتوانم بێم، پیاوەکەم قایل نیە.

ـ جا بۆ قایل نیە؟ بەخودای بەقەت سالێکی وی پەیدا دەکەی، چش ناکەین، نەختێك قاپ و قاچاخە دەیان شۆین و دێینەوە. بەخولاّی بە زارای حومبەرە گێرێ بڵێم، قوڕاویش دەخواتەوە، بەلاّم ئەمن پێم خۆشە بۆ تۆ بێ.

ـ ماڵت ئاوەدان بێ پوورێگیان، بەلاّم ئەمن پێم ناکرێ، ئەوجار سوارەی چلێ بکەم.

ـ دەی جا لە پشتی دەبەستی و دەیهێنی، لەوێش مەمکی بدەیە.

ـ ئەخر دەزانم محەممەد بەو کارەی قایل نیە.

ـ دەی کچێ لەلای وی هەر دەنگێش مەکە. ئەو چووزانێ، بەیانی دوای وی دەڕۆین و ئێوارێش نەختێك زوو دێینەوە.

ـ ئایارۆ پوور فاتم بەخودای بەقەت دایکی خوم خۆش دەوێی بەلاّم توخولاّ قەت ئەوەم پێ مەلێ.

دەنگە دەنگی محەممەد کە لەبەر دەرگا ڕا چاك و چۆنی لەگەلّ عومبەرە گێڕی دەکرد هاتە گوێیان، خەیالّ بەپەلە کوتی:

ـ با بڕۆم ئەوە هاتەوە. ئێستا چراشم هەلّ نەکردوە.

ـ دەجا کەیفی خۆتە.

پوور فاتم بۆلای دیوەکەی خۆی و خەیالّیش بۆ کردنەوەی دەرگا لە مێردەکەی ڕۆیی.

شەو وەك زەریایەکی ئارام و ئامۆش ڕاوەستابوو بێ پێلّ و شەپۆل.

✧ ✧ ✧

حاجی مەجید قەلّس و تووڕە لەپشت داخلّەی دووکانێ دانیشتبوو، هەرچەند زۆرتر بە ڕوالّەت قەلّس بوو و لە ناخەوە ئەهوەن. وەهابی شاگردی لەبەر دەرگای دووکانێ لەگەلّ سێ مووشتەری تورك قسەی دەکرد، حاجی ڕووی دە جەلیلی برای کە بە پێوە ڕاوەستابوو کرد و کوتی:

ئەخر هەتیوە ئەتۆ کەنگێ ئاقلّ دەبی؟ چەند جارم پێ کوتی دەست لەو کارانە هەلّگرە، بۆ دانامەزرێی؟

بەبەری دەستی لە ڕانی خۆیدا و پشوویەکی توندی کێشا، جەلیل سەری بەردابۆوە و چی نەدەکوت.

ـ چاکە ئێستا ئەلان چت دەوێ؟

ـ بەشە میراتم.

ـ کێ هەبەش؟

ـ بەشی خۆم.

ـ بەشی خۆم، بەشی خۆم. وەڵا دەڵێی بابمان گەنجی قارِوونی هەبووە. ئەگەر مرد لێفە شرِەیەکی نەبوو بیفرۆشم بۆی بدەم بە کفن. هەمووم لە گیرفانی خۆم بۆ خەرج کرد. ئەدی ئەودەمی لە کوێ بووی؟ لە بیرت چۆتەوە بەزەلیلی بەسەر منتدا بەجێ هێشت و لێتدا وەدوای شێخان کەوتی، ئێستا هاتووی بەشت دەوێ؟

ـ کاکەگیان؟

ـ کاکەگیان، کاکە گیانم لێ دامەنێوە. بابمان هیچ عیشای خودای نەبوو، نەکا چاوت لەو نەختە دووکانەیە، تووکی سەرم تێدا سپی بوو، ئێستاش ئاغا بۆتە حازر خۆری بەر سێبەرێ.

جەلیل هات جوابی بداتەوە، حاجی بۆ ئەوەی توورِەیی خۆی زۆرتر نیشان بدات بەسەر وەهابیدا کە هاتبۆ ژوور و خۆی لە میزەکەدا و هێندێکی لەقاندی، گورِاندی.

ـ کوێری هەتیوە خوێری؟

ـ حاجی ئاغا بم بوورە.

ـ برِۆ لاچۆ لە پێش چاوم.

جەلیل دەست پێکردنەوەی قسەکەی پێ گران بوو بەڵام ئیدی چارەی نەبوو، تازەء دەبا هەمووی کوتبا:

ـ کاکەگیان ئەخر بۆخۆت دەزانی ئێستا وەزعم چۆنە، ماڵە ئەوژنەتیوەی خوێنیان دەوێت دەنا دەمکوژن.

حاجی ئەوجار هەناسەیەکی بڵێندی کێشا کە هەم توورِەیی و هەم داخ و کەسەر و هەم برِێکیش رِەزامەندی لەگەڵ بوو:

ـ ئاخ جەلیل چت لێ پکەم؟ بۆیە بابم پێی دەکوتی جەلیلە شێت. ئەخر ئەوە کارە کردووتە؟

بەسەری پیری ژنی بەمێرد هەڵدەگری. هاتبایە ئەو دووکانەی کارت کردبا ئەمنیش حەوجێم بە خەڵکی نەدەبوو، ژنێکی چاکیشم بۆدێنای، ئێستا ئەمن لەو دەم و دەستەیدا بۆت لە کوێ بێنم؟

مەگیم بۆت لە یەکێکی وەرگرم.

جەلیل هەستی دەکرد بە ئامانج گەیوە، قسەکانی ڕەنگی مەراییان پێوە بوو.

ـ کاکەگیان بۆخۆت دەزانی غەیری تۆ کەس شك نابەم، بویە پەنام بۆ هێناوی.

حاجی کوتی:

دانیشە بزانم چدەکەم؟

جەلیل لەسەر کورسیلەیەك دانیشت و سەری بەرداوە. حاجی چوو بوو دە بیرەوە و جارجار بەسیلەی چاو، چاوی لە براکەی دەکرد. ئەوجار هەناسەیەکی چکۆڵەتر لە پێشووی هەڵکێشا و هەرای وەهابی کرد:

ـ وەهاب.

ـ بەڵێ حاج ئاغا.

ـ ئەو کاغەزەی بۆ میرزا حوسێن بەرە، بڵێ حاجی دەیکوت زور مەحتەلم دووسەت تمەنم بۆ بنێرێت.

ـ بەچاوان حاج ئاغا.

کاغەزەکەی کە نووسیبووی بە بنی ئەنگوستیلەکەی مۆر کرد و وەهابی بەرێ کرد، ئەوجار بەپەلە پەل کاغەزێکی دیکەی نووسی و بنی ئەنگوستیلەی لێدا و کوتی:

ـ هەستە وەرە ئەتۆش قامکی پێوەنێ.

جەلیل کە چاوی لە کاغەزەکە بڕیبوو بێ ئەوەی هەستێت کوتی:

ـ کاغەزی چی؟

ـ کاکەگیان کاغەزی ئەوەی دەو ڕۆژەدا دووسەتمەنم پوولێ بە دەستی داوێی.

ـ زۆر باشە کاکەگیان ئیشەڵلا هەر بەو زووانە بۆت دێنمەوە.

حاجی کاغەزەکەی بۆ خوار کردەوە و سەری قامکی پێوەنا و بۆخۆی هەستا لە پشت داخڵەکە هاتە دەر و کوتی:

ـ ئەتۆ دانیشە ئەوە دێمەوە.

ماوەیەك پێچوو جەلیل دەتکوت تازە بۆنی ئەوشتانەی دە دووکاندا بوو بۆی دەهات،سەری سەبر سەبر دەسوڕاند و چاوی لە شمەکان دەکرد.

حاجی هاتەوە ژوور، جەلیل یەك پێ لەبەری هەستا و حاجی چۆوە پشت داخڵەکەو دانیشتەوە:

ـ دەی، ئێستا ئەو ژنە لە کوێیە؟

جەلیل سوور هەڵگەڕا و بزەیەك هاتە سەر لێوی:

ـ لە ماڵە پوور مەنیجم داناوە.

حاجی کوتی:

ئەگەر بەقسەی من دەکەی هەر لەو شارەی بڕۆ. ئەو تایەفە زۆر ڕق ئەستوورن، پەندێکت بەسەر دێنن.

وەهاب بەپەلە هاتەوە ژوور و پووڵەکەی دا بە دەست حاجی. جەلیل بە دیتنی پووڵەکە گەشاوە.

ـ وەڵا بۆخۆشم هەر بەو نیازەم، دەچمە لای محالێ.

حاجی بێ ئەوەی جوابی بداتەوە چوست و چالاك پووڵەکەی بژارد و بەستەی کرد. وەهاب تاو ناتاوێکی چاوی لە جەلیلی دەکرد و چەل چەل لە دەستی حاجی، حاجی سەری هەڵێنا و کوتی:

ـ بۆ ڕاوەستاوی، بڕۆ ئەنبارێ داخە، ڕۆژ درەنگە.

ـ بەچاوان حاج ئاغا.

ڕووی دە جەلیل کرد و کوتی:

ـ هانێ بگرەوە بڕۆ.

جەلیل خێرا هەستا و پووڵەکەی لێ وەرگرت و کاکی ماچ کرد و وەدەرکەوت. بانگی نێوەڕۆیە لە مزگەوتانڕا بەرز بۆوە. دەمێك بوو جەلیل ڕۆیبوو، نێو بازاڕ چۆل ببو و زۆربەی دووکانداران پەڕۆ و پاڵیان بە شمەکان دادابوو، یان شاگردیان بە جێ هێشتبوو و بۆ نانخواردن و حەسانەوە چووبوونەوە ماڵێ. وەهاب گەڕاوە دووکانێ، حاجی داخڵەی بەردەستی کێشا و دووسەت تمەنی لێ دەرهێنا و کوتی:

خێرا ئەو پووڵە بۆ میرزا حوسێنی بەرەوە.

دەیزانی میرزا حوسێن بۆ نانخورادنیش قەت نێوەرۆیان ناچێتەوە. داخڵەکەی داخست و هەستا کەشیدەی سەری ڕێك و پێك کرد و ڕێگای ماڵێی گرتە بەر.

✧ ✧ ✧

شەو هەتا درەنگانێ خەو وە چاوی نەکەوت، شەمێك لەسەر تاقەی گۆشەی دیوە گەورەکە داییسا، لە نێو جێگاکەی زۆری ئەوبەر ئەوبەر کرد بەڵکوو خەوی لێ کەوێت بەڵام فکر و خەیاڵی، خەیاڵ هەموو جار پیلۆیان هەڵدەداوە، چاوەکانی دەقووچاندەوە، ڕوونتر و زیندووتر دەهاتەوە پێش چاوی، دەتکوت جادوو کرابوو، سێحری لێ کردبوو، بۆ دەمێکیش نەیدەتوانی ڕوخساری لە پێش چاوی لابات، جارجار هەستی دەکرد لەخۆڕا وا گیرۆدەی ئافرەتێکی هەژار بۆوە، دەیهەویست بچێتەوە ناو لەشی حاکمایەتی و لە چەنگ ئەو بیرە ڕزگاری بێت، بەڵام هەمووجار ورەی تێك دەشکا، سەر لە نوێ پەیکەری بێوێنەی لە پێش چاوی ساز دەبووە، تامەزرۆی لە ئامێزگرتنی بوو، خۆشەویستی نەبوو، خۆلیا بوو، دەیزانی چەشنێك زاڵ بوون بوو، دەیهەویست پێی بگات، تەنیا بۆ جارێکی یا داخودا چەند جاران و ئیتر هیچ. لێی یەقین بوو لەپاشان لە پێش چاوی دەکەوت بەڵام ئێستا هەمووشتێکی، هەموو بیرێکی لەوی گرێ درابوو، دەبا وەدەستی هێنابا. ئەو حاکم بوو و نەیدەتوانی شکانی خۆی لە هیچ شتێکدا ببینێت، درەنگانێ نەیزانی چونی خەو لێکەوت، ئەگەر وەخەبەر هات تیشکی هەتاوی چێشتانێ وە پەردەی ژوورێ کەوتبوو و هێندێکی ژوور ڕووناك کردبوو. هەوەڵ شتێکی

وەبیری هاتەوە ئەوەبوو ئەورۆ دەبا خەیاڵ هاتبا، بێ ماوەل هەستا، لە تەختەکە هاتە خوار و زەنگی بەر دەستی لێدا، نۆکەرێك بەپەلە تەشت و مەسینەی زێوی بوهێناو دەم و چاوی شووشت، ئەوجار هەر ئەو نۆکەرە گورج خاولێکی خاوێنی بۆ ڕاگرت و دەم و چاوی پێ ویشك کردەوە، یەکی دیکە کەشەفێك پڕ لە خواردەمەنی بۆ هێنا و بۆی لەسەر کورسی تایبەتی نانخواردن دانا و گەڕاوە دەر، ئێستا لە دەرگا وەدەر نەکەوتبوو حاکم کوتی:

بە پێشکاری بڵێ بێتە لام، کارم پێیەتی.

ـ بەچاوان قوربان.

داهاتەوە و کڕنووشی برد و پاشەوپاش گەڕاوە دەر، نۆکەرەکەی هەوەڵێش دوای ڕێك و پێك کردنی تەخت و جێگاوبان ئیزنی خواست و وەدەرکەوت. بە پەلە پەل چەند پارووی نان خوارد و نیوەی فینجانە قاوەکەشی خواردەوە و پاڵی بە پشتی سەندەڵیدا و سیغارێکی لە قودو زێرەکەی دەرکێشا و بە چەخماقێکی جوان و چکۆڵە دایگیرساند،مژێکی توندی لێدا و دووکەڵی رووبە میچی بڵیندی ژوورەکە دەرداوە، خەیاڵ خۆیان لە ئاڵقە ئاڵقەی دووکەڵ گرێ داو ڕۆیشتن، دووکەڵ لێك هاڵا، بوو بە پەیکەرێکی سێحراوی، پەیکەرێکی خەیاڵی لە پێش چاوی دەستی بە سەما کرد، لێك بڵاو بووە، هەرکوتەی بۆ شوێنێکی ڕۆیی، سەر لە نوێ ساز بۆوە، دەتکوت لە پشت پەردەیەکی مژاوی وەدی هات، دەرگا کراوە پەیکەرەکەچرژی دا و تێك ڕووخا.

ـ سەلام قوربان، بەیانەت باش.

ـ سەلام، سپاس.

ـ ئەمرت هەبوو قوربان؟

ـ هات؟

ـ نەخێر قوربان نەهاتووە.

حاکم سوور هەڵگەڕا، هەستی کرد چکۆڵە بوتەوە، بەتووڕەیی کوتی:

- بۆ نەیهێناوە؟
- قوربان دەڵێی پێم کوتوە، لە مێردەکەی دەترسێ.
حاکم دەر هەڵبوو:
- برۆ بیهێنە ئێرە.
- بەچاوان قوربان.

پێشکار بەپەلە پڕووزی وە دەرکەوت،حاکم سیغاری نیوەتەواوی لە ژێر سیغاری بلووریدا کوژاندەوە، بەتووڕەیی هەستا هاتە لای پەنجەرە و لۆیەکی پەردەی ئەستووری هەڵداوە، دەستگیرەی پەنجەرەی گرت و تایەکی کردەوە. هەوای خاوێنی چێشتانی پائییزان فێنك خۆی پێدا دا، سیەکانی پڕ لە هەوا کرد و پشووی دەرداوە، نەختێك ئەهوەن بووەوە، سەری زۆرتر هەڵێنا و لە کۆڵانی ماڵە خەیاڵی ڕوانی، چاوی ڕۆیبوو، نەیزانی چەند وەختە ئاوا ڕاوەستاوە. پێشکار لە پشتە سەری ڕا کوتی:
- قوربان لەبەر دەرگایە، ئیزن دەدەی بێتە ژوور؟
بێ ئەوەی ئاوڕی لێداتەوە کوتی:
بیهێنە ژوور.

بۆخۆشی سەبرێکی گەڕاوە و چۆوە لەسەر سەندەڵیەکەی دانیشتەوە و لاقی هاویشتە سەر لاق. پوور فاتم ڕەنگی بە ڕوویەوە نەمابوو وەك مێوژۆکە دەلەرزی، دیتنی ئەو هەمۆ شتە جوانە و ئەو دەر و دیوارە نەخشدارە و حاکم بەو هەیبەتە زمانی لە گۆ بردبوو، حاکم بێئەوەی قسان بکات هەروا چاوی تێبڕیبوو، پوور فاتم دەتکوت تەواوی قوورسایی دونیا گوشاری بۆ دێنن، دەست و پێی خۆی لێ تێك چوو بوو، نەیدەزانی چۆن ڕاوەستێت یان چیبکات بە تایبەت کە ئیدی بووخچەشی پێ نەبوو قامکەکانی پێوە بخافڵێن، ناعیلاج زوو زوو قورسایی خۆی دەدا بەلاقێکی و دیسان بەپەلە دەیداوە بە لاقەکەی دیکەی، و لێوی بێئەوەی قسەیەکی بکات دەجووڵاندەوە، دەیان هەستی جۆراوجۆر یەك جێ هەشاوڵیان بۆ هێنابوو، ترس، شەرم، مەڕایی، دڵخورتی، حەسرەت،

سەرسوڕمان، تاوانباری، شانداخی لەوەی کە لە نیزیکەوە حاکمی دیتوە نەیدەزانی دەبێ ئاکار و ڕوخساری کێهە لەو هەمۆ هەستە جۆراوجۆرانە بنوێنێت، لە شتێکی، لە قسەیەکی دەگەڕا بەهانای بێت، ناعیلاج ڕووی دە پێشکار کرد بەڵکوو ئەو ڕزگاری کات، پێیوابوو پێشکار لێی نیزیکترە، هەڵبەت لەبەر وەی کە دەرەجەیەك هێزی کەمترە و لەبەر ئەوەی نەختێك لەوی نیزیکترە، بەڵام پێشکار چاوی لێ نەدەکرد،حاکم کوتی:

بۆ نەتهێناوە؟

پوور فاتم ئەگەرچی نەختێکی توورکی دەزانی بەڵام ئێستا بە جارێکی لە بیری چووبووە،هەرچەند دەیزانی مەبەستی چیە، بەڵام لاڵ بوو و تەنیا کارێکی کە دەو کاتەدا لە دەستی دەهات ئەوە بوو کە هیچ نەڵێت، پێشکار بە قەڵسی کوتی:

حاڵی نەبووی دەفەرموێت بۆ نەتهێناوە؟

پوور فاتم بە جارێك خۆی دۆڕاندبوو و دەستە چرچ و لۆچەکانی دەلەرزین، توانای چاو لێکردنی حاکمی نەبوو، هەرچاوی دە پێشکار بڕیبوو و کوتی:

ـ قوربان بە ئیمامی عەلی ئەو هەمۆم حەول لەگەڵیدا، هەر دەڵێ مێردەکەم قایل نییە، ئەوڕۆ بەیانێش هەر پێم کوت، نەهات لەگەڵم.

حاکم سیغارێکی دیکەی داگیرساند، پێشکار کوتی:

ـ مەگیم پێم نەکوتی هەر چۆنێکی بێ بیهێنە.

ـ ئەخر دەبەر ئەو کەوشانەت مرم، چبکەم لەگەڵم نایەت، دەڵێ مێردەکەم قایل نیە، دەنا دەڵێن ئەوە جیرانێکمان هەیە، زۆرلەوە ئازا و توند و تۆڵترە، دەفەرموون هەر ئێستا بچم لەگەڵ خۆمی بێنم. پێشکار گوڕاندی:

گرێگرتەکەت بێنە، هەر ئێستا بڕۆ بەهەر جوورێکی لەگەڵ خۆتی بێنە.

پوور فاتم لەوەی کە لانی کەم، بۆ ماوەیەکیش بێ لەو گوشارە ڕزگاری دەبێت بەپەلە کوتی:

بەهەرتك چاوم، ئەلان دەچمەوە لە دووی، بەخولآی بەزۆریش بێ لەگەڵ خۆمی دێنم.

هات بڕوا حاکم کوتی:

ڕاوەستە.

داخڵەی پێش دەستی کێشا و ملوانکەیەکی زێڕی لێ دەرکێشا و ئاماژەی پێشکاری کرد، پێشکار بەپەلە بۆلای هات.

ـ ئەوەی بدەیە بڵێ حاکم بۆی ناردووی.

پوور فاتم لێی وەرگرت و دە گیرفانی کەوا چڵکنە سەوزەکەی ڕاکرد و وەدەرکەوت، حاکم هاتبۆوە بەر پەنجەرە و لە دوورەوە پوور فاتمی دەدیت کە بە هەڵە داوان بۆلای ماڵیان دەڕۆیی.

پوور فاتم ڕۆژی هەوەڵ سۆسەیەکی لە مەبەستی پێشکار کردبوو بەڵام بڕوای نەدەکرد و ئەوانەی زۆر پێ گەورەتر بوو. پێی وانەبوو ئافرەتێکی ئاسایی بتوانێت سرنجیان ڕاکێشێت، بەڵام ئیدی ئەوجار هێندەی دیکە سەری سوڕمابوو، ئەویش حاکم بۆخۆی زێڕی بۆ بنێرێت. هەستەکان سەر لە نوێ خویان لە ناخێوە شاردبووە، هەستی دیکە زابوون، جورێك ئێرەیی، جورێك تووڕەیی.

سێ چوار پەڵە هەوری بۆر لە رۆژئاوا لە پشت کێوەکان را وەدیار کەوتبوون، لەشیان لە ترۆپکی کێوان دەخست، بەڵام بەشی زۆری ئاسمان کەوی بوو.

بەپەلە پەل لە دەرگای دا، دوای ماوەیەکی خەیاڵ دەرگای لێکردەوە. پێی سەیر بوو بووا زوو هاتۆتەوە.

ـ سەلام پوور فاتم، ئەوە بووا زوو هاتێوە؟!

ـ عەلێکە سەلام.

نەختێك بە ساردی و قەڵسی وەڵامی داوە، خەیاڵ هەستی پێکرد:

ـ چبووە پوور فاتم؟ چقەوماوە؟

پوور فاتم دەرگای داخستەوە و بە هانکە هانك وەپێشی کەوت.

بەشێك لە تیشکی هەتاو خۆیان گەیاندبوو نێو دالآنەکە.

ـ جا چقەوماوە؟ چەندت لەبەر پاڕامەوە وەرە لەگەڵم نەهاتی.

ـ بۆ پوور فاتم چبووە؟! مالّتانە پێم بلّێ.

پوور فاتم دەستی بە گریانێکی قەستی کرد. دەنێو گریانەکەدا قسەی دەکرد.

ـ ئەمن چەند بەدبەختم. یارەبی کەس بەدبەخت نەبێ.

ـ ئەخر باشە بۆ دەگری پوورێ گیان؟ توخودا پێم بلّێ چبووە؟

ـ ئەخر چت پێ بلّێم؟ بەخولاّی حاکم هێندەم لێ قەلّسە نەبێتەوە.

ـ لەبەر چی؟

ـ چۆن لەبەر چی؟ لەبەر تۆ.

ـ لەبەر من؟

ـ ئەرێوەلاّ لەبەر تۆ، دەیان کوت:

پشووی بە توندی دەکێشا، پالّی بە دیواری لای خەیالّ و واندا و دانیشت و سەری بۆلایەکی ملی لارکردەوە.

ـ دەیان کوت چی؟

دەیان کوت پێمان کوتوی ئەویش بێنە، بۆ نەتهێناوە.

دەستی بە گریانێکی نزم کردەوە.

ـ توخودا مەگری پوورێ گیان، دەیجا پێت کوتبان بۆخۆی نەهاتووە ئەتۆ بلّێی چی؟

ـ ئەخر ڕۆلّە گیان ئەوانە خۆ ئەمن و ئەتۆ نین، ئەوانە حاکمن، کاربەدەستن، ئەگەر شتێکیان کوت هەر ئەوەیە. ئەخر کچی خۆم بۆ لەگەلّم نایەی ئەو هەمۆ پوولّەشمان دەدەنێ.

بە دەستی دا نووسا و دەستی بە پاڕانەوە کرد: هەستە خەیالّ گیان توسەری ئەو ئەولادەت، تۆسەری سوارەی قسەم مەشکێنە. هەستە وەرە لەگەلّم.

خەیاڵ واقی وڕمابوو، ئەوهەمۆ تکاو ڕجا و ئیسرارە بۆ چی بوو. هەستی کرد دەبێ شتێکی دی بێت، بەڵام بیری بۆ هیچ شتێك نەدەچوو، بۆی نەدەچووە سەر یەك، جا خۆ ئەوان پەکیان لەسەر ئەوەی نەکەوتوە بچێ قاپیان بۆ بشوات.

قسەی نەدەکرد و هەروا چوو بوو دە بیرەوە، پوور فاتم یەکبین سوێندی دادەدا و لەبەری دەپاڕاوە:

خەیاڵ گیان تۆ ئەو خودایەی قسەم مەشکێنە، هەستە خۆت سازکە ئەوڕۆ لەگەڵم وەرە، بەخودای ناهێڵم مێردەکەشت بزانێ.

خەیاڵ دەبیری دۆزینەوەی هۆی ئەو پێداگرتنە بوو. لە پڕ دەستی لەلای لێوی چرچی پوور فاتمی کشاندەوە پشتەوە و کوتی:

ـ پووریێگیان سوێندم دامەدە بەخودای ناتوانم سەعاتێکیش لەگەڵت بێم، یەکی دیکە بەرە.

پوور فاتم ئێستاش هەر بە حاڵەتی گریان و پاڕانەوە وڵامی داوە:

ـ ئەخر هەر ئەتۆیان دەوێت.

خەیاڵ ترسێك دایگرت.

ـ بۆ جا هەر ئەمن، ئەمنیان لە کوێ دیوە؟

ـ نازانم لە کوێیان دیوی، بەڵام حاکم بۆخۆی بانگی کردم.

ئەوجار دەستی دە باخەڵی کەواکەی ڕۆ کرد و ملوانکەکەی دەرکێشا و کوتی:

ـ ئەوەشی بۆ تۆ ناردوە.

لەبەر سەر سوڕماوی خەیاڵ بزەیەکی هاتە سەر لێو، پوور فاتم وەیزانی لە خۆشی ئەو زێڕەیە:

ـ هانێ.

دەستی بۆلای درێژ کرد، خەیاڵ دەستی کشاندەوە پشتەوە و کوتی:

ـ نامهەوێ، ئەمن زێڕی وانم ناوێ، خۆ مێردی من نیە زێڕم بۆ بکڕێ.

پوور فاتم مابۆوە چبڵێت؟

بەزۆری ملوانەکەی دە دەست ناو کوتی: کچێ هەڵیگرە چۆن وەری ناگری؟

خەیاڵ نێوچاوانی تێك نا، برۆکانی وەك ژێیکەمان وێك هاتن، بە توندی لێی کشاوە پشتەوە و زێڕەکەی بۆ فڕێداوە و بەپەلە بۆلای پلیکانەکانی دیوی خۆی ڕۆیی: ئەوەیان بۆ بەرەوە بڵێ بیدەن بە یەکی دیکە ئەمن لەو ژنانە نیم دەرگای دیوەکەی بە توندی داخست، سوارە بە دەنگی دەرگا وەخەبەر هات و دەستی بە گریانێکی توند کرد، پوور فاتم بە جوێندان و پرتە و بۆڵە زێڕەکەی لە ئەرز هەڵگرتەوە و لە گیرفانی خستەوە و لە ماڵ وەدەرکەوت و بەرەو دارالحکوومە رێی داگرت.

✧ ✧ ✧

شەو ڕەش و بەش، تاریکی زەریایەکی بێکەران، هەزاران داری لێڕ بێ هەست و خوست، ئاسمان مەکۆی هەوری ڕەش و بە بارشتە، زرم و هوڕی ڕەشە سواران، کۆتەڵی شەویان ڕاچڵەکاند، دەڵێی کێو گرمژنی کردوە، زیلە و زەنا لە چوار لای دێی ساز بوو، باڕە و بۆڕەی وڵاخ و حیلەی بەسامی ئەسپی تاودراو، حەپەی چوارپێی دڕ، هەڵا هەڵا و هەرا هەرای خەڵك لە سەرتاسەری نوواوێ پەیدا بوو، فانووس و لەنتەر و مەشخەڵ بەپەلە پەل هەڵاییسان، لەشی شەو هەڵبڕ هەڵبڕ کرا، هۆ هۆی سواران و نریخە نریخ و حیلەی بەرزی ئەسپان، هاواری بڕێو و تاڵان بوو، کەس نەیدەزانی ئەو ڕەشە سوارانە کێن؟ لە کوێڕا هاتوون؟ کاس و گێژ و ترساو لە ماڵان دەردەپەڕین، چاو لە تاریکیدا بڕی نەدەکرد، لە کەمەندی داقەتیس دەمانەوە، مەشخەڵ و فانووس بەدەست لە لایەك بۆ لایەك هەڵدەهاتن. سەدان تاپۆ و سەهوێر دەهاتنە بەرچاو، ئاور چاوی گورگان بوون دەترووسکانەوە، شریخ و هۆڕی تفەنگان و نەعرەی بڵیندی سوارەکان خەڵکیان بە جارێك شپرزە کرد، شین و شەپۆڕ لە گۆشە و کەناری دێی پەرەی سەند، زریکەی ژن و کۆرپان پیاوانیان بۆ خۆبەکوشتدان هان دەدا، بڵێسەی ئاگر لە سووچێکی بەرز بوو، دەوروبەری ئەو شوێنە بەرە بەرە زۆرتر ڕووناك دەبوو، شەو با لە خەو هەستا، بە

هەڕەمە بەنێو شێو و خڕاندا بازدی دا، بە پەنا دار و دەوەنان دا تیژهات، گەیشتە نێو دێی، ئامێزی بە ئاگرداگرتو باوەشی لێ پڕ کرد و فڕاندی، ماڵ بە ماڵ ئاور دەڕۆیی، شریخەی تفەنگان و بریسکە بریسکی چەکان هەواڵدەری مەرگ و سووتان بوو، فەقێ ڕەسووڵ دڵی وەك دەهۆڵ دەیکوتا لەگەڵ وتمانی برای غاریان دەدا، مشتووی دار دەستی ئەستووریان دەکوشی و چاوەڕوانی دیتنی دووژمن، سوارێك بەرامبەریان دەهات، کڵپەی ئاگری ماڵێکی دەمێك دەم و چاوی هەڵبەستراوی وەدیار خست، فەقێ ڕەسووڵ خۆی دا کەنار دیوارێکی، سوار وەك تیر دەهات، یەك جێ فەقێ سینگی نیشانە گرت و گۆپاڵی لێ ڕاکێشا، نرکە و هاواری سوار بەرز بۆوە و لەسەر پشتی ئەسپ گلار بوو، ئەسپ حیلاندی ودەرپەڕی و لە تاریکیدا خۆی ون کرد. فەقێ و وتمان بەپەلە هاتنە سەری، بەتەما بوو هەستێتەوە سەرپێ، فەقێ بە شەپ لە سەری ڕاکێشا و بە جارێکی خستی:

کاکە ئەتۆ لە سەری ڕاوەستە مەهێڵە هەستێت، ئەمن دەڕۆم.

بە غاردان بۆلای ماڵەکانی نیزیك کانی سووری غاریدا. نیسێی جەماعەت و مالاَت تێکەڵ ببوو. کەس کەسی نەدەناسێوە، نیسێ کورت و درێژ دەبوون، تێکەڵی تاریکی دەبوون و بزر دەبوون و سەر لە نوێ لە شوێنێکی دی وەدی دەهاتنەوە. شەڕ و هەلاَ پەرەی سەندبوو و زیقە و هاواری ژن و منالاَن سەریان لە پیاوی دێی شێواندبوو، کەس نەیدەزانی چبکات و پەنا بو کوێ بەرێت، بۆ چڕوکز و چەقە دووکەڵ چاو و لووتی جەماعەتی تیژ کردبوو و پشووکێشانیان چەتوون و دژوار، لە پڕ قرچە قرچی ئالۆداران دەهات و قرمەی شکانی کاریتان و ڕووخانی دیوار و میچی ماڵێك یان هۆڵێکی و ئەوجار تەپ و تۆز و دومان هێندەی دی ولاَتی شپرزە و لێڵ دەکرد، فەقێ دوور و نیزیکی ماڵە ئاسکێ ببوو، ڕمب و هۆڕی سواران و هۆهۆیان لە کەمێی دابوو وادیار بوو لەدێی وەدەر دەکەون، لە بەر تیشکی ئاگری ماڵێکی پەیکەری ژنێك تاوێك وەدی هات بە قژ ڕنین و خۆپچڕینەوە دەهات و دەی قیژاند. فەقێ ڕەسووڵ بە هەلاَتن بۆلای چوو تەواوی ئازای ئەندامی نوقمی ئارەقە و تۆز و خۆڵ بوو، دەنگی ناسێوە بە پڕتاو

خۆی گەیاندە لای و پێشی پێگرت. ژنە پڕ بە گەروو دەی زریکاند و بە چەپۆکان بە سەر و سەکتی خۆی دادەدا و هۆشی لە کەس نەمابوو. فەقێ تەواوی لەشی دەلەریوە، نەیدەزانی چبکات یان چونی پێش پێ بگرێت، بە پەلە پەل ئاورِی لەولاو ئەولای خۆی داوە. ژن و پیاو و منالێ سەرلێ شێواو بۆ هەموو لایەکی غاریان دەدا و بۆ دەمێکی کورت نیسیێیان تێکەڵ یەك دەبوو و دیسان لێك جیا دەبوونەوە.

توند باسکی گرت و ڕایتلەکاند و بەسەری دا گوڕاند.

ـ پوور زبێد چبووە؟ چوو لێ قەوماوە؟

پوور زبێد دەنگی ناسیوە، هەتا هێزی هەبوو زریکاندی و خۆی لەچەنگی پچڕێوە.

ـ قوڕم وەسەری بوو ڕەسووڵ گیان، حەسەنیان کوشت، ماڵم وێران بوو ئاسکێیان برد.

فەقێ قیژاندی. سەری لە گێژەوە هات، وشەکان دەتکوت کوتکی ئاسن بوون وێی کەوتبوون، حەپەسا، دونیا لە سەر سەری دەسووڕا، وڵات تاریك و بەسام، لە سەر ڕێی، هەڵدێرێکی بێبن، بەسەر تێکەوت، ئەژنۆی لەرزین و نووشتانەوە، لە حاستە خۆ کەوتە سەر چۆك، قرچە قرچی ئاڵوودار و گرف و هۆڕی ئاور تەنیا شتێك بوو دەهاتە گوێی. ئاسکێیان برد، لەگەڵ دونیا، لەگەڵ سروشت، لەگەڵ ئاسکێ کێوێکی بڵێند و ڕەش کەوتبووە نێوانیان. لە پڕ وەك سکڵی پێوەنێن دەرپەڕی. بێ ئەوەی ئاگای لە خوی بێت بۆلای ماڵە خۆیان غاریدا، لەسەر ڕێگا وتمان هاتە سەر ڕێی.

ـ ڕەسووڵ، ڕەسووڵ،کوڕە چبووە؟ بۆ کوێ هەڵدێی؟

بەڵام نەیدەبیست. نەیدەدیت، گەیشتە ماڵ و یەکسەر غاری دا نێو تەویلە و ئەسپی دەرکێشا، بێ زینکردن خۆی هاویشتە سەر پشتی. دایکی خۆی گەیاندە لای و بە لاقیدا نووسا.

ـ ڕەسووڵ چدەکەی؟ بۆ کوێ دەڕۆی؟ چبووە؟

ئەسپ دەرپەڕی، تیرێکی تیژ بوو هاوێژرا نێو جەرگی شەو. میچی شەو بە ئاوری ڕۆژ تێکڕما، ڕووناکی گوڵێك بوو لە دوندی چیای هەڵۆگیر ڕسکا بوو، دەم بە دەم هەراش دەبوو، پشکوت و عەتر و ڕەنگی هەتا ئاسۆ ڕۆیی. دووکەڵ ئێستاش لە تاقمێك ماڵ بەرز دەبوو، ناڵە ناڵی بریندار و لێ قەوماوان نەبڕابۆوە، ماڵاتی بەرەڵا لە گۆشە و کەناری لێر بڵاو ببوون، یان لە دەرك و بانان گێژ و وڕ دەخولانەوە، لووتیان لە دار و دیوار دەخست و دەیان بۆڕاند، چوارپێی ماندوو لە حەپە حەپی زۆر لە پەنا دیواران بە بێوازی چاویان لە خەڵك و شمەکان دەکرد، کەڵەشێری ترساو لەو هەمۆ قیژ و قاژە تەنیایەك دوو چەلیان بانگدا و بێدەنگ بوونەوە، بارانێك نمنم دەستی پێکرد، لە دووریێ ڕا سوارێك سەبر سەبر بەرەو دێی دەهات، ئەوانەی زۆریان زەرەر و ئازار نەدیبوو چاویان تێ‌بڕیبوو.

سوار و ئەسپ هەرتك ماندوو و هیلاك دەیان نواند. سوارەکە سەری بەردابووە. فەقێ تێك شکاو بە دەهاتەوە، دە ماوەی چەند ساعەتان تێك ڕووخابوو، ئەسپ قورس و گران هەنگاوی هەڵدێناوە، هەرتك دەتکوت لەبەرد سازکراون، پەیکەرێکی بەردین بوون دەهاتن، بێ ئەوەی لە حاست پوور زبێد کە ئێستاش لەگەڵ منداڵەکانی لەسەر تەرمی مێردەکەی لە خۆیان دەدا ڕاوەستێت یان چاو لە کەس بکات یەکسەر بەرەو ماڵیان ڕۆیی.

✧ ✧ ✧

پوور فاتم بە دڵخورتی چۆوە دارالحکومە، قورسایی ملوانەکە زێڕەکەی لە نێو گیرفان هەست دەکرد، نەیدەزانی چی پێدەڵێن یان دەبێ چبڵێت، بیر و هزرەکانی بۆ ڕێك و پێك نەدەکرا، تێ‌مابوو، گیری کردبوو، هەر لە ئێستاوە قورسایی چاوی حاکم و پێشکاری لەسەر شانی هەست پێدەکرد، بێ ئەوەی بزانێت، بۆ، خۆی بە تاوانبار دەزانی، لە پڕ ڕوخساری خەیاڵ دەهاتە پێش چاوی و رك و قین هوروژمیان بو دێنا.

ـ دێڵە بەبا، چونت کردمە مەخسەرەی خۆت.

هەر هەنگاوێکی کە نیزیك دەبوو زۆرتر ترس هەڵیدەگرت، وەك شتێکی دەتکوت ئەرکێکی وەئەستۆ گرتبوو و نەیتوانیبوو بە جێی بێنێت، ئەویش لە حاست حاکم، وای دێنا پێش چاوی خۆی، خەیاڵ شان بە شانێتی و بە خۆشی دەڕۆن. بەڵام زۆر زوو لەو خەیاڵە دەهاتە دەر، خەیاڵی لەگەڵ نەبوو. کۆڵان چۆل و هۆل بوو و تەنیا سێ چوار کچۆڵە لە دەوری یەك دانیشتبوون و بە نەختە توویەك و سێ چوار دەنکە سوونجوو خەریکی میوان میوانێنێ بوون. دیواری بڵیندی دارالحکوومە لێی وەدیار کەوتن و دوو ئێشکچی تووڕە، یانی ئەو وای هەست پێکرد، بە سەر شۆڕی دەتکوت ئەوانیش دەزانن تاوانبارە بە پەنایان دا ڕۆیی و سلاوی کرد، حەوشەی گەورە چۆل بوو، سەری هەڵێنا و دە پەنجەرەی حاکمی ڕوانی، هەستی کرد بە حاڵ پەردەکە جووڵاوە. نەیدەزانی دەبێ بچێتە کوێ پێشتر یەکسەر دەچوو بۆ ئەودیوی قاپ و قاچاخیان لێ دەشوشت بەڵام ئێستا دەیزانی بۆ قاپ شوشتنێ نەهاتووە. هەنگاوەکانی سەبرتر کرد، ئەو دۆخە زۆری نەکێشا و پێشکار بە تووڕەیی لە سەر هەیوان ڕا بانگی کرد، پوور فاتم بەپەلە بۆلای چوو، هانکە هانکی لەسەر پلیکانان دەبیسرا و زۆرتریشی کرد بوو بۆ نیشاندانی پیربوونی. پێشکار بێ ئەوەی جوابی سلاوی بداتەوە، بە تووڕەیی کوتی:

ئەدی کوا؟

ـ بەقوربانت بم چبکەم؟ بەخودای ئەو ژنەتیوە دەڵێی شەیتان چووە دە کەلێچەیەوە. لەگەڵم نەهات.بەپەلە دەستی بۆ باخەڵی برد هەتا ملوانەکەی دەربێنێت.

ـ چۆن نەهات؟ مەگیم حاکم پێی نەکوتی بەهەر چۆنێکی بیهێنە؟

پوور فاتم ملوانکەکەی سەبرێکی بۆلای درێژ کرد و کوتی:

بەوخودایەی لە ژوور سەری هەمووسانە ئەو هەمۆی لەبەر پاڕامەوە، ئەختوچارم کرد نەهات، لەبەر ئەو مێردە سەگەی ناوێرێت.

پێشکار بە تووندی دەستی بۆ ملوانکەکە درێژ کرد و لێی وەرگرت و کوتی:

کارمان بەوەی نەداوە خودا شاهیدە سپەینێ بەیانی لەگەڵ خۆتی نەهێنی ئەوەی خەراپە لەگەڵتان دەکەین، بڕۆ پێی بڵێ، بۆخۆی دێت چاکە دەنا بە زۆر دەیهێنین و مێردەکەشی دەکووژین.بڕۆ یاڵا.

پشتی دە پوور فاتم کرد و گەڕاوە سەرێ.

پوور فاتم بەپەلە لە دارالحکوومە هاتە دەر و بە کۆڵانە تەسك و باریکەکاندا ڕێی ماڵە سەیدێکی نوشتوونووسی گرتە بەر، لە دەرگای‌دا و چاوە نوار ماوە، ئەوسەر ئەوسەری کۆڵانی چاو لێکرد. دوو پیاو دەهاتن ڕووی سووڕاندەوە لای دەرگا و چارشێوە کۆنەکەی تەواو لەخۆی هاڵاند تەنیا چاو و کەپۆی بەدیارەوە بوو، ژنێك دەرگای لێکردەوە و سڵاوی کرد.

ـ ئاغا سەید لەماڵە؟

ـ ئادی فەرموو وەرە ژوور.

وەپێش ژنە کەوت و چۆ ژوور. سێ پلیکان وەسەر کەوت و لە پشت دەرگای گاڵە دراو ڕاوەستا، لە دەرگای داو چاوەنواری ئیزنی سەیدی.

دەنگی سەید بەرزبوو.

ـ فەرموو ژوور.

وەژوور کەوت و سڵاوی کرد.

ـ سەلام.

ـ عەلەیکە سەلام و ڕەحمەتوڵا. دانیشە بزانم چکارت هەیە؟

بۆنی سەیر لە ژوورەکە دەهات. پوور فاتم نەختێك چارشێوەکەی لادا و لەبەر دەرگا دانیشت.

ـ بەقوربانی ئەو جەدەت بم سەیدگیان، هاتووم بۆ نووشتەی.

سەید پاڵی بەدەستە نوێنێکی دابوو، کتێبێکی کۆنی وەرەق گەورەی لە پێش دەست بوو، ڕدێنی پان و خەنە لێداوی هەیبەتێکی سەیری دابوویە.

ـ بۆچیته دایکم؟

ـ سەیدگیان بۆ ئافرەتێکی، دڵی نەرم کە بە قسەمکات.

ـ نێوی چیە؟

ـ خەیاڵ.

ـ نێوی بابی چیە؟

ـ خۆ نازانم بەسەرت.

ـ ئەدی مێردەکەی نێوی چیە؟

ـ محەمەد.

سەید دەستی بە ئەرز گرت و لەسەر دۆشەگەڵەکەی هەستا و چوو لە دیوێکی چکۆڵە کە پەردەیەکی ڕەشی کۆن جیای کردبووە نەختێکی شتی سەیر و سەمەرە دەرهێنا و هاتەوە ژوور دانیشتەوە. پوور فاتم لەبەری هەستا.

ـ دانیشە دایکم.

حەوشە بێدەنگ و هەرا بوو، پوور فاتم چاوی لەگەڵ قامکی قەڵەوی سەید دەسووڕاند.

ـ بەڵام بەقوربانی ئەو کەوشانەت بم وام بۆ بنووسە زمانی لە حاست من نەگەڕێت.

سەید کاغەزێکی چکۆڵەی نووشتاندەوە و چەند قەدی کرد و کوتی:

ـ ئەوەی بۆ دە ئاوێ کە یان دە چای، بیخواتەوە.

ـ دەزانم سەیدگیان.

ـ بڕۆ خاترجەم بە وام بۆ نووسیوی لە قسەت دەرنەچێت.

ـ هەی بە قوربانت بم.

ـ بەڵام نابێ کەس بیکاتەوە، بکرێتەوە بەتاڵ دەبێ.

ـ دەزانم، دەزانم.

پوور فاتم لە گیرفانی کەواکەی پوولّی دەرهێنا و لەبن دۆشەگەلّەکەی خست و بەپەلە نووشتەی دەگیرفانی ناو وەدەرکەوت. لە کۆلّانەکەیان سێ چوار منالّ کە هەروا لە دەوری یەك دانیشتبوون خەریکی میوان میوانێکەیان بوون. پوور فاتم لە دەرگای داو خەیالّ بەپەلە هات کردێوە. دەو ماوەیەدا دەیان بیر و هەرزی جۆراوجۆر هوروژمیان بۆ هێنابوو، لە پشت دەرگا دلّی بە توندی لێیدەدا، دەرگای کردەوە. پوور فاتم بە قەلّسی سلاّوی کرد و بەپەنایدا تێپەڕی، خەیالّ دەیهەویست بزانێت چیان پێکوتوە، بەلاّم نەیدەتوانی لێی بپرسێت. دەتکوت تاوانبارە، سەری بەرداوە و بە دوایدا لە دالاّنەکە تێپەڕی و سەبرێکی بۆلای دیوی خۆیان ڕۆیی، بەتەمابوو بۆخۆی قسەو کردەوەی حاکم بێنێتە پێش چاو.

بلّێی چیان کوتبێت؟ ئەدی بۆ زۆر تووڕە نەبوو؟

خەریکی خاوێن کردنەوەی نێو مالّ بوو، بەلاّم بە جوورێك دەیهەویست جارێکی دی پوور فاتم ببینێت و ئەوجار جوانتری تێ بڕوانێت بەلّکوو بۆی دەرکەوێت. بە بیانووی پەڕۆهەلّخستنی سوارەی هاتە حەوشە، پوور فاتم لە دیوەکەی خۆی هاتە دەر، هەروا ناکۆك بوو، بە جوورێك خەیالّ دەیهەویست بیدوێنێ، لە قسەیەکی، لە شتێکی بیکاتە بیانوو. وەبیری هاتەوە دوای پوور فاتم جەلیلی کوڕی و ژنێك هاتبوون. هات پێی بلّێ بەلاّم زوو پەژیوان بۆوە، نەیویست لە توند و تیژی قسەی بەیانێ کەم کاتەوە، نەکا پوور فاتم واهەست بکا پەژیوانە. خۆی ڕاگرت و دوو کوتە پەڕۆکەی هەلاّوەسی و ویستی بگەڕێتەوە ژوور. پوور فاتم بۆخۆی وەقسە هات.

ـ کەس نەهات؟

خەیالّ ئاوڕی لێداوە.

ـ بەدی کاك جەلیلی کوڕت هاتبوو، کاری پێت بوو، کوتم لە مالّ نیە گەڕاوە.ژنێکیشی لەگەلّ بوو. پوور فاتم لەخۆڕا دەستی بە گریان کرد و سەبرێکی پالّی

بە دەرگایەکەی کۆن کە بە دیوارێکی هەڵپەساردرابوو داو دانیشت. هەرتك هەر چاوەڕوانی ئەو هەلە بوون. خەیاڵ بۆلای چوو و لە پەنای هەڵترووشکا.

ـ ئەخر پووریێ گیان بۆ دەگری؟ چبۆە مەگیم؟

ـ هەر لێم گەرێ بۆ بەدبەختی خۆم دەگریم، لەوەتی چاوم کردۆتەوە نەحەساومەوە، بەناشکووری نەبێت لە لای ئەو خودایەی هەردەبێ چاوم بەگریان بێت.

ـ توخودا پووریێ گیان مەگری، خۆت نارەحەت مەکە.

ـ ئەوەتا ئەوە لە بەختی ڕەشم خەڵك ئەولادی کوڕی هەیە لەبەری دەحەسێتەوە، ئەوەش ئی من. بە زەلیلی بەجێی هێشتووم، وەدوای قوونی ژنەتیوێکی بەڕەڵڵا کەوتوە، ئەخر بۆیە مێرد و ئەولاد هیچ نین، وەفایان بۆ کەس نییە. دە ساڵان بە هەوێساری گوزەراندم و ئاخریش بابە گۆڕبەگۆڕەکەی وەدیوی دەرێینام، قوونیچکی چاوی بە حاڵ تەڕ بوون.

ـ هەربە چارەڕەشی و لە قوون دەرکان گەورەم کرد.

فینگەفینگی بڵێند بوو، خەیاڵ دەستی گرت و کوتی:

هەستە توخودا مەگری، دەچینە دیوی ئێمە، ئەورۆ **محەمەد** نایەتەوە، شۆربا و باینجانێکی جوانم لێناوە، هەستە دەی.

ـ نایەم، بەخولای نایەم.

دەنگی دەلەراندەوە و گریان و پێخۆشبوونی لێ دیار بوو.

ـ بەخولای دێی، خەسار دەبێ، ئەو هەمۆم لێناوە.

دەستی ڕاکێشاو پوور فاتم سەبرێکی پشتی لەدەرگا کردەوە و لەگەڵی ڕۆیی. وەلای ژوورێی خست و گورج چای لە پێش دانا و دەستیان بە قسان کرد. پوور فاتم لە هەلێکی دەگەڕا نووشتەی بۆ دە چای پکات. خەیاڵ گورج و گۆڵ دەهات و دەچوو. پوور فاتم نەقەیەکی کرد و بەتەما بوو هەستێت.

ـ ئەوە چدەکەی پووریێ؟

ـ ڕۆڵەگیان پێم وایە سەماوەرەکەم داییسێت،کوتم بچم بیکووژێنمەوە.

ـ دانیشە ئەتۆ ناتوانی. ئەمن دەچم.

گورج لە ژوور وەدەر کەوت. پوور فاتم بە پەنجەرەدا چاوی لێکرد، خەیاڵ شۆخ و شەنگ و خان و مان پشتی دەوی بوو، پوور فاتم نووشتەی لە گیرفانی دەرهێنا و سێ چوار جاران دەچایەکەی هەڵکێشا. تلّتە چا وەسەرکەوتن و زۆر زوو نیشتنەوە، ڕەنگی چایەکە هێندێك تەڵخ بوو، خەیاڵ هاتەوە ژوور.

ـ پووریێ گیان کووژاندمەوە.

ـ هەی بەقوربانی ئەو دەستانەت بم، ڕۆڵەگیان مێوژەکەشم دەیە چایەکەم پخۆمەوە.

ـ هەی خەجالەتم، لە بیرم چوو.

بۆی هێنا و لەبەر دەستی دانا.

ـ دە وەرە ڕۆڵەگیان چایەکەت سارد بۆوە.

ـ ئەوە هاتم پووریێ گیان با ئەو سەماوەرەش پڕکەمەوە.

دەمێك دوایە خەیاڵ بەرامبەری دانیشت و چایەکەی خواردەوە، پوور فاتم دەستی بە قسان کرد.

ـ کچی خۆم ئەخر بۆ بەقسەم ناکەی، بەخولای ڕێویت بەرەوپیری هاتووە.

خەیاڵ نەیدەویست سەر لە نوێ تووڕە بێتەوە یان شتێکی بڵێت لەسەرڕا پوور فاتم لێی دلّمەند بێ، بێ ئەوەی قسە بکات سەری بەردابۆوە و گوێی هەڵخستبوو. پوور فاتم هەستی دەکرد قسەکانی کاریان لەسەر کردوە.

ـ بەخودای ڕۆڵەگیان ئەمن لە تۆ شۆخ و شەنگتر بووم ئەگەر هەوێم بەسەر هات، ئەوە تا ئێستا ئاگات لێیە دەبێ کلّفەتی ماڵە زڕکوڕەکەم پکەم؟ خەیاڵ هەناسێکی هەڵکێشا.

ـ ئادی خەیاڵ گیان قەت بۆ مێردی دڵی خۆت مەمرێنە. ئەوجار ئەو چووزانێت بەیانێ دەڕوا بانگی شەوان دێتەوە، بەخودای ئەوەندەت زێڕ و زەبەن دەدەنێ بە خەویش نەت دیتبێت.

خەیاڵ بەسەری قامکی بەتووکی نەپۆڕی لبادی ڕاخراو لە ژوورەکە کایەی کرد، خۆش خۆش هەناسەی هەڵدەکێشا.

ـ ئەخر کچی خۆم بۆ لە کەری شەیتانێ نایە خوار، بەخوڵای ئەمن چاکەی تۆم دەوێت دەنا خۆ دۆشاو بۆ ریشی پادشا قات نییە، پێم خۆشنیە دوا ڕۆژێ وەك منت لێبێت، بەخوڵای نازانی ئەورۆ چیان دەکوت.

خەیاڵ سەری لەنەکاو هەڵبڕی. لە گۆشەی چاوە ڕەشەکانی دو تنۆك ئەسرین دەهات سازبن.

ـ چیان دەکوت؟

ـ جا بڵێم چیان دەکوت، هەڕەشەیان لێکردم دەیانکوت سبەینێ لەگەڵت نەیە،..

قسەی ڕاگرت، خەیاڵ دەرفەتی بە ئەسرینەکان نەدا گەورەتر بن، بە سەری قامکی پاکی کردنەوە.

ـ چدەکەن؟

ـ بڵێم چی؟ دەیان کوت سبەینێ بێتوو نەیەت، مێردەکەی دەکووژین.

خەیاڵ تاساو سەری لە گێژەوە هات. ڕەنگی یەك و دەر دوو سپی هەڵگەڕا و لێوی لەرزینەوە.

دەستی بە گریان کرد و سەری هاویشتە سەر کۆشی پوور فاتم. پوور فاتم دەستی بە سەری دادەهێنا، دەتکوت فەرشی هاوریشم بوو، نەرم نەرم.

ـ ئەخر بۆیە دەڵێم کچم ئەوانە بۆ ئەوەی نابن ململانیان لەگەڵ پکەی. سبەینێ وەرە لەگەڵم دەچین بەخوڵای قەولت پێدەدەم، یەك ڕۆژ تامەزرۆی دەشکێت و دەریایەکیشت زێڕ و پووڵ دەداتێ و ئیدی لەکۆڵتدەبێتەوە.

خەیاڵ هەر هەنیسکی لێدەداو دەگریا. پشتی دەستی چرچ و لۆچی پوور فاتم تەر ببوون. سوارە لە نێو لانکەکەدا یەك دوو جار نووکاندی و ئەوجار گریا. خەیاڵ بە ئاسپایی بێ ئەوەی چاو لە چاوی پوور فاتم بکات گەڕاوە پشتەوە و بۆلای لانکەکە چوو، دەسترازەی لێ شل کردەوە و لە لانکی دەرهێنا و لە باوەشی گرت و بۆنی پێوە کرد، قەراغی ملی منالەکە ئارەقەیەکی کەمی پێوە بوو بەحاڵ سوور هەڵگەڕا بوو، لە باوەشی دایکی‌دا ژیر بۆوە و چاوی لە وتاغەکە گێڕا، پوور فاتم بێدەنگ ببوو. بێدەنگی بەسەر ژووریێدا زاڵ بوو. بانگی نێوەرویە لە مزگەوتی جیرانیان بەرز بوو. خەیاڵ سوارەی لەسەر پشت درێژ کرد و خەریکی دانانی چێشت بوو، پوور فاتم دەیهەویست ئاکامی قسەکانی بۆ مەعلووم بێت.

ـ دەی دەڵێی چی خەیاڵ گیان، دێی لەگەڵم؟

خەیاڵ جوابی نەداوە.

ـ ڕۆڵەگیان بۆ خۆت و خۆرایی خۆتان بەدبەخت دەکەی. خۆ ئەتۆ لە فەتاحخانی گەورەتر نی، ئەوەتا بزانە چۆنی بەزۆر هێنا،بەخولای دەست لەسەر هەر کچێك یان ژنێك دانێت بەسەر بۆی دەچن. ئیدی ئەوە نازانم بۆ ئەتۆی دەستنیشان کردوە؟ بەخولای حەیفە، خۆت لەو ژوورەدا حەپس کردوە.

خۆ حاکمیش ماشەڵا چاوی لەبەر هەڵنایە.

خەیاڵ دەتکوت زمانی دروابوو، یەك وشەش نەدەهاتە دەر. نان و چایان خوارد، پوور فاتمیش ئیدی دەستی لە قسان هەڵگرتبوو، چەلێ هەر بەوەندە ڕازی بوو خەیاڵ نای نەکوتەوە.

لای ئێوارێ بوو، پوور فاتم لەسەر جێیەکەی هەستا و هات بڕواتە دەر، خەیاڵ لەبەری هەستا و لە پەنای ڕاوەستا.

ـ کچی خۆم بەقسەم بکە، بێتوو سپەینێ نەچی حاکم زۆرتووڕە دەبێ.ڕوحم بەو مێرد و منداڵەت بکە.

خەیاڵ سەری بەردابۆوە،ئاسمان پەڵە پەڵە هەوری ڕەشی تێدا دیار بوو و کزە بایەکی سارد دەهات. خەیاڵ بۆ لێکردنەوەی پەڕۆی سوارە چوو خوار، هەوا بۆنی بارانی نەباریوی لێدەهات،چاوی لە ئاسۆ کرد، پەڵەیەکی یەکجار گەورە و ڕەش شانی وە شانی کێوەکانی سێکانی و کانیشێخان دابوو، پێشی بەچاوی هەتاو گرتبوو. پەڕۆکانی لێکردەوە نمێکی کەمیان پێوە مابوو. لە کۆڵانێ هەرا هەرا و دەنگە دەنگی منالآن دەهات" تاوەکە وەرەوە تاوەکە وەرەوە کوڕە زێرینەکەت دەگری، نیسێکە بڕۆوە نیسێکە بڕۆوە کوڕە کەچەڵەکەت دەگری. پوور فاتم پەردەی دیوەکەی دادابووە، خەیاڵ مات و مەلوول گەڕاوە ژوور.

✧ ✧ ✧

گۆمی بەردەلانکێ،گۆمی بەردەلانکێ، خرم و هۆڕی ڕەوە ئەسپی یاخی، تۆرو سەرکەش، ئەستێرە بەسەد بە هەزار، شەمی هەڵکراون لە سەر دەستی، گۆمی بەردەلانکێ مەند و بەسام.

نیسێی لاوێکی بە هۆی وردە شەپۆلی سەر گۆمەکە دەلەرێوە، دەتکوت کۆتەڵێك بوو چەقیبوو. بێجووڵە و فزە. چاوی نوقمی گۆمی خەیاڵ، خیزا و سەبرێکی وەکەنارەکان دەکەوتن و مووسیقایەکی نزمیان پێك دێنا، دەیدیت، بەرامبەری بوو، چاوە جوانەکانی بانگیان دەکرد. زۆر لە مێژ بوو لەو شوێنە دانیشتبوو، نەیدەزانی چەند وەختە. دەمێکە، ساعەتێکە، ڕۆژێکە، ساڵێکە یان لەوەتی هەیە. زەمان لێك کشابۆوە یان وێك هاتبوو، خڕ ببۆوە، دەمێك هەمیشە بوو و هەمیشە تەنیا دەمێك بوو، قرژاڵێك چاوی ڕوون و زیتی لە پەنا دوو بەردان را تێ بڕیبوو، بەڵام ئەو نەیدەدیت، ئاگای لە دەوروبەر نەبوو، بۆ هاتبوو سەر ئەو گۆمە دانیشتبوو، نەیدەزانی، بیری لێ نەدەکردەوە، لە بەرامبەری ڕاوەستا بوو، ڕامابوو، مات ببوو، حەپەسابوو، قەتی ئاوا نەدیبوو،جادوی کردبوو، کردبووی بە بەرد، لەگەڵی دوابوو، گوێی بۆ هەڵخستبوو، هەرتك گریا بوون، بە دڵ، لە دڵدا، بێدەنگ، سەری هەڵبڕی، ئاسمان وێنەی گۆمەکەی

لەسەر هەڵکەندرابوو، سەری بەرداوە، گۆمەکە بالوورەی دەکرد، گوێی هەڵخست، دەنگی بە سۆز بوو، خشپەیەك هات و شڵپەیەکی نزم. ڕەسووڵ بێدەنگ بوو، ئاسکێك لە نیزیکی هاتە سەر گۆمەکە. ئەوشۆ سێ شەو بوو ئاسکێ لێی دوور بوو. سەری هەڵبڕیوە و تێی هەڵکرد، دەنگ تیژ تیژ ڕۆیی، وەنێو لێر کەوت، دار گوزەریان دایە. وەبناری شاخان هەڵرووسکا، لە ترۆپکیان داگەڕا، لە شێو و خڕان تێپەڕی، دەنگ بە سۆز بوو، کیژێك سەری لەسەر ئەژنۆی خۆی هەڵگرت و گوێی ڕاگرت، بۆخۆیەتی.

ـ ڕەسووڵ.

بەپەلە هاتە بەردەلاقەی دیوەکە، تەنیا خشەخشی گەڵا و لاسکی داران دەهات.

لە نێو دێی جەماوەر لە دەوری دیلەکە راوەستابوون، چاو و ڕوخساریان ئاوری لێدە بووە،کابرای دیل بەسەری شکاو و خوێناوی لە نێوەڕاستیان خۆی گرمۆڵە کردبوو، سەری بەردابۆوە و زاتی نەبوو چاو لە هیچ کوێ بکات. هەر تاوناتاوێکی یەکێك لێی دەچوو پێش و بەرکەوە شەپێك یان گۆپاڵێکی لێڕادەکێشا و تێرجوێنی دەکرد.

کوێخا هاواری کرد:

بەخاتری خولای دەست ڕاگرن، با ئاغا بۆخۆی بێت.

مردووکانیان ناشتبوون، ئێستاش لە گۆشە و کەناری دێی نەختە دووکەڵێك بە هۆی تێپەربوونی لارەبایەك هەڵدەستا. ڕەسووڵ کاس و وڕ دەهات و دەچوو و چاوی لە کەس نەدەکرد، یەك دوو جار بێ ئەوەی بیبهەوێت چاوی وە چاوی پوور زبێد کەوت کە چی چاو ڕانەوەستان و هەڵخلیسکان، دەتکوت چاوەکانی بە ئیزنی وی ناگەڕێن. لە سەر هیچ کوێ ڕاوەنەدەستان، لە دوورەوە تەپ و تۆزێکی زۆر وەدیار کەوت جەماعەتێك بە هەرەمە بۆلای وێ غاریان دا و دەستیان کردە سەیوان و تێیان ڕوانی، دەنگی کوێخا بەرز بووە:

ئەوە ئاغا تەشریفی هێنا.

ئاغا و کوڕەکەی یەکسەر بەرەو بەگۆڕەپانی دێی هاتن،جەماعەت گوزەریان دانێ و کشانەوە پشتەوە.

ئاغا بێ‌ئەوەی لە ئەسپ دابەزێ خێرا چاوی بە سەر خەڵکدا گێڕا. خەڵك سڵاویان کرد.

ـ عەلەیکە سەلام.

یەك دوو نووکە پێی دەبەر زگی ئەسپ کوتا و بۆلای یەخسیرەکە چوو، دیل خۆی زۆرتر گرمۆڵە کرد و چاوی بە مۆڵەق وەستاوی تێبڕی. فزە لە کەس نەدەهات.

ـ سەگباب پیاوی کێی؟

دیل هەروا بێ‌دەنگ بوو و لە ترسان دەلەرزی.

ـ لەگەڵ تۆم نیە هەتیوە؟

بە شەپ لە دەمی ڕاکێشا و دیلەکە بەربۆوە سەر ئەرز.

ـ کوێخا؟

ـ بەڵێ قوربان.

ـ بیگرن دە مەنجەڵی ئاوی کولێوی باوێن جا با قسان نەکا.

دوو پیاو بەغار بۆلای هاتن. دیلەکە گورج خۆی بە لاقی ئاغادادا و پێی‌دا نووسا.

ـ ئاغاگیان گووم خوارد، غەڵەتم کرد پیاوی سەید جەماڵیم.

ئاغا بێ ئەوەی ئاوڕی لێداتەوە ئەسپی تاودا و لێی دوور کەوتەوە. ماوەیەك دوایە هەر کەسە بە هەرشتەی وەدەستی کەوتبا لە یەخسیرەکەی ڕادەکێشا.

بۆ ئێواری سوارەکان نوقمی چەك و چۆڵ خۆیان بۆ بەسەرردادانی ژاراوێ تەیار کردبوو و بە سەرکردایەتی کوێخا چاوەڕێی ئیزنی ئاغا مابوونەوە، ڕەسووڵ مات و خەمبار لە سەر پشتی ئەسپ دانیشتبوو و سەری بەردابۆوە، ئاغا هاتە سەربانی مزگەوت. خەڵك ورد و درشت گۆییان هەڵخست.

ـ هەرچی پێتان هات بیهێنن، دەنا بیسووتێنن دەستیان لێ مەگێڕنەوە، بەڵام ئاگاداری ماڵ و منداڵی سەید بن. خۆ لە ماڵ و حاڵی وی نەگەیێنن. حاڵیبوون؟

کوێخا بە دەنگی بەرز وڵامی داوە:

ـ بەچاوان ئاغاگیان.

ـ دە بڕۆن دەی بزانم چدەکەن؟

ئەسپ تاودران، زرم و هۆڕیان گوێی دارستانی کیپ دەکرد. چوارپێ هەتا مەودایەکی زۆر بە حەپە حەپ وەدوایان کەوتن و لەپاشان گەڕانەوە، لە دووریڕا تەنیا تەپ و تۆزی ژێر سمی ئەسپان دیار بوو و دوای ماوەیەکی لە نێو تارمایی سەر لە ئێوارەی دارستان دا ون بوون.

✧ ✧ ✧

بۆمەلێڵە، تاریکی و ڕووناکی دەئامێز یەکدان، دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و بەزم و خۆشی لە تەواوی دێی دەگەڕا، جەماعەت ورد و درشت لە دەوری گۆڕەپانی دێی وەکۆوەبوون. لە سێ چوار شوێنیان ئاوری بە بڵێسە و بۆنی بزووتان تا دەهات پتر پەرەی دەسەند.

ئاسمان هەر دێت و ڕەشتر دەبێت. لە پاش نوێژی ڕا هەور ئارام ئارام هاتوون، خەڵك دەم بە پێکەنین و بزە دێن و دەڕۆن. سەید میوانی هەیە و جەماعەت ئەوڕۆ ڕۆژی خۆشی و حەسانەوەیانە، دەنگێك بەرز دەبێتەوە، بۆ کەس حەیان نییە لە کوێ ڕا دێت، لە ئەرزە، لە نێو دارستانە یان لە ئاسمان ڕا، دەنگ ئاورە جەرگی تاریکی دەبڕێت، فزە لە کەس نایە، تێکڕا جادوو کراون، سێحراوی، دەیانباتە دونیای جوانی خەیاڵات. ورد و درشت، هەر کەسە بۆ دونیای خوی، لاوێك تێی هەڵکردوە،ئاسکێ بە هەڵاتن دێتە بەر دەلاقەی دیوە چکۆڵەکەی کە بۆی بۆتە زیندان، دێتە سەر پەنجە و دەڕوانێتە دەرێ،بڵێسەی ئاگرەکان دەبینێ و تارمایی جەماعەتێکی زۆر لە دەوریی.

ـ خودایە گیان بۆ خۆیەتی، ڕەسووڵە! ئەوە ڕەسووڵە!

هاوار دەکا.

ـ ڕەسووڵ، ڕەسووڵ.

بەڵام دەنگ تەنیا هەتا زمانێ دێت، لەوێ دەگیرسێتەوە یان داخوا وە دیواری ئەستووری دیوەکە دەکەوێت و دەگەڕێتەوە. دڵی ڕێك دەکوشرێت.

ئەوە خەونە یان ڕاستە، ئەوە دەنگی خۆیەتی، ڕەسووڵە گۆرانیان دەڵێت.

حەپەساوە، گێژ و وڕ لەبەر دەلاقە ڕاوەستاوە، ئەویش جادوو کراوە، توانای جووڵانەوەی نییە. لە پڕ دەنگ دەکەوێت. گوێی لە هەنیسکی خۆیەتی، دەنگە دەنگی دوو ئێشکچیان دێت.

ئەوشۆ چوار شەوە لەو دیوەدا یەخسیرە، غەریب و هەناسەسارد ماوەتەوە. ڕۆژێ تەنیا چەلێك دەرگای لێدەکەنەوە. نان و پێخۆری بۆ دادەنێن، کەس نایدوێنێت، دەڵێی نایبینن یان گوێیان لە دەنگی نابێت. تەنیا دەگری، سەری دەخاتە سەر ئەژنۆی و دەگری. داهاتوویەکی ڕەش و تاریکی لە پێش چاوان بوو.

تاریکی بە سەر دێی زاڵە و دەنگی شەو جوانتر دەبیسرێت. خشەخشی دووری جەنگەڵ، هوژە هوژی بای، پشووکێشانی زەوی، هەناسەی ساردی هەور، سرتە سرتی سریلە و ژاوە ژاوی بۆقان. گۆیی لە تەپە تەپی لاقێکی دەبێت، دەنگی کیژێکی گۆی لێیە. دوای چوار ڕۆژان هەوەڵ جار بوو گوێی لە دەنگی ئافرەتێك دەبوو، بەپەلە هاتە بەر دەلاقەکە و چاوی دە دەرێ بڕی، تاپۆی ئافرەتێك دیار بوو، لەگەڵ ئێشکچی قسەی کرد. هات بە بەردەلاقەکەدا تێپەڕێت، بانگی کرد:

ـ خوشکێ، خوشکێ.

ڕاوەستا و چاوی تێبڕی. بە هۆی تاریکی سەری شەو ماوەیەکی پێچوو هەتا یەکتریان دیت.

ـ نێوت چیە؟

ـ سەبری،

ـ تۆ ئەو خوودایە سوێندت دەدەم شتێکم بەقسە پکە.

ـ ناتوانم کەس ئیزنی نییە بەلاتەوە بێ.

ـ مەترسێ، نامەوێ ڕزگارم کەی، ئەمن تازە چارە ڕەش بووم.

ـ ئەدی چت دەوێ؟

ـ ئەوە کێ بوو دەمێك پێش گۆرانی دەکوت، نێوی چیە؟

ـ نێوی نازانم، بەڵام ئی ئەولایە نیە.

توخوداکەت بڕۆ پێی بڵێ چەلێکی دیکە ئەو گۆرانێی بڵێتەوە.

دەنگی ئیشکچیان کە نیزیك دەبوونەوە هات و تەپەی لاقی کیژەکە کە هەڵات.

ئاور لە گرف و هۆڕی هەوەڵێ کەوتبوون، بەڵام ئێستاش لەبەر ڕووناکیان جەماوەرێك دانیشتبوون و چایان دەخواردەوە و قسەیان دەکرد. چرای دیوەکانی ماڵە سەید هەتا دووری ڕووناك کردبوو، لە دەرێ خەڵك ژن و پیاو و لاو و میرمناڵ دە هات و چۆ دابوون،بۆنی چێشتی سەر ئاوران دەمار بە دەمار دەڕۆیی. سەبری بۆلای چاوەشەکە هات، تاوێك ڕاوەستا و کوتی:

ـ لاوەکی؟

ـ دەڵێی چی جوانێ؟

ـ لاوەکی کیژێکی لای ئێوە لە هۆو ماڵەی بە تاقی تەنیا هەڵکەوتوە.

بە قامك ئاماژەی بە ماڵە چکۆڵەکەکرد کە لە نێو تاریکیدا دەهات ون بێت.

ـ یەخسیرە، داوا دەکات جارێکیتر ئەو گۆرانێی بڵێیەوە.

سەبری بەپەلە ڕۆیی و تێکەڵ دەستە خوشکەکانی بۆوە. چاوەشەکە ماوەیەك هەروا چاوی دە شوێنی خانووکە بڕی و ئەوجار چوو لەسەر گابەردێکی زل دوور لە جەماوەر دانیشت و تێی‌هەڵکردەوە. دەنگ هەتا حەویقی ئاسمان ڕۆیی، ئاسکێ جارێکی دی هاتە بەر دەلاقە و گۆیی هەڵخست.

ـ ڕەسووڵ، ڕەسووڵ.

فرمێسك به سەر گۆنای‌دا هاتنه خوار، دەنگ خەنجەری ئاورین بوو زگی تاریکی دەدڕی و دەچۆ پێش. دەنگ دەنگی ڕووخانی کێوان بوو، دەنگ دەنگی چەخماقی هەوری ڕەش بوو، دەنگی وێك کەوتنی شمشێر، دەنگی بەر خۆڵەی تازەزاو و ڕسکانی گوڵە گەزیزان بوو، دەنگ دەنگی گۆمی بەردەلانکێ بوو.

ـ خودایه بۆخۆیەتی، بڵێی ڕاست بێ یان خەونه؟

له پڕ دەنگ نەما، تەنیا هەنیسکەکانی ئافرەتێك بوو شەوبا لەگەڵ خۆی دەبرد. ئاور خۆمارین ببوون و تاریکی پەرەگر. خەڵك زۆربەیان بەرەو ماڵ بوونەوە، تاق و لۆق یەکێك دەهات و دەچوو.

سوار دوور و نیزیکی ژاراوێ بوون، کزە کزی چرای ماڵە سەید و ئاوری کەمی نێو گۆڕەپانی دێیان لێ دیار بوو. چۆمێکی خوڕێن وەك تیر له ژێر پێیان به نێو شێو و خڕاندا دەڕۆیی. لەوبەری چۆم مێشەیەکی چغور و له پشتەوەی ماڵی ژاراوێ له بناری چیایەکی ناڕێك هەڵکەوتبوون، کوێخا سوارەکانی دەنگدا:

هەتا درەنگانێ لێرە دەبین.

سەری هەڵبڕی و چاوی دە ئاسمان بڕی:

چاکه ئەوشۆ تاریکەشەوە، ئاوری هەڵ مەکەن، پچن له پەنا و پەسێوان مات بن هەتا دوایه.

رەشەبا بەقەوەت وەنێو مێشەکه کەوتبوو، بالوورەی دێوان لەوێڕا دەبیسرا، هاشەی چۆم و هوژەی با و لووری دووری چەقەڵان" ئاهەنگی شەو بوون.

ڕەشاییێك تیژ بەپەنا دیواران دا ڕۆیی، بێ ئەوەی خشپەی زۆر سازکات خۆی گەیاندە دوور و نیزیکی تاقه ماڵەکەو مات بوو، ئاوڕێکی له پشته سەری داوە، چرای ماڵە سەید جریوە جریویان بوو، به ئاسپایی خۆی گەیاندە بەردەلاقەکه و چاوی له ژوورێ کرد، ژوورەکه تاریك و تنۆك بوو و چاو چاوی نەدەدیت، تەنیا هەنیسکی ئافرەتێك که وه نووزە و نووسکەی دەعبایەکی بریندار دەچوو دەهات، چاوەشەکە سەبرێکی کوتی:

نێوت چیە؟

ئاسکێ ڕاچەنی و توند سەری لەسەر ئەژنۆی هەڵگرت و سەبرێکی قیژاندی.

ـ مەقیژێنە، مەترسێ، ئەمنم چاوەشەکە.

بە پڕتاو خۆی گەیاندە لای دەلاقەو بە گریانەوە دەستی بە پاڕانەوە کرد.

ـ بەقوربانت بم ڕزگارم کە، هەتا دەمرم قەرەواشیت دەکەم، کوڕە وەرە بەخاتری ئەو خولآیەی مەهێڵە ئەتکم پێ پکەن.

دەنگە دەنگی ئێشکچیان کە بۆلایان دەهاتن وەپەلەی خستن.

ـ چەلێ قسان مەکە، بڕۆ خێرا. پچۆوە سەر جێی خۆت ئەوە دێنە ئێرە.

بێ هەراو خشپە خۆی گەیاندە پشت ماڵەکەو مات بوو، هاشە هاشی یەك پشووی چۆم نەیدەهێشت قسەکانیانی جوان گوێ لێبێت.

لە گۆشەی ماڵەکە وەدیار کەوتن، خۆی تەواو بە ئەرز لکاند و پشووی دە سینگیدا ڕاگرت، بۆنی خۆڵی توونی و پووش و گیای ویشك دەهاتە بەر لووتی، یەکێك لە ئێشکچیەکان بە هاواڵەکەی کوت:

ـ ئەمن هەتا سەر چۆم دەچم و دەست بە ئاو دەگەیەنم، زوو دێمەوە.

ـ زوو وەرەوە کوڕە لەوانەیە ئێستا سەید داوای بکات.

بێئەوەی وڵامی بداتەوە سەرەولێژ بەرەو مێشەی قەراغ چۆم ڕۆیی و ئەوەی دیکە بۆلای دەلاقەکە گەڕاوە.

هەستی کرد لە ڕکان گەرم داهاتوە، چاوی سەیدی هاتە بەر نەزەری، کەسپ و کۆ دایگرت، سەبرێکی دەستی بردە بەر پشتوێن و خەنجەری لە کالان دەرکێشا، بە ماتە ماتە بۆلای ئێشکچیەکە چوو، ئێشکچی لە بەر دەرگای ماڵەکە هەڵتووتەکا بوو و پاڵی بە دیوارەکە دابوو و خەریکی هەڵکردنی پووش بە ئەستی بوو، جار جار برووسکەیەکی چکۆڵە لەشی تاریکی هەڵدەقورینجاند.

گەیشتە دووگەزی کابرا، هەستی پێکرد و لێی قوت بۆوە،

ـ کێی کوڕە؟

خێرا هەڵیکێشا خەنجەر و بەرامبەری بە پڕتاو هات لە تاریکی دا. ئامبازی یەگ هاتن و تێك هاڵقان، مەچەکیان بە دەست یەکترەوە بوو. برووسکەی خەنجەران چاوی شەویان ئازار دەدا، لە پڕ هاوارێکی توند هەستا و خەنجەری یەکیان خوێناوی لە سینگی ئەوی دیکە هاتە دەر، تەقەی تفەنگان و خرم و هۆڕی ئەسپ و هاوار و فیزاری خەڵك بەرز بۆوە. ئاوری سەر لوولەی تفەنگان لە هەموو لایەکی ڕا دەبیندرا، زرم و هۆڕی سواران بەو شەوە تاریکە دێیان وە لەرزە خستبوو. نەعرەی پیاوان و زیق و هۆڕی ژن و منداڵان و نریخە و حیلەی وڵاخان ژاریان بەزاری ژاراوێ دا کرد.

ئێشکچیەکەی دی بە پڕتاو بۆلای ماڵەکە دەهات، چاوەشەکە تفەنگی کەوتووی هەڵگرتەوە و لە چەخماقی داو لە تاریکی دا سیرەی تێگرت و تەقەی لێکرد. هاوارێك هات و ڕمبەی کەوتنی لەشێکی. ئەوجار ناڵە ناڵێکی لێهات هەتا وردە وردە بێدەنگ بوو. بە سێ چوار پێلاقان دەرگای شکاندو خۆی بە ژوور داکرد، کیژەکە لە قوونیچکی دیوەکە خۆی گرمۆڵە کردبوو، هاواری لێکرد:

لە کوێی کچێ، هەستە هەڵێین.

ئاسکێ بە غاردان بۆلای هات و لە دیوەکە هاتنە دەر.

شریخ و هۆڕی تفەنگان زۆرتر ببوو، سوار بە نێو کۆڵان و قەراغی دێیدا ئەسپیان تاو دەدا و دەیان نەڕاند، ئاور سەرکش و ئەشقی لە ماڵان بەرز بۆوە. خۆیان دە نێو مێشەلانەکە هاویشت، دەستی یەکتریان گرتبوو و وەك بای سەرسەر هەڵدەهاتن، گەیشتنە بەستێنی چوم، لە چۆمیاندا و بێ پرینگانەوە لە خوڕێنی چۆم و سەرما پەڕینەوە و خۆیان گەیاندە داوێنی چیایەکی بەرز و پڕ لە دار و دەوەن و بە هەناسەبڕکە پێیدا هەڵگەڕان، لە نێو قەدی چیاکە ڕاوەستان و ئاوڕیان لە پشتەسەریان داوە. ئاور بڵێسەی دەکێشا.

دەستی یەکتریان بەردا و سەبر سەبر بە سینگی شاخ هەڵڕووسکان، بەرە بەرە شریخ و هوڕی تفەنگان و دەنگی نێو دێی لە کەمێی دا. گەیشتنە جێیەکی ئیتر تەنیا هاژ و هۆژی بەقەوەتی ڕەشە با بوو دەیان بیست و دەنگی جار جارەی دەعبایەکی لە نێو لێردا.

✧ ✧ ✧

بیر و خەیاڵ تەنگە تاویان کردوە، پرخەی نزمی مێردەکەی، دەنگی پشووکێشانی سوارە، سرتە سرتی سریلە لە کەلێن و قوژبنی دیواران، قڕە قڕی دووری بۆقان، قاژ و قیژی قەتاری قاز و قورینگان لە ئاسمان تێکڕا دێنە گوێ. لەسەر پشت ڕاکشاوە و چاوی دە میچی بڕیوە. بیر و خەیاڵی جۆراوجور دەم بە دەم هورووژمی بۆ دێنن، خەیاڵ زا و زێ دەکەن. بێچوو خەیاڵ گورج دێنە هەریمی زەینی. گەورە دەبن. پاڵە پەستۆی یەك دەدەن، باڵیان هەیە، هەڵدەفڕن، هەرکامە بۆ شوێنێکی، هەرکامە بۆ زەمانێکی، ناتوانێ پێشیان پێ بگرێت، لەگەڵ خۆی دەبن، بۆ دووری، بۆ ڕۆژانی ڕابردوو. بۆ نێو لێر، بۆلای فەقێ ڕەسووڵ، بۆلای دایك و باب و خزم و کەسی. خەیاڵێکی دی وەك هەڵۆ لوور دەبێتەوە و پەنجەی قایمی لێ توند دەکا، دەیهێنێتەوە بۆ ئەوڕۆ. زەمان تەنیا لە حاست خەیاڵ بێ دەستەڵاتە. تێکی دەشکێنێ، دیواری زەمان دەڕووخێ، سنووران نازانن، ناناسن، یەکی دی دەیباتە داهاتوو. دوونیایەکی تەماوی، پڕ لە سەهوێر و شەودێز. چاوی هیچ کوێ نابینێت. نامۆیە دەکات، دەترسێت، ترس و دڵخورتی دایان گرتوە، شەوانی پێشوو ئەویش ئاوا بە ئارامی دەنووست، بێ فکر و خەیاڵ، بەڵام ئەوشۆ خەو لە چاوی تۆراوە.

ـ چبکەم خودایە گیان، ئەمن بووا چارەڕەشم، چیکەم خودایە هاوارت دەکەمێ بە فریام وەرە.

هەڕەشەی حاکمی ترسی خستبووە نێو دڵی. سەبرێکی سەری سووڕاندەوە و چاوی لە مێردەکەی کرد، ڕوخساری پیاوانەی لە تاریکی دیوەکەدا وردە وردە لە پێش چاوی

ئاشکراتر دەبوو، هەستی کرد قەتی ئاوا سرنج نەداوەتیٚ، ساڵێك بوو شوی پیٚ کردبوو بەڵام ئاوای نەدیبوو، هەستی دەکرد یەکجار خۆشی دەوێت، ترسی لەدەستدانی دڵی ڕێكدەکوشی، چاوی پڕ بوو لە ئاو، دەستی سەبرێکی هەڵێنا و ویستی بەسەری دابێنیٚ. پەژیوان بۆوە، نەکا وەخەبەر بێت. سوارە نووکەیەکی سەبری لێهات و بێدەنگ بۆوە، سەر لە نویٚ نووکەیەکی دیکە و ئەوجار دەستی بە گریانێکی نزم کرد، وەختی شیردانی بوو، بە ئاسپایی لێفەی لادا و هەستا چۆوە سەر بێشکە،لاری کردەوە و بۆلای خۆی داهێنا، مەمکی دەزاری ناو پرچی ڕەش و پڕی خستە سەر دەم و چاوی سوارە،دەمێك بوو هەروا مابۆوە، نەخەو بوو نە وشیاری، سوارە خەوی لێکەوتبۆوە، قووقەی دووری کەڵە شێرێك هات، شەو تێرخەو ببوو، سەبرێکی سەری هەڵێنا، بیٚ ئەوەی بتوانێت بڕیارێکی بدا گەڕاوە سەر جێیەکەی و ڕاکشاوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا و چاوی قووچاند، بەڵام خەیاڵ سەر لە نویٚ پیلۆیان هەڵداوە، وەرسووڕاوە و بە دەلاقەدا چاوی دە ئاسمان بڕی.

ـ خوودایە گیان چبکەم؟

یەك جیٚ پوور فاتم هاتە پێش چاوی، بە ڕۆژ کە ئەو قسەی پێکوتبوو ئەو شوێنەی لە سەر نەبوو بەڵام ئێستا ڕووخساری پوور فاتمیش لە پێش نەزەری ترسێنەرتر ببوو" دەیکوت پێی بڵیٚ بێتوو نەیە مێردەکەشی دەکوژین.

ـ خۆم دەکوژم، یان خۆم بە جوورێك ناحەز دەکەم لە پێش چاوی پکەوم.

بیری لەوەی دەکردەوە چۆن واپکات" دەم و چاوم دەسووتێنم، بەڵام بە چی؟ چۆن؟

دەیزانی ناتوانیٚ ئەو کارە بکا. زۆربەی ئەو بریارانەی دە شەودا دەگیرێت بە ڕۆژ کاڵ دەبنەوە. بە شەو دەڵێی ئینسانێکی دیکەیە، بەشەوبڕیارێك دەدا و بە ڕۆژ یەکی دیکە لایان دەدات. خەیاڵێکی زۆڵ چەل چەل لە نێو ئەوهەموانە دا سەرەتاتکی دەکرد، رووی لیٚ وەردەسووڕاند، لە دەستی هەڵدەهات خۆی لیٚ دەشاردەوە، بەڵام لە نەکاو لێی وەدیار دەکەوتەوە، بە ماتە ماتە و بە ئاسپایی لێی دەهاتە پێش، خزۆك بوو، پێی

هەڵدەگەڕا وەك جاڵجاڵۆكە دەوری دەتەنی، هەر جێیەك دەچوو وە داوێکی دەکەوت، هەرچەند دەیپساندن بەڵام هەستی دەکرد لە شوێنێکی دی تووشیان دەبێتەوە.

ـ ئەگەر جوابی بدەمەوە، بەڵێنی بدەمێ چدەبێ؟ بیری دەبردەوە سەر شتێکی دی، پەڕ و باڵی هەڵدەپڕووزاند هەتا نەتوانێت لەگەڵە خۆی بەرێت، بەڵام دیسان لەپەنای بوو.

ـ نا نا، قەت ئیشەڵا ئەو کارەی ناکەم، شەیتان بە نەحلەت بێ، خودایە تۆبە.

حاکم لێی دەهاتە پێش، ماڵ چۆل و هۆل. پوور فاتم لە دیوی خۆی پەردەی داداوەتەوە. دڵی وەك دەهۆڵ گرمەی دێ. دەستی دەگرێ، چاوی ترووسکێتی.

ـ نا،نا. خودایەگیان تۆبە، شەیتان بە نەحلەت بێ.

وەردەسووڕێتەوە، ڕوو دە مێردەکەی دەکات، لێی دەچێتە پێش‌تر، خەیاڵەکە بە دواوەیەتی، چاوی زەردی حاکم لە پێش چاوێتی، لێیان دەترسێ، لاناچن لە پێش چاوی، دوو پۆلوو ئاورن دەیسووتێنن، لێیان دەترسێ وەك لە چاوی زەردی پشیلەی ڕەش لە شەودا، هەر ئەودەمەی ملوانکەکەی فڕێدابوو یەك جێ هاتبوونە پێش چاوی بەڵام ئێستا بە ڕاشکاوی دوو چاوی زەق و حیز تێی گیرابوون، هێندێك لە مێردەکەی چۆ پێش‌تر و دەستی لە ئەستۆی کرد بێ ترس لە وەخەبەرهاتنی وەك شتێکی ئیتر پێی خۆش بوو وەخەبەری بێنێت، هەناسەی لە هەناسەی گەرێدا و چاوی نووقاند و بیری بردە سەر شتێکی دیکە بەڵام لە هەموو شوێنێکی جووتێك چاوی زەرد چاویان لێدەکرد، زەق، زەق، چاوی هەڵێناوە و ڕواندیە دەلاقە، لە لێواری بانی ماڵی بەرامبەریان، لە تاریك و ڕوونی بەیاندا جووتێك چاوی زەردی تێی‌گیرا بوو،زەق، زەق، بەپەلە لەسەر جێیەکەی قووت بۆوە، پشیلێکی ڕەش بە ئاسپایی وەسەربان کەوت.

✧ ✧ ✧

هەور مێگەلی مۆڵ دراو بوون لە حەوشەی ئاسمان، ڕەش و بۆر و سپی، لێك هالابوون، لوورەی بایان بیست. هەستانە سەر پێ، سەر لێی‌شێواو، گورگ وەنێویان

کەوت و هەڵبڕ هەڵبڕی تێخستن، بەسەر لێردا تێپەڕین، نیسێیان لە لك و پوی داران هاڵقا، وەسەر چیای سەرکەش کەوتن و ئاوا بوون. ئاسمان چۆل و هۆل ماوە، لێر ئامێزی بۆ تیشکی هەتاو کردەوە. شەونم و تنۆکی بارانی سەر گەڵای داران هەزاران پەلکە زێڕینەیان لێ ساز ببوو، باڵندە پۆل پۆل، دەستە دەستە هاتنە سەما، چریکەیان هۆژەیان لە با ئەستاند، سمۆرە تاق تاق و دوو دوو لە سەر لکی ئەستووری داران هاتنە بەر چاو، پەپوولە بە باڵی لەرزۆك و نماوی دەستیان لێك گرێدا و دوو دوو و سێ سێ پێکەوەسووڕان و سووڕان، دار و دەوەن پرچیان تك تك بارانی لێ دەتکاوە، لە گۆشە وکەناری چڕ و پڕی دارستان نەعرەی جار و باری پڵینگێك سامی دەخستە نێو دڵان.

فەقێ ڕەسووڵ سەری بەردابۆوە سەر قارپۆزی زین، ئەسپ هێور هێور بە دوای وڵاخاندا دەڕۆیی، تەپەی سمی لەسەر خۆڵی شێ دار و خەزەڵی تەڕ بە حاڵ دەهات، جار جار باڵندەیەك لەسەر ڕێیان یان لەولاو ئەولایان لە شەقەی باڵی دەداو دەفڕی و حیلەی ئەسپێك بە دوایدا.

خەیاڵ دەستنیشانی کردبوو، دەم بە دەم لێی دەهاتە پێشتر، داوگەی نادیاری بۆ دانابوو، پێوە ببوو، دەستەمۆی دەستەمۆ، حەولی ڕزگار بوونی نەدا، نە هاوارێك، نە جووڵەیەك، نە فزەیەك، دەستە مۆی دەستەمۆ، ئەویش دەستی بەسەر داگرت و بردی، ئارام ئارام بە دوایدا ڕۆیی، جێیکی دوور، زەمانێکی نیزیك، هەر دەمێك لەوەی پێش، هەر ئێستا، بۆ هەوەڵ ڕۆژانی ژوان، ژوان لەگەڵ ئاسکێ بۆ نێو نێو دارستانی چڕ و پڕی بیرەوەری، بست بە بست داری ئەوین و خۆشەویستی ڕەگ ئاژوویان کردەوە. گەڵایان هەزاران پەلکە زێڕینەن.

لە دارستان هاتوونە دەر، کەوتوونە سەر تووڵە ڕێیەکی سەخت و هەڵەمووت، ڕیشەی داران سەریان لە خۆڵ وەدەرناوە دەستیان لە نێو قەدی بەردان هاڵاندوە، ئەسپ سەر سمان دەدەن و دەهاژێن، دەنگە دەنگی هاوڕێکانی کە باسی ڕووداوەکە دەکەن و

قاقا و پێکەنینیان نێوە نێوە دێت، لە پڕ ڕاوەستا، ئاوڕی داوە، پوور زبێد بە چەپۆکان بە خۆی دادەدا:

مالّم وێران بوو ئاسکێیان برد.

سەری هەلّێناوە، ئاسکێك لە گۆشەیەك ڕا چاوی تێبڕیوە، دەمێك چاویان لێك گرێ درا، سەری ئەسپەی سووڕاندەوە، ئاسك ون بوو.

هەنیسکی کیژێك لە پشتەوەی کاروان دەهات، دەمێك خەیالّ بەجێی هێشتبوو، ئاوڕی داوە، شمەکی بە تالاّن هاتوو لە سەر پشتی ولاّخان بارکرابوون، کیژێك شپرزە و پەشۆکاو، بە جل و بەرگی قوڕاوی و جێ جێ دڕاو بە هۆی لك و پوی داران شەکەت و کاسۆلّ دەهات، دەتکوت هەر ئێستا دەیبینێ و لە پێشدا ئاگای لێ نەبووە، ئەسپەکەی ڕاگرت و ڕاوەستا، کیژەکە بێئەوەی سەر هەلّێنێ و چاوی لێ بکات بەپەنا داڕۆیی، تەنیا هەنیسکی هاتە گوێی.

دلّی وێك هات، خەم و تووڕەیی دایانگرت، گوڕاندی:

ئەوە کێ ئەو کیژەی بە دیل گرتۆوە؟

پاش دەنگی لە نێو دارستاندا کێشراوە، هاوڕێکانی سەریان سوڕما و حەپەسان، ئەسپیان ڕاگرت و تێی ڕامان، کیژەکە سەری هەلّێنا و چاوی تێبڕی، ڕەشیدی برای ئاسکێ هەلّیدایە:

ئەمن گرتوومە، بە تۆلّەی خووشکم.

فەقێ کالّەی دەبەر زگی ئەسپی کوتاو ئامبازی هات.

ـ خێڕی، ئەوە کاری پیاوانە نییە، ئافرەتێکی بە دیل بگری.

ڕەشید هەلّیکێشا خەنجەر و ئامادەی شالاّو، بۆی هات.

ـ ئەمن خێڕیم یان ئەتۆ وەك ژنان سەرت بەرداوەتەوە؟

دەهات بقەومێ، کوێخا گوڕاندی:

دامەزرێن، دەلّێم دامەزرێن.

هەرتك بێدەنگ بوون.

ـ ئەوە ڕەسمی ئێمەیە، خوێن لە پێناو خوێندا. ئافرەتێکیان لێ بە دیل گرتووین، ئێمەش ئافرەتێك، چی دیکە لەسەری مەڕۆن.

کاروان دەمێك دوایە گەیبووە نیزیك نواوێ و دەهات لە دارستان بێننەدەر، فەقێ بێدەنگ و خەمین لە کاروان دابڕا بوو و بەتەنیا بە نێو دارستان دا ڕۆیی. لە نێو دێی هەرا هەرا پەیدا بوو و جەماعەت بەرە و پیریان هاتن، ئافرەتەکەیان ماوەیەك بردە ماڵە مەلا و شمەکیان لە گۆڕەپانی دێی دابەزاند. سوارێك بە پڕتاو هەواڵی بۆ ئاغا برد. لە دووریێ لەسەر گۆمی بەردەلانکێ ڕا دەنگی بەسۆزی لاوێکی دەهات و لە دیوێکی ماڵە مەلای هەنیسك و ناڵەی کیژێکی.

✧ ✧ ✧

لێر تاریکی بەسەردا زاڵ بوو، دار تاپۆی دێوان بوون. ڕاوەستابوون، سەرمای نیوەشەو ڕەشە سوارێکی نادیار بوو هاتبۆ تاڵان.

لە هیچ پەناو پەسیوێکی ئارایان نەدەگرت، تاریکی و سەرما لە دەست و پێیان هاڵابوو، گەواڵە هەوری ڕەش لە هەموو شوێنێکی ئاسمانڕا دەهاتن. دەم بە دەم ئەستوورتر و ڕەشتر دەبوون، لە دوورەوە چەخماقەی هەوران دیترا و گرمەی دووریان بیسرا. ڕەشەبا بە هوژە هوژ بەپەنایاندا خوشی و خشەخشی خەزەڵ و شەقە شەقی لك و پۆی دارانی لەگەڵ خۆی هێنا، شەکەت و هیلاك ڕێیان دەبڕی. ئاسکێ بە زۆری هەنگاوی هەڵدێناوە و بەدوایدا دەڕۆیی، ناڵە و هەناسە و هازە هازی سینگی بە ڕاشکاوی دەهات. چاوەشەکە هەر بە نێوان مەودایەکی ڕاوەدەستا و ئاوڕی لە دوایە دەداوە، جارجار قەڵافەتی ئاسکێی لە تاریکی‌دا لەگەڵ توولە نەمامێکی لێ تێك دەچوو و چەل چەل دەوەنێکی دەدیت کە لێی ورد دەبووە، ئاسکێی دەدیت کەلەلاو کەنەفت دانیشتبوو.

ـ ئاسکێ هەستە درەنگە با خۆمان بگەیەنینە ئەو باسکەی، دەنا ڕۆژمان بەسەر دابێت دەمان دۆزنەوە ئێرە هەموو ملکی سەید جەمالیە، خێرابە چیوامان نەماوە.

هەر چۆنێکی با هەلدەستاو بەدوای دا دەرۆیی، بنی پێی کاوە کاویان بوو، دەم و چاوی لە چەند جێیان ڕا بە لك و پۆی دار و دڕك و دالان داڕوشابوو و دەزووراوە.

هەور چەلێکیتر لە چەخماقەیان داو برووسکێك بۆ دەمێکی زۆر کورت لێری ڕووناك کرد. بارێزە دەستی پێکرد، لاوەکە هەستی بە وێ کەوتنی تنۆکی وردی باران لەسەر مل و دەم و چاو کرد، سەری هەلێنا و چاوی لە ئاسمان بڕی، بە شوێن مانگدا ئەو جێیەی پێی وابوو دەبێ ئەودەمانە لەوێ بێت گەڕا، تەنیا ڕەشایەکی زۆری دیت و بەس. ئاسکێ لە دووی نەدەهات، بێهۆش لەبن کۆتەری دارێکی کەوتبوو، بۆی گەڕاوە.

ـ ئاسکێ، ئاسکێ. هەستە مەنوو، هەستە درەنگە، دەبێ بڕۆین.

نالەیەکی لێهات، سەری بردە نیزیك دەمی.

ـ هەستە غیرەتێ بدە بەر خۆت. نالەیەکی دیکەی لێهات. دەتکوت دەنگی لە شوێنێکی دوور ڕا دێت.

ـ ئەتۆ بڕۆ. ئەمن چی دیکە ناتوانم، بڕۆ بەجێم هێلە.

ناعیلاج داهاتەوە و هەرتك باسکی گرت، گەرمایەك وەك برووسك پێیدا هات، سەبرێکی ڕایتلەکاند.

ـ هەستە ئاسکێ، ناکرێ وچان بدەین. هەستە.

جوابی نەداوە. سەری بەربۆوە سەر ملی، هەلی ئەستاندە سەر پێ و هاویشتی سەر پشت و لە کۆلی کرد، مووی پڕ و تەڕی ڕژا سەر دەم و چاوی، بۆنی گیای شەنگیان لێدەهات.

باران بە غوڕەم دەباری. هەور پەیتا پەیتا لە چەخماغەیان دەدا و دەیان گرماند، دەنگی وێکەوتنی دلۆپی گەورەی باران وە گەلای داران مووسیقایەکیان ساز کرد، حەولی دا هەنگاوی بلیندتر هەلگرێت، پشتی گەرم داهاتبوو. هەناسە و پشووی

ئاسکێی وە ملی دەکەوت، هەستێکی خۆش دایگرتبوو، بەڵام بواری نەدەدایە، بیری ئەوەی کە ئافرەتێکی دیلی ڕزگار کردوە، بیری ئەوەی کە لەوانەیە دەگیر پیاوەکانی سەید کەون، هانیان دەدا و نەیان دەهێشت هەستی دیکە زۆر عومر بکەن. دەستێکی لە پێش چاوی خۆی ڕاگرتبوو و دەو تاریکە بەسامەدا لك و پۆی دارانی لادەدا و دەڕۆیی. هەڵم لە زار و لووتی دەهاتە دەر و تێکەڵی تەم و مژی نێو دارستان دەبوو. هێشتا ڕوخساری ئاسکێی نەدیبوو، تاریکی پەردەیەکی ڕەشی کێشا بوو نەیهێشتبوو. هەر بەو چەند ساعەتەی جوورێك پەیوەندی دەنێوان خۆیان دا دەدیت، وردە وردە لاقەکانی کەم هێز ببوون و ئاسکێ لەسەر پشتی قورس‌تر دەینواند.

جارجار نەختێك پشتی ڕاست دەکردەوە و یەك دوو پشووی توندی دەکێشا و دەیڕوانێی دەوروبەر، بەڵام تەنیا تاپۆی دار و دەوەنانی دەدیت، سەر لە نوێ بێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەڕوات هەنگاوی هەڵدێناوە. دەتکوت قەت لەو جەنگەڵە تاریکە ڕزگاریان نابێت.

دەنگی باران، پشووی نزمی ئاسکێ و پشووی توندی خۆی تەنیا دەنگێك بوون، دەهاتنە بەر گوێی. چەلێکی دی پشتی ڕاست کردەوە و چاوی گێڕا، دەمێك کزەی ئاورێکی دیت، چاوی تیژ کرد، کزە گەورە و چکۆلە دەبۆوە، هیوایەك دە دڵی گەڕا، پشوویەکی توندی کێشا و هەرچی هێزی هەبوو دای بە لاقی و بەرەو ئاورەکە ڕۆیشت.

ـ ئاسکێ، دیوتە؟ ئاسکێ دیوتە؟

بەڵام ئاسکێ دە خەوێکی قورس‌دا نوقم ببوو.

شۆڕە شۆڕی ئاوی بەر پێی داران لە هەموو لایەکەوە دەبیسرا، باران وەك گۆزەی سەرەوژێر دەباری و هەرتکیانی تلیساندبووە، ئاو لە موویەکانی پەرێشانی ئاسکێ وەك لووساوك دەرژا سەر دەم و چاوی، هەستی کرد لە دارستان هاتوونە دەر، ئیدی تاپۆی داران دیار نەبوو، تەنیا جێ جێ دارێك یان دەوەنێك خپ ببوون، بڵێسەی ئاور ئاشکراتر ببوو، بە هەر چەرمەسەرێکی بوو لێی نیزیك بووە، ڕەوەزە بەردێك و شکێرێکی گەورە

کە ئاور لەوێ ڕا دیار بوو، بۆلای چوو، دوور و نیزیکی چوارپێ وەڕین، لە جێی خۆی هەلّترووشکا و ئاسکێی هێنا خوار و درێژی کرد، پەستەکی بەری داکەندو بە سەر دەم و چاوی دادا، بە تەنیا بۆلای ئاور چوو، دەنگیان دا.

ـ کوڕە کێی؟ کوڕە کێی؟

هاواری بەرز بوو:

ئەمنم، غەریبم.

ـ کێی، دێوی، درنجی، ئینسانی؟

ـ غەریبم برا، لێم قەوماوە.

چوارپێ هاتبوونە نیزیکی و دەورەیان دابوو و پێی دەوەڕین، لێی هاتنە پێش‌تر.

ـ بەو شەوە لێرە چدەکەی؟ لە کوێ لێت قەوماوە؟

ـ سەلام و عەلێکم، برایان غەریبم و شارەزای ئەو ولّاتە نیم، خێزانم نەخۆشە، ئەوە لێرە کەوتووە، وەرنە یاریدەم.

چەند هەنگاویان مابوو ڕاوەستان و چاویان تیژ کرد، چوارپێکان دەیان مڕاندو دەوەڕین.

ـ خەلّکی کۆیی؟ لە کوێیڕا هاتووی؟

ـ خەلّکی سابلّاغێم. چووبووینە زیارەتی شێخی، ڕێمان لێ هەتلّە بووە.

لێی هاتنە پێش‌تر، ڕوخساری دە تاریکی‌دا کەم‌تاکورتێك وەدیار کەوت، بەدەست ئاماژەی ئاسکێی کرد و کوتی:

برا خێرابن، کوڕە خێزانم ئەوە دەمرێ.

یەکیان لەسەر جێی خوی ڕاوەستا و ئەوەی دی‌کەیان لەگەلّ چوارپێکان بۆلای ئاسکێ چوو، داهاتەوە و پەستەکی لەسەر دەم و چاوی لابرد و لێی ورد بۆوە.

ـ بایز، خێرا بە کوڕە ڕاست دەکا.

ئاور خۆش کرا، بۆنی داری سووتاو، بۆنی ژیان و ژیانەوە بوو، ئاسکیٚ لە قوژبنی شکێرەکە درێژ کرابوو، پەستەکەکەی هەروا بە دەم و چاوی دا درابوو، پیاوەکان لە دەوری ئاور دانیشتن، گەرما وردە وردە، بەرگی تەڕی ویشك کردنەوە، شوانەکان خێرا کەتریان لەسەر ئاور دانا و پێخۆریان بۆ هێنا، باران توونددتر لە پێشوو دەستی پێکردبوو و مەودای چەخماخەی هەوران و هەورەتریشقە کەمتر، چرچاوی ئاسمان دەم بە دەم دادەڕووشا، دەتکوت پلێنگێکی بریندار پێنگۆڵی ئاورینی بە دەم و چاوی ئاسمان دادەهێنا و دەینەڕاند. چایان بۆ تێکرد و لەبەر دەستیان دانا، بێ‌ئەوەی چاوی لەسەر هەڵگرن قسەیان لەگەڵ دەکرد.

ـ لە کوێ ڕا دەهاتنەوە؟

چایەکەی هەڵگرت و دەنێوان دەستی گرت. عەتری چا دە مێشکی گەڕا.

ـ چوو بووینە زیارەتی شێخی.

ـ شێخ کێهە؟ شێخ نەجمە.

ـ نا شێخ جەماڵ.

ـ ئەدی بۆ بەو شەو و بارانەی گەڕانەوە؟

چایەکەی بۆ دەمی برد و قومێکی خواردەوە، زۆرتر بۆئەوەی ماوەیەکی بۆ دۆزینەوەی وڵام هەبێت. سەبرێکی قرۆشکەی دانا پێش خۆی.

ـ منالی چکۆڵەمان بەجێ هێشتووە، کوتم با زوو بچینەوە کەچی ڕێمان لێ ون بوو.

ـ ئەدی بە پێیان بوون؟

ـ ئادی، خێزانم نەزری کردبوو بە پێیان بچین.

ـ حەك ماڵوو نەشێوێ، جا قەت ئەوە بووبە کار؟

ـ جا دەڵێی چی براله.

چایەکەی هەڵگرتەوە و بۆلای دەمی برد و قومێکی دی لێ خواردەوە ئێستاش دڕدونگی لە ڕوخسار و ئاکاری شوانەکان دەدتیرا.

ـ جا چاکە لە سابلاغێ ڕا بە پێیان هاتوون؟
ـ ناوەڵا ماڵە بابی خێزانم لە نواوێیە، مناڵەکەشمان لەوێ بەجێ هێشتووە.
ـ نواوێ پەنا دۆڵە تووی؟
ـ ئادی.
ـ ئەدی بۆ ئاوا هاتوون؟
ـ بڵێم چی شەومان بەسەر داهات و ڕێمان لێ تێك چوو، بۆ ئێرە کوێیە؟
ئەوی جحیلێترەکە کەتریەکەی هەڵگرت و قروشکەی پڕ کردەوە و کوتی:
ـ ئێرە مڵکی قادرئاغایە.

لاوەکە چاوی دە دەرێ بڕی، جارجار چاوی بزنێکی دە تاریکیدا دەتروسکاوە. وردە وردە گەرما دەلەشی گەڕا و هەستی دەکرد چاوی قورس بۆت و خەو دایگرتووە بەڵام نەیهێشت خەو بەسەری دا زاڵ بێت. تاریکی بە وێنەی بەرگی هەژاران هەر دەهات و کاڵ دەبۆوە، شەو چی وای بە بەرەوە نەمابوو. تاپۆی کێوان وەدیار کەوت. مژێکی زۆر بەسەر سەری زەویدا دەسووڕا. وەنێو دارستان کەوتبوو، لە دەلینگ و دەست و لەشی داران هاڵابوو، بە بەرۆکیاندا هەڵدەکشا، هەتا سەر توێلیان دەچوو ئەزنە دەهاتەوە خوار و ئامبـازی ڕەوەزە بەرد و گرانەبەردان دەهات، لە سەریان هەڵدەخلیسکا و دادە گەڕاوە خوار، لە ناو کەندولەندان دا ڕادەوەستا و سەر لە نوێ هەڵدەستاوە وەك خەیاڵ هەر دەم بۆ لایەك دەکێشرا. هەور هەر وەك کەلی کوتانێ لە هەریمی ئاسمان سینگیان داکوتابوو و نەدەبزووتن. ئاسمان بە قینەوە دەیڕوانیە زەوی. شوان هەرتك چووبوونە لای بزنان، دەنگە دەنگیان دەهات. چاوەشەکە پاڵی بە دیواری شکێرەکە دابووە و بەرامبەر بە کۆگا ئاورەکە خەونۆچکە دەیبردەوە، ئاسکێ گرمۆڵە ببۆوە و چەل چەل غلّتە غلّتێکی دەکرد، دەنگی دووری کەڵەشێرێك هات و بە دوای ویدا شەو بە جارێکی ڕەنگی سپی هەڵگەڕا. دەستەیەك باڵندە لە ئاسمانی بۆرباودا وەدیار کەوتن و تیژ بە بەر چاوی

شوانەکاندا چوونە ناو دارستان. شوانەکان خەریکی جلکردنی گوێدرێژ بوون، یەکیان بە سرتە کوتی:

ئەریٚ دەڵێم زۆر لێیان بەشکم. وێناچێ ڕاست بکات.

بەسەرشانی ئەوی دیکەدا چاوی لە چاوەشەکە کرد کە سەری بە دیواری شکێرەکە دابوو ئەوی دیکەش ئاوڕی لێداوە و زوو خەریکی کارەکەی خۆی بۆوە.

ـ ئەمنیش پێموانیە ڕاست بکات.

ـ دەڵێم لەوانەیە ئەو کچەی هەڵگرتبێت. دەڵێی چی بیان بەینە نێو دێی لای ئاغای؟

سەری هەڵێنا و چاوی دە چاوی بڕی.

ـ جا بەئێمە چی؟ سەرمان نایەشێ دەسرەی بۆ لێ بەستین؟ ئەوجار بۆ بیانبەین، کەیفی خۆیانە، بۆ ببینە دڕووی مەم و زینیان، شەوێ پەنایان بۆئێمە هێناوە و پەنامان داون، نە دەیانناسین، نە دەزانین کێن. چمان لێداون، ئەوجار چۆنی دەبەی، خۆ منالٚ نیە. چاوت لە کەواکەی کرد، خوێنی پێوە بوو، دیارە کابرایەکی زۆر ڕەشیدە.

گوێدرێژەکە جارجار هەنگاوێك بۆ پێشێ یان هەنگاوێك بۆ دوایە دەڕۆیی.

ـ هۆش، هۆش. ئەی دایکی خێوت بە کەران دەگێم ئەوە بۆ ڕاوەناستی.

دەنگە دەنگی شوانان وەخەبەری هێنان، هەستا سەر پێ و خۆی لە بەریەك کێشاوە و پشت دە ئاسکێ و ڕوو بە ئاور چاوی لە دەرەوەی شکێر بڕی. ئاسکێ سەبرێکی پەستەکی سەر دەم و چاوی خۆی نەختێك لادا و چاوی لە دەوروبەری کرد. بۆ ماوەیەکی سەری سووڕمابوو. ئێرە کوێیە؟

لە پڕ وەك وەهۆش هاتبێتەوە تەواوی ڕووداوەکانی یەك جێ هاتنە پێش چاوی، ئەوجار بەپەلە پەستەکی لادا و هەستا دانیشت، چاوەشەکەی دیت، پشت دەوی دانیشتووە. خێرا لەچکەی داخزاوی سەر ملی لەسەری بەستەوە، لاوەکە ئاوڕی لێداوە و حەپەسا.

جوانی وای تا ئێستا نەدیبوو. چاویان لێك هاڵقا و تێك ڕامان، پەیکەرێکی ئاورین بوو دەقالبی ئافرەتێكدا“ دەست نەیدەوێرا، پەیکەرێکی سازکراو لە باران و مژ بوو“ کەس توانای گرتنی نەبوو. زمانی لێ تێكهالاً، گێژ و وڕ مابوو، جادوو کرابوو، ئاسکێ لەبەری هەستا و سلاّوی کرد،تالێکی مووی ڕەشی کەوتبووە سەر ملی بە شنەی بەیان گەمەی دەکرد.

✧ ✧ ✧

بوومەلێڵ بوو، ئاسمان بۆر دەچۆوە، قڕە قڕی دووری قەلّە ڕەشە و قاژوان لەسەر چلۆکی راج و چناری کەنار باغان ڕادەهات، پۆل پۆل بە ئاسمانێوە دەبوون، لە کۆلاّن دەنگە دەنگی ژنان و قیژ و هەرای منالاّن بڵێند و نەوی دەبوو. دڵی گیرابوو، سوارە لەسەر رایەخە کۆنەکەیان لەسەر پشت درێژ ببوو و سەبر سەبر دەست و لاقی لێدەداو گاڵ و گغی دەکرد، هەستا سەر پێ و سوارەی جوان داپێچا و بەکاوەخۆ لە ژوور هاتە دەر، پەردەی دیوی پوور فاتم دادرابووە و لە ماڵ نەبوو، دوو سێ ڕۆژ بوو لەگەڵی نالووت بوو و خوی تێ نەدەگەیاند، دەرگای کووچەی کردەوە و هاتە بەردەرگا و لەسەر خواجەنشینەکە دانیشت.

سوارەی لەسەر کۆشی داناو سەبرێکی ئاوڕی لەولا و ئەولای کۆلاّن داوە. ژن دەستە دەستە لەبەر دەرگایان دانیشتبوون و سەر قالّی قسان بوون و منالّ هار و هاج پڕ بە کۆلاّن هەرا و هورایان دەکرد. سەری بەرداوە و خەریکی کایەکردن لە گەڵ سوارە بوو کە چاوی ڕەشی تێبڕیبوو. خەیاڵ هەڵیگرت و ڕۆیی، بیری ماڵە باب و فەقێ ڕەسووڵ و خزم و دۆستان. نەیزانی چماوەیەکە ئاوا دانیشتووە و سەری بەرداوەتەوە. چەل چەل هەر گۆیی لە دەنگە دەنگی نێو کۆلاّن نەدەبوو، بەلاّم هەستی کرد دەنگ کەم بوونەوە، لەپڕ تەقەی سمی ئەسپێکی سەرنجی ڕاکێشا. سەری هەڵبڕی و ئاوڕی لە لای هەورازەکە داوە، ئەسپێکی سپی بۆلای دەهات، خورپەیەك وە دڵی کەوت و یەك پێ هەستا، حاکم گەیشتبوو ڕاست وی. ئەسپ حیلەیەکی سەبری کرد، گۆیی لە مووچەوە برد، خەیاڵ

وەك باڵندەیەك دەچاوی ماردا مت بوو، پشووی دەسینگدا قەتیس ماوە، هەستی دەکرد دەست و لاقی بە قسەی ناکەن، حەپەسا بوو، لێوی وەلەرزین کەوت، حاکم لەسەر پشتی ئەسپ لەوی باشتر نەبوو، جادوو کرابوو، وەك پەیکەرێکی بێگیان، بێ جووڵە و تەکان مابۆوە، خەیاڵ بۆخۆشی نەیزانی چۆن لەو حاڵە ڕزگاری بوو، بەپەلە پرووزی غاریداوە ژوور و دەرگای داخست و پشتی بەدەرگا وەنا. دڵی توند توند لێی دەدا، ترس و شەرم و دڵخورتی و دەیان حاڵەتی دی دەخۆیان پێچابوو.

چاوەڕێ بوو، چاوەڕێی تێپەڕینی زەمان و حاکم، کەچی ڕاوەستابوون، نەدەبزوتن، سوارەی توند بە باوەشەوە دەکوشی، جۆرێك کە وە گریان کەوت و لە ترسی ئەوەی حاکم نەزانێت لە پشت دەرگا ڕاوەستاوە بە هەڵاتن بۆلای ژووری هەڵاتەوە، تەقە تەقی سمی بارگینەکە وردە وردە نزم بۆوە بەڵام دڵی وی هەروا دەیکوتا و دەیکوتا، دەست و پێی لێ تێك چوو بوو، نەیدەزانی چبکات، بەپەلە هاتە بەر دەلاقە و بە ئاستەم سەری بردە پێش و کۆڵانی چاو لێکرد، لەوسەری کۆڵان ئەسپ و حاکم دەهاتن تێکەڵ تاریکی سەری شەو بن. منداڵ هەرا و هورایان دەهات" تاوەکە وەرەوە کوڕە زێڕینەکەت دەگری، نیسیێکە بڕوەوە کوڕە کچەڵەت دەگری.

دوو سێ ڕۆژ بوو نەختێك ئۆقرەی گرتبوو. پێی وابوو ئیدی حاکم وازی لێهێناوە، بەڵام ئەورۆ چاوەکانی سەر لەنوێ ئاوریان هەڵاییساند بۆوە، هەستی کرد هەنگاوێك زۆرتر لە داوەکە نیزیك بۆتەوە، ئاوری خولیایی دە چاوی حاکم دا دیبوو، دەتکووت بەچاو بەرگی لەبەردادەکەنێ. یەك جێ پێیوابوو ڕووت و قووت ڕاوەستاوە،دەستی بە لەچکە و کراسی بەری دادەهێنا و خۆی زۆرتر دادەپۆشی، کۆڵان کەمتاکورتێکی بێدەنگ ببوو، منداڵ تێکڕا وەدوای ئەسپی حاکم کەوتبوون و کۆڵانیان چۆل کردبوو، ژوورەکە تاریك ببوو، پاڵی وەدیواری بن دەلاقە داو هەڵکرووشما، سوارە لە سەر پشت درێژ ببوو و جارجار نووکەیەکی لێدەهات، گوێی لە دەنگی مێردەکەی بوو لە کۆڵانێ لەگەڵ جیرانەکەیان قسەی دەکرد، گورج هەستا سەرپێ و چرای هەڵکرد و بەرەو پیری لە

پلیکانان چۆ خوار، هەیکەلی پیاوانەی مێردەکەی دڵی کەمێك ئەهوەن کردەوەۆ بزەیەك لەسەر لێو بۆلای چوو و پرێسکەی دەستی لیێ وەرگرت و خەریکی ئاو پێداکردن بە دەست و دەم و چاوی بوو، بەڵام لە ناخەوە بیری ئەو ڕووداوەی دەمێك پێش لێی هەڵدەقورینجاند.

حاکم قەڵس و تووڕە، ئەو لەبەر هەڵاتن و دەرگا داخستنەی زۆر لیێ گران هاتبوو، دەتکوت ئەو پەیکەرەی لە خەیاڵدا بۆخۆی سازکردبوو، چڕژیدابوو، جاروبار بیری دەکردەوە ئافرەتێکی هەژار چۆن دەوێرێت بەرامبەر بە ویستی وی ڕاوەستێت، وەك ڕاوچێیکی کە نچیرێکی بۆ نەگیرێت و سەر لە نویێ لە شوێنێکیتر تووشی بێت بەڵام دیسان بۆی نەگیرێت.

بەسەر ڕێی هەموو ڕۆژاندا ئەسپی تاودا، توند و تیژ، وە چوارناڵی خست، داخی دڵی دەبا بە شتێك دەرکردبا.

چکۆڵە ببوو لە ڕاست ئافرەتێکی، سام و هەیبەتی نەیتوانیبوو تێکی بشکێنیێ، ماندوو و هیلاك گەڕاوە دارالحکومە. زۆری پیێ گران بوو دیسان بە کۆلانی ماڵە خەیاڵ دا بڕوات. دەتکوت ترسێك، هەستێکی ناخۆش لەو کۆلانەدا پێشی پێدەگرێت. ئەو کاتەی خەیاڵ بە توندی لەبەری هەڵاتبوو و دەرگای داخستبوو دەهاتەوە پێش چاوی. یەکێك پێی خۆش بوو لە ناخەوە ئازاری بدات و زوو زوو ئەو شانۆیەی دێناوە پێش چاوی.

ئیشکچی ئیکلامیان کێشا و دەروازەیان کردەوە. مەیتەر غاری داو هەوساری لیێ وەرگرت خوت و خۆڕایی قەمچیەکی توندی لەسەری دا و جوێنێکی پێدا. یەکسەر چوو بۆ تالاری گەورە. دەیان شەم لە ئاویزەدا هەڵکرابوون و ترووسکەی کەل و پەلی زیوێن لە سەر تاقە و رەفحان لە چاویان دا، هەستی کرد لێرەش هەر ئەو دۆخە ناخۆشە بەری نەداوە، رك و قین دەخۆیان گرتبوو، قامچی بە تووڕەیی لە قەدی چەکمەکەی دەدا و سەری بەردابۆوە و ڕاوێچکەی دەکرد.

ـ قوربان.

بە تووڕەیی سەری هەڵێنا ، پێشکار لە بەر دەرگا ڕاوەستابوو.

ـ ماندوو نەبی.

جوابی نەداوە.

ـ قوربان سوارێك لەلای حاکمی سەقز ڕا هاتووە، نامەیەکی هێناوە.

ـ بە جەهەنەم.

پێشکار سەری زمانی گەست. زانی قەڵسە ونابێ لەسەری بڕوا. کڕنووشێکی برد و پشتاوپشت گەڕاوە دەر. حاکم هەرچەندی دەوروبەری زۆرتر لێی دەترسان و کڕنووشیان بۆ دەبرد، زۆرتر هەستی بە چکۆڵە بوونەوە لە حاست خەیاڵ دەکرد. ڕووحی خۆ پێزۆری، توانای هەڵگرتنی ئەو بارەی نەبوو، قەتی بۆ نەهاتبۆ پێش، هەرچی ویستبووی هەروا بۆی چووبۆ سەر هەمیشە هێزی دەدەست خۆیدا دیتبوو، هەمیشە لە بڵێندی ڕا دەیڕوانیە خوار، بەڵام ئەورۆ تێك شکابوو، نەیدەزانی دەبێ چبکات یان ئەو دەردەی چۆن چارەسەر پکات. شکانی حاکم گرانترە لە ئی هەژار، هەژار خووی گرتوە، وەك مێو وایە. سەر لە نوێ وێنەیەکی دی بە خۆی دەگرێت، بەڵام حاکم کە بشکێت، هەڵنابەسترێتەوە، شکابوو، ماوەیەك هەروا بە توندی هات و چۆی کرد. پەردەی تالار دادرابوونەوە، چوو بۆلای پەردە سوورەکە و دەمێك هەروا ڕاوەستا و ئەوجار بە توندی پەردەی لاداو چاوی دەشار بڕی، لە کۆڵانێکی تەسك و باریك کزە کزی چرایەکی چکۆڵە دەڕژا نێو چاوی.

✧ ✧ ✧

حەسەنئاغا لەسەر هەیوان ڕا هەرای کوێخا سمایلی کرد:

کوێخا، هۆی کوێخا.

ـ بەڵێ ئاغا.

بەرامبەری دەستە و نەزەر ڕاوەستا.

ـ چدەفەرمووی ئاغا؟

ـ کورە خێرا پیاوی لە دووری عەزیز سەر رووت و کوڕەکەی بنێرە بێنە ئێرە.

بەـ چاوان ئاغا. کێهە کوڕی ئاغاگیان؟

ـ چووزانم. ئەوەی دەسگیرانەکەیان لێ بە دیل گرتۆت.

کوێخا بەپەلە ڕۆیی. قەنەکێشێك پێ چوو، سوارێك لە دۆڵە توو وەدەر کەوت، درەنگانێ دوو سوار بە پڕتاو بەرەو دۆلە توو دەهاتن. کوێخا بەهەڕەمە هاتە سەر ڕێگا و دەستی کردە سەیوانی چاو و تێی ڕواندن، دوور و نیزیکی هەوساریان کێشا و مەودایەکی دەست و موشتاخی کوێخا بوون. کوێخا کوتی:

خێرا بچنە ماڵە ئاغای، کاری پێتانە.

عەزیز دوو سێ هەنگاو پێش‌تر لە کوڕەکەی لە رێزی کوێخا دەڕۆیی، کوتی:

نازانی چکاری پێمانە؟

ـ نە بەخولای، بەلاّم وا وێ دەچێ کارێکی گرینگی پێتان بێت، چوونکینێ لە دووی مەلا و ڕدێن سپییانی ناردوە، ئەوە هەموو لەوێن. بڕۆن دەی درەنگە، ئەوە لە دیوەخانێ چاوەڕێتانە، ئەمن هێندێکم کار هەیە هەتا ماڵێ دەچم.

لێیان جیا بۆوە و رێگای کل کرد و ڕۆیی. بەوە ژوورکەوتنیان ڕدێن‌سپی زۆربەیان لە بەریان هەستان و تاقمێکیشیان لە پەنا مەلا قوونەجوولەیەکیان کرد و ولاّمی سلاّویان دانەوە.

ئاغا لەسەر جێی خۆیڕا بە خێرهاتنی کردن.

ـ بە خێرێی عەزیز، بە خێرێی کوڕە، دانیشن.

جەماعەت دانیشتەوە، عەزیز بە سەر و دەست و زمان چاك و چۆنی لەگەڵ دەکردن، دوای ئەوەی هەموو دانیشتنەوە ئەویش لە پەنا دەرگا لەسەر چوك دانیشت و فەقێ ڕەسووڵ هەروا بە پێوە لە ڕاست دەرگا ڕاوەستا، ئاغا ئاماژەی پێکرد و کوتی:

ئەتوش دانیشە.

فەقێ سەبرێکی لە پەنا بابی دانیشت و سەری بەرداوە. بێدەنگی بە سەر دیوەخان دا زاڵ بوو، لە دەرێ دەنگە دەنگ دەهات، ئاغا بێدەنگی ژوورێی شکاند و کوتی:

عەزیز کوڕە بۆیە لە دووتم نارد، پێت بڵێم ئەو کچە بە دیلگیراوەی لە ماڵە کوێخا سمایلێیە، ئەوە پێشکەشی کوڕەکەتم کرد، گوایە دەستگیرانی وی بە دیل گیراوە.

ـ بەڵێ ئاغاگیان.

ـ ئەوە مەلا و ردێنسپیشی لێیە. هەر ئەوشۆ مارەی کەن، خەمی جیاز و شتیش مەخۆن، بۆخۆم بەرعودەی دەبم.

عەزیز سەر ڕووت بەبزەوە کوتی:

خودا چاکەت بۆ پکات ئاغاگیان. فەرمایشی تۆ لەسەر چاوم دادەنێم.

دەنگی موبارەکە موبارەکە پەیدا بوو. فەقێ کاس و گێژ گوێی لێبوو و متەقی لێ نەدەهات، دەنگە دەنگ لە ژوورێ بڵیند بوو، ئاغا بەدەنگی بڵیند بە نۆکەرێکی کوت:

کوڕە بە کوێخا سمایلی بڵێ ئەو کیژەی بێنێتە ئێرە.

بەچاوان ئاغا.

هەر دوو دوو و سێ سێ پێکەوە سەرقاڵی قسەکردن بوون، قوڵتەی قەنەی ئاغا جارجار دەهات و دیوەخان بە هۆی دووکەڵی سەبیلان تەماوی و لێڵ دەینواند. فەقێ ڕەسووڵ یەك دەم ڕۆخساری ئاسکێی لە پێش چاو لانەدەچوو، خەم سەبر سەبر توواوبۆوە، ببوە گریان لە ئەوکی دا قەتیس، کەس هۆشی لەوی نەبوو، چاوی کیژەکە هاتە پێش چاوی.

ماوەیەك دوایە مارەکراوی بوو، ئاغا دەسەری بزن و هێندێکی شڕوشاڵات ڕەگەڵ خست، سپەینەکەی بە سواری ماینێکی بووکیان بۆ گوێستەوە، عەزیز سەر ڕووت دیوێکی چکۆڵەی بۆ زاوا و بووك تەرخان کرد و بزنەکانی ڕەگەڵ بزنی خویان خست، لە مزگەوت نان و چێشتیان داو،داوەتیان بۆ گێڕا.

شەو بە سەر دێی دا زاڵ بوو، دێ دەهات بجەسێتەوە، چرای دیوی عەزیز سەرڕووت و ژنەکەی کووژابووە، چرای دیوی وتمان و خێزانیشی کووژاوە، تەنیا چرایەکی چکۆڵە لە دیوی فەقێ داییسا، سەبری لە قوژبنی ژوورێ هەڵکرووشمابوو و سەری دەباڵ خۆی نابوو، فەقێ نەیدەدیت، لەو دونیایەدا نەبوو، لەنێو دونیای هەراوی خەیاڵات دا رایدەبوارد و جارجار چاوی سەبری لە نێو لێردا، نیگاهی پڕ لە ترسی دەهاتە پێش چاو و بە سەیری ئاوڕێکی لێدەداوە، بەڵام سەبری هەروا سەری لەسەر چۆکی دانابوو، چارەنووس لافاوێك بوو ڕامالّی دابوون، لە جێی خۆی هەڵقەند بوون، بە دار و دیواری دادا بوون، پەلە قاژەیان کردبوو، دەستیان هاویشتبوو بۆ لك و بنکی دارێکی، لکی دەوەنێکی،ببێتە دەستگیریان،بەڵام لافاو و بەهێزتر بوو، ئاخری خستبوونیە پەنا یەکتر بێ ویست و خواز، جارجار هەستی دەکرد، ڕکێك، کینەیەك، دڵی دادەگرێت، بەڵام نەیدەزانی چۆنی بڕێژێت، بەسەر کێیدا بەتاڵ کات، کێ تاوانبار بوو. سەبری ئاوڕی لێداوە، ئەویش بێتاوانە، بە دیل گیراوە، دەگری، زگی پێدەسووتا، داخوا ئاسکێیش هەر ئاوای لێ بەسەر هاتوە، ماندوو بوو و مات و کەسەر لەبەر دەلاقە لاچوو و هاتە بەرامبەر سەبری و پاڵی بە دیوارەکە داو سەری بۆلایەکی لار کردەوە، جێوبانیان بۆ ڕاخرابوو، جێ و بانێك کە نشانەی نیزیکیان بوو، کەچی یەکجار لێك دوور بوون، هەرکامە دەخەیاڵێكدا، دە بیرێكدا، ڕێی ساڵها لێك دوور بوون، ئی دوو دونیای دیکە بوون، لافاو هێنابوونی.

شەو ڕووبارێك بوو ئارام ئارام دەخوشی، بێدەنگ و هەرا، نەیزانی کەنگێ و چۆن خەو ڕفاندبووی، چاوی هەڵێنا لەسەر جێگا درێژ ببوو و لێفەی پێدادرابوو، هەمووشتێکی وەبیرهاتەوە، لە تاریك و ڕوونی بەیاندا چاوی گێڕا، تاپوی سەبری دیت هەروا لە جێی شەوێ هەڵکرووشمابوو. برووسکەیەکی چکۆڵەی خۆشەویستی لە شەوزەنگی دڵیدا لێدرا، بەڵام زۆر زوو بزر بووە.

شەو و ڕۆژ تێپەڕین، وردە وردە سەبری ڕاهاتبوو، بەڵام فەقێ هەر وەك جاران بوو، زۆرتر لە دنیای خوی دابوو، ئێستاش سەبری نەدەدیت، لە پەنا یەك بوون، دەباڵ یەكدا، ژن و مێرد، بەڵام نەیدەدیت، جاروبار سەبری دەهاتە پێش چاوی، بەڵام زوو لای دەدا، بیری ئاسکێ لەگەڵی بوو، ئازاری دەدا، بڕوای بەو لافاوە نەدەکرد، گەرچی باسی نەدەکرد بەڵام لە دڵیدا گرێیەك هەروا هەبوو، سەبری وردە وردە حەولی دەدا بیکێشێتە لای خوی، لە بیری بباتەوە، بۆیە قەت نەیدەویست باسی ڕووداوەکە بێتە پێش، بەڵام فەقێ یاریدەی نەدەدا، سارد و سڕ دەیڕواندە هەمووشتێك، بێ هەست و ئیحساس.

✧ ✧ ✧

هەتاوی بەیان نەخۆشێك بوو لە جێ هەستا، ڕەنگ زەرد و کز بەرەوپیری سروشت، مژوتەم ئێستاش دەنێو دارستان دا وەستابوو، سەبر سەبر بە پێهەڵی چیاکاندا هەڵدەخوشی، کات بە کات بەشێکی زورتر لە لەشی ڕەنگاوڕەنگی دارستان وەدیار دەکەوت دەنگی شوانان کە بزنەگەلیان دەنگ دەدا بەرزتر دەبووە، یەکیان بەپەلە خۆی گەیاندە زارکی شکێر و ڕووی تێکردن و کوتی:

ـ برالە ئێمە دەبێ بڕۆین، ڕۆژ درەنگە، ئێوە دەتوانن بچنە نێو دێ و ئەوڕۆ میوانی قادرئاغای بن، دەرکی بۆ میوانان ئاوەڵەیە.

چاوەشەکە هاتبوو زارکی شکێر جوورێك کە پێش بە چاوی بگرێت و کوتی:

ماڵوو ئاوەدان بێت، ئێوە بەخێرچن.

شوان ماڵ ئاوایان کرد و بەدوای بزنەگەڵدا بە شاخی هەڵگەڕان. بزن بزۆز و ئەشقی ملیان بۆ سەرلکی بڵیندی دار و دەوەنان درێژ دەکرد، وەسەر جێی ئاستەم دەکەوتن و گومەتیان دەدا.

ـ هاتەوە ژووری شکێر و بەرامبەر بە ئاسکێ ڕاوەستا:

هەستە با بڕۆین، درەنگە، ئێستا خەڵك بە وڵاتەوە دەبن، دەمان بینن، هەستە با بڕۆین، ئاسکێ هەستی دەکرد ناسازە، ئازای ئەندامی دەتکوت کوتراوە، بێ ئەوەی وڵامی داتەوە هەستا سەر پێ و ئامادەی ڕۆین بوو.

ملی ڕێگایان گرتە بەر و چوونە نێو دارستان، خەزەڵ تەڕ و خووساو لە ژێر لاقیان خشەیەکی سەبریان لێ دەهات، تیشکی هەتاو کەمتاکورتێکی گەیشتبوو نێو دارستان و بە کەلێن و کولێنی داراندا دەکەوتە سەر زەوی، قوناخە ڕێیەك ڕۆیبوون، دار ئەستوورتر و بڵێندتر ببوون، لە نەکاو بالوورەیەك دەستی پێکرد، نەرم نەرم، دەتکوت دەنگ دەستی دە ئەستۆی سروە کردبوو. بە حاڵ دەهاتە گوێی ئاسکێ، بوی حەیان نەبوو لەکوێڕا دێت، لە پشتە سەر ڕا، لە بەرامبەر، لە ئاسمان، لە دڵی خۆیدا، بە سۆز تێی هەڵکرد، تیژ تیژ، ئاور بوو کڵپاتەی هەتا حەویقی ئاسمان دەڕۆیی، لە پڕ دەنگ نەما، بێدەنگێکی سەیر وڵاتی داگرت، ئاوڕی داوە، تەنیا هەنیسکی ئاسکێ بوو دەهات، بۆی گەڕاوە.

کچێ ئەوە بۆ دەگری؟ ئەوە نیە دەچێوە نێو خزم و کەست. ئەدی ئەو گریانەت لە چیە؟

ئاسکێ سەری دەبەر خۆی نابۆوە و دەگریا، فرمێسك تنۆك تنۆك دەهاتنە سەر گۆنای لێی چۆ پێش‌تر و بەرامبەری هەڵترووشکاو بە سەری قامك چەنەگەی هەڵێنا و چاوی دە چاوی بڕی، هەستی کرد تێیاندا نووقم بوو، وەك شیرنە خەوی بەهار کە وەرزێڕی ماندوو تێیدا نووقم دەبێت. خۆی لە بیر چۆوە، دارستانێکی سەوز و گەشی دیت، هەزاران پەپوولەی نەخشین لەسەر چیمەن و گوڵان دەسووڕان، ڕەوە ئاسکی شەنگ ملیان بەرز دەکردەوە و تێیان دەڕوانی، لە پڕ سڵەمینەوە و گۆمەتیان دا، تەنیا ئاسکێك هەروا تێی ڕامابوو، سوورە کەروێشکێك لە بن پنچکێکی دەرپەڕی، وەخۆ هاتنەوە.

ـ پێم بڵێ بۆ دەگری، ئەوە نیە دەتبەمەوە دێی خۆتان؟!

ئاسکێ پاڵی بە کۆتەرەی دار بە روویەکدا و ملی بۆ لایەک لار کردەوە، ئەسرین بێدەنگ دەڕژانە خوار.

ـ ئەمن ناچمەوە دێی خۆمان.

سەری هەڵێنا و چاوی دەچاوی بڕیوە.

ـ وەرە دەبەر ئەو کەوشانەت مرم مەمبەوە دێی.

واقی وڕما و حەبەسا.

ـ بۆچی ئەخر؟ لەبەر چی؟

ـ چۆنت پێ بڵێم، ئەمن تازە ناتوانم لە دێی خۆمان لە نێو کەس و کارمدا سەرم هەڵێنم، هەتا هەتایە بە سووکیم چاو لێدەکەن و دەبێ بە سەرشۆڕی بژیم.

سەری خستەوە سەر ئەژنۆ و بە کولێتر گریا، چاوەشەکە ئاوڕێکی لەوبەر ئەوبەری داوە دەتکوت بەتەمایە یەکێك، شتێك بێتە هانای بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك، بەڵام تەنیا جووڵەی سەبری گەڵای ویشکی دارانی دیت.

ـ ئەخر، خوشکی من چۆن شتی وا دەبێ خۆ ئەتۆ بۆخۆت ڕەدوو نەکەوتووی بە دیلیان گرتووی، ئەوجار ئەلحەملای هیچیشت لێ نەقەوماوە، ئەوە ساخ و سەلیمی بۆ ناچیوە، مەگیم نەتکوت دەستگیرانت هەیە؟

ئاسکێ بە کولێتر گریا، جورێك کە تەواوی شان و پیلی لەرێوە.

ـ هەر زۆرتر لەبەر خاتری وی ناچمەوە، نامهەوێت سەبارەت بە من بۆ هەتا هەتایە سەرکونەی بکەن.

دەستی بە ئاسپایی لە سەرشانی دانا.

ـ ئەدی بۆ کوێ دەچی؟

سەبر سەری هەڵێنا و چاوی دە دووری بڕی.

ـ هەر شوێنێکی دیکە بێت، لە هەر جێیکی دونیا، ئیدی بۆ من جیاوازی نیە، بەڵام ناتوانم بچمەوە ماڵە خۆمان، با وەبزانن کوژراوم، هەر لێرە بە جێم هێڵە، بەڵام سەریان لە ڕاست خەڵك شۆڕ نەبێت. چاوی دە چاوی بڕێوە.

ـ بە جێم هێڵە با گورگ بمخۆن، لە وەی چاکترە.

چاوەش تێمابوو، نەیدەزانی بڵێ چی، ماوەیەك بێدەنگ بوون، خشە خشێك لە پەنا دارێکی نیزیکیان هات، قالۆچەیەکی ڕەش لە بن گەڵای تەڕ و خووساوی سەر یەك دەجووڵاوە.

ـ خۆ ئاخری هەر دەزانن نەمردووی و بە شوێنت دا دێن. ئەو دەم دەڵێی چی؟

ئاسکێ چاوی تێبڕێوە، گۆشەی چاوەکانی بە حاڵ سوور هەڵگەڕابوون.

ـ ناهێڵم قەتم ببیننەوە، نێویشم دەگۆڕم.

دەستی درێژ کرد و سەبر پەنجەی ئاسکێی دە پەنجەی خۆی گرت.

ـ ئاسکێ ئەگەر ئەتۆ ڕازی بی مارەت دەکەم. هەتا هەتایە لەپەنات دەبم.

ئاسکێ بە هەنیسك و گریان و فرمێسك و بزەوە کوتی:

ـ بێتوو ئەتو ئەو پیاوەتیەم لەگەڵ پکەی هەتا دەمرم قەرەواشیت دەکەم. شەرتە هەتا گڵم دەچاو دەکەن ئەو پیاوەتیەت لە بیر نەکەم.

✧ ✧ ✧

لە نێو خەڵك دەمگۆ بوو کچی حاجی حەسەن بۆ کوڕی حاجی مەجید دەخوازن، حاجی حەسەن گەورە بازرگانی شار و نێو بەدەرەوە بوو، پیاوێکی بە قەڵافەت و هێدی و لەسەرە خۆ، زمان شیرین و قسەخۆش، دەرکی ماڵی بە دایم بۆ هەژار و فەقیران ئاوەڵا و هەمیشە پڕ لە میوان، دڵ ئاوەڵا و سەخی هەر لەبەر ئەو سیفەتانە بوو کە هەم لەلای خەڵك ڕێز و ئیحترامی تایبەتی هەبوو و هەم لەلای سەرۆك عەشیرە و هەم لەلای حکوومەت، حاجی مەجید دەیزانی خزمایەتی لەگەڵ ئەو یانی قایم و پتەوبوون، وردە وردە قسەکە وەڕاست گەڕا، ئێوارەی ڕۆژێکی هەینی حاجی مەجید لەگەڵ حەوت

هەشت پیاوی ماقووڵ چوونە خوازبێنی، بەڵێنیان لە حاجی حەسەن وەرگرت و بە خۆشی گەڕانەوە، ژن تێگڕا دەکاردابوون، حەمباڵ پەیتا پەیتا کەل و پەل و شمەکیان دێناوە،کاردار خەریکی قەندشکاندن و ماڵ خاوێنکردن و سەبزی پاککردن. پاتۆڵیان لێ هەڵکێشابوو و توند و بەپەلە دە هاتوچۆدا بوون، میوان بانگێشتن کرابوون و هەرتك ماڵ لە تەداروکی داوەتێکی گەورەدا بوون بە تایبەت ماڵە زاوا. ژن چوار پێنجێك لە مدبەقێ دانیشتبوون و خەریکی کار بوون، خێزانی حاجی شۆخ و شەنگ لە سەرەوەی هەموان دانیشتبوو. پوور فاتم لە پەنای دانیشتبوو و بە دەستە چرچ و لۆچەکانی سەبزی پاك دەکرد، باسی هەموو شتێکیان دەکرد، لە پڕ ئافرەتێك لە دەرگا هاتە ژوور و کوتی:

ـ پوور فاتم، کوڕەکەت کاری پێتە.

ـ دا توخودا پێی بڵێ لێرە نییە، بڵێ چۆتەوە.

ـ ئایەڕۆ پوور فاتم بۆ وە درۆم دەخەیەوە، تازە گوتوومە لێرەیە.

پوور فاتم بە ناقایلی هەستا و چۆ دەر، لە ڕێیە هەر پرتە و بۆڵەی دەهات، ماوەیەکی پێچوو و گەڕاوە، یەك دوو ژن قوونە جوڵەیەکیان کرد.

ـ توخولا هەڵمەستن.

گورج دانیشتنەوە، خێزانی حاجی کوتی:

چی دەویست؟

ـ بڵێم چی خانم وەڵاهی وا لەگەڵی پێوە بووم نەبێتەوە. هەمووش لە بن سەری ئەو ژنەتیوەی دایە. تەماحیان دەو نەختە خانووەی کردوە، دەڵێ بیفرۆشین، دەنا ئەوە دەڵێ بۆ لە کرێیەکەی بەشمان نادەی. ئەخر توخولا خودا هەڵدەگرێ تەماح دەو نەختە پوولەی کەن. بە ناشکووری نەبێ حاجیش وەنێ برێکی تێهەڵدات تەمبێی پکات بەخولای هەر قەدەر ناقەدەرەی ئەوە دەگژم ڕۆدێت.

ـ بە کێت بە کرێ داوە؟

دەستێکی پیواز هەڵگرت و سەری هەموانی ڕێك کرد و لە ژێر کێرد ڕایگرت.

ـ بە ژن و مێردێکی، تەقە منداڵێکیان هەیە. ماڵێکی زۆر بێدەنگن.

ئافرەتێك هەڵیدایە:

ئەرێ پوور فاتم شتێکم بیستوە.

ـ چی هاجەر گیان؟

ـ وەباڵ بە ئەستۆی ئەوەی دەیکوت، دەڵێن حاکم حەزی لێدەکا.

هەموو چاویان دەزاری بڕی و گورج چاویان لە زاری پوور فاتم. کێردەکەی بە سەر ملی پیوازاندا هێنا و کرتەیان لێ هات.

ـ وەڵاهی جا بڵێم چی. ئەما تۆ ئەو خودایە ئەو قسەیە لێرە نەچێتە دەر، ئەرێوەڵا ڕاستە.

هەر ئەوژن کوتی:

ئەمن نەمدیوە بەڵام دەڵێن یەکجار جوانە.

پوور فاتم بە پشتی دەست ئەو پیوازانەی چاکی کردبوو کشاندێوە و کوتی:

ئەرێوەڵاهی دەڵێی مینای بێگەردە، بەخودای تەمەنم ئەوە ئەوەندەیە، ئێستا جوانی وام نەدیوە. لە سەر چاوی کوێری دانێ چاك دەبێتەوە دەنا قەتیش بە خۆی ڕاناگا، قسەکەی بە تەوس بوو و حاجیژن نەختێك پێی تێكچوو.

یەکێك لە ژنەکان کوتی:

جاباشە کەینە و بەینەشیان هەیە؟

دەنگی حاجی لە حەوشە بەرز بوو، خێزانی بەپەلە پرووزی هەستاو چۆ دەرو لەدووی قسەیان نەدا.

بۆ سپەینێ چێشتانێ حاجی مەجید کۆك و پۆشتە لە ماڵ هاتە دەر، کار و باری داوەت ڕێك و پێك کرابوو، میوان بانگێشتن کرابوون، حاجی ڕێی دارالحکوومەی گرتە بەر، دوای ئیزن وەرگرتن چۆ خزمەت حاکمی، حاکم تازە لە کاری مۆرکردنی کاغەزان

ڕزگاری ببوو پاڵی بە پشتی کورسێ چەرمینەکە دابوو. حاجی سڵاوی کرد و داهاتەوە و دەستە و نەزەر ڕاوەستا. حاکم بە ساردی چاوی تێبڕی.

ـ بەخێریێ. وەرە دانیشە.

بە سەر ئاماژەی کورسیلەیەکی بەرامبەر خۆی کرد، حاجی خێرا هات و دانیشت بەڵام پاڵی نەداوە و هەروا قیت بەرامبەری دانیشت. نۆکەرێك گورج کەشەفێك لەسەر دەست بۆلایان هات و سەرەو فینجانێك قاوەی لە بەر دەست دانان و گەڕاوە دەر. حاکم لاقی هاویشتە سەر لاقی و کوتی:

حاجی چخەبەرە؟ چۆنە هاتووی؟

حاجی بزەیەکی هێنا سەر لێوی باریکی و کوتی:

قوربان ئەمن هەمیشە خزمەتکارم، بەڵام بەسەری موبارەکت هێندە گیروگرفت زورن پیاو دەرفەت ناکا ئەرکی سەر شانی بە جێ بێنێت.

حاکم چاوی ڕۆیبوو و مات و کەسەر پاڵی دابۆوە، وەك لە هاودەمی حاجی هەر بەوماوە کەمە وەڕەز بوبێت. حاجی هەستی پێکرد.

ـ قوربان بۆیە هاتوومە خزمەت عەرزت کەم لەسەر ئیزنی جەنابت ژنم بۆ بەندەزادەی خواستوە، جا کوتم هەم ئیزن لە جەنابت وەرگرم و هەم ئەگەر بێتو گەورەمان کەیەوە تەشریفت بۆ داوەتەکە بێت، منەتێکی یەکجار زورت لەسەر داناوین.

حاکم سەبرێکی کوتی:

موبارەکە.

ـ قوربان ئیشەڵا ناهێڵم ناخۆشت لێ بوگزەرێت. بە محەممەد چاوەشم کوتوە بە خۆی و خێزانی بێت.

چاوی دەو کاتەدا تررووسکانەوە.

ـ قوربان بەسەرت دەنگی هێندە خۆشە نەبێتەوە.

حاكم لە پڕ ڕەنگی گۆڕدرا، ڕوخساری خەیاڵ تەواو و کەماڵ لە پێش چاوی بوو، هەستی کرد ڕەنگی دەم و چاوی گۆڕدراوە و بۆئەوەی حاجی هەستی پێ نەکات بەپەلە دەستی بۆ فینجانی قاوە درێژ کرد و هەڵیگرت.

ـ جا قوربان بێتوو ئەو چاکەم دە حەقیدا پکەی هەتا دەمرم قەتم لە بیر ناچێت.

حاکم رەنگی هاتەوە سەرەخۆ، بەڵام لە ناخەوە بیری ئەو ئافرەتە ئازاری دەدا. سەبرێکی کوتی:

بابزانم.

ئاخرین جاری دیتنی وەبیر هاتەوە. دەرگا داخستنی بە توندی، نەیدەتوانی نەچێت و نەیبینێتەوە، لێی ببوە ئازارێك،دەردێك. لەگەڵی بوو، بە تایبەت تامەزرۆی دیتنی مێردەکەی بوو. دەیهەویست بیبینێت، بزانێت چۆنە، دڕدونگ بوو ئایا قسەی حاجی کە باسی خەیاڵ و مێردەکەی کردبوو بە هۆی ئاشکرابوونی سوڕی وی بوو یا هەروا کوتبووی.

حاجی سەبرایەکی فینجانی قاوەی بۆلای دەمی برد. دەیزانی قسەکەی کاری خۆی کردوە. هەر شەوێ کە خێزانی بە سرتە ئەو قسەی پێکوتبوو، زانیبووی دەتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ، قاوەکەی تەواو خواردەوە و سەبرێکی دایناوە سەر جێی خۆی.

ـ قوربان.

حاکم چاوی تێبڕیوە و لە داخڵەی پێش دەستی دەنکێکی سیغار دەرکێشا.

ـ قوربان عەرزێکی دیکەشم هەیە.

حاکم بە قامکی شووش و باریکی خەریکی کایەکردن بە سیغارەکە بوو.

ـ چت دەوێ؟

ـ قوربان عەرزت کەم ئەگەر دەگونجێ هەبێ ئیمتیازی هێنانی قەندم پێ مەرحەمەت فەرمووی وەزعم زۆر چاك دەبێت. ئێستا حاجی حەسەن دەیهێنێ و باوەر

فەرموون قوربان ئەو جوورەی ئەمن ئاگام لێیە قەتیش بارانەی خوی تەواو نادات بەحوکوماتێ.

دەمێك دوایە حاجی بە دڵێكی خۆش دەڕێی بازار دابوو و حاكم دەبیرێكی قووڵ دا لە پشت پەنجەرە ڕاوەستابوو.

✧ ✧ ✧

ـ ئافرەت چرات بۆ هەڵ نەكردوە؟

تاپۆی **محەممەد** لە دەرازینی ژووریٚ بڵیندتر لە خۆی دیاربوو، پشتە سەری ئاسمانی بیٚ هەورە و پڕ لە ئەستێرە بەڵام بیٚمانگ و تاریك، خەیاڵ سەر لیٚشێواو و پەشۆكاو لە جێی خۆی هەستا و بەپەلە بۆلای دەلاقە چوو و چرا گرسۆزەكەی هێنا خوار.

ـ ئەوە هەڵیدەكەم، بە خێرێوە.

ـ سلامەت بی.

لەبەر دەرگا لاچوو و بۆ شووشتنی دەست و دەم و چاو گەڕاوە حەوشە، دەنگی چاك و خۆشیكردنی لەگەڵ پوور فاتم هات، یەك دوو جار وشەی داوەت و حاجی مەجید هاتە گوێی خەیاڵ، چرای هەڵكرد و لە نێوەڕاست ژوورێی دانا و چوو بۆلای سەماوەر، نیسێی خۆی دەدیت كە بەرامبەری وە دیواری گیچخاك دەكەوت و دەلەرێوە، سەماوەر گیزە گیزی بەرز دەهات، سیٚ چوار كلۆ ڕێژی دیكەی تیٚهاویشت، دەمێك سەماوەر گیزەی كەم بۆوە و ئەوجار بە گەشانەوەی ڕێژی گیزەی بڵیندتر بوو، **محەممەد** هاتەوە ژوور، خەیاڵ یەك پیٚ لەبەری هەستا و ماندوو نەبوونی لێكرد.

ـ ماندوو نەبی.

ـ سلامەت بی.

ـ ئەدی ئەوشۆ بۆ هیچت ساز نییە؟

خەیاڵ بەپەلە ئاوڕێكی لەوبەر ئەوبەری دیوەكە داوە و كوتی:

ئێستا سازی دەكەم. ئەوە سەماوەرەكە دەكولیٚ.

**محەممەد** بە قەدی پشتوێن دەستی سریوە و هێدی و لەسەرەخۆ چوو بۆلای ژوور، نیسێی ئەوەندە درێژ ببوو گەیشتبۆوە بەری میچی و لە نێوەڕاست دا شکابووە، لەسەر دۆشەگەڵەی پەنا بێشکەی منالەکەیان دانیشت، نیسێکەی بەپەلە لە پشتە سەری خۆی شاردەوە، سەبرێکی جاجمی سەر بێشکەی لادا و چاوی دەسوارە بڕی، بزەیەکی سووك و شیرین لە گۆشەی لێوی دیار بوو، جاجمەکەی پێداداوە، هەستی بە بێدەنگی پڕ لە قسە کرد، بێدەنگی‌یەك کە وەك جاجمێك بە سەر بێشکەی قسەدا درابێت. خەیاڵ ئیستکانی لە دەست بەربۆوە و بەپەلە داهاتەوە و هەڵیگرتەوە، جوورێك هەلە و پەلە لە ئاکاریدا دیار بوو، جوورێك دڵخورتی و سەر لیٚشێواوی. هەرچەند حەولی دەدا مێردەکەی نەزانێت زۆرتر ئاشکرا دەبوو، دەست و لاق و لەش بە تایبەت چاو جواب نادەنەوە، ئەشقین، شێوارەن، یان درۆیان نازانن، شاهیدی بۆ درۆ نادەن، سوڕی ئاشکرا دەکەن، چاو وەقسەدێت، رەپ و ڕاست هەرچی دەمێشك دا، دە دڵدایە، دەی لێت، نیشانی دەدات، هەربۆیە خەیاڵ چاوی دەشاردەوە لە چاوی **محەممەد**، نەیدەوێرا چاو لە چاوی بکات، نەکا بێ ویست و خوازی هەرچی دە دڵیدا بوو بکوترێت. خۆی بەکاروباری چێشتدانان و چا سازکردن یان پەڕۆ گۆڕینی سوارە دەخافڵاند، بەڵام تەنیا ئەوە چاوی نەبوو سوڕی ئاشکرا دەکرد، دەستی، لاقی، ئاکاری، تەنیا زمانی ئی خۆی بوو، دەستی بەسەر داگرتبوو، کوت و پاهەنگی لێدابوو، یەخسیری بوو. **محەممەد** نانی بەر دەستی لەت و کوت کرد و دە قاپە شۆرباوەکەی کوشی، خەیاڵ بەرامبەری سەری بەردابۆوە، سەبر سەبر خەریکی تێکوشینی شۆرباوی بەر دەستی بوو، **محەممەد** پاروویەکی ساز کرد و دەزاری نا، تنۆکێك شۆرباو بە قامکی نێوەڕاستی دا هاتە خوار و گورج لێستیۆە، سەری قسەی کردەوە:

ئەورۆ پێ‌یان کوتم بۆ داوەتی ماڵە حاجی مەجیدی، حاجی بۆخۆی لە دووی ناردم چوومە دووکانەکەی.

خەیاڵ هەروا سەری بەردابۆوە.

ـ بەڵێنی لێ وەرگرتم ئەمن بەزمەکەیان بۆ بگێڕم.
سەبرێکی خەیاڵ سەری هەڵێنا و چاوێکی لێکرد و گورج سەری داخستەوە.
ـ ئەو جوورەی دەیکوت حەوت شەو و ڕۆژان داوەتێ بۆ کوڕەکەی دەکات. دەڵێن تەداروکی داوەتێکی یەکجار گەورەی گرتوە، گوایە حاکمیشی بانگێشتن کردوە.
خەیاڵ لە پڕ سەری هەڵبڕی و چاوی دەچاوی بڕی هات شتێکی بڵێت زوو گێڕایەوە.
**محەممەد** ئاگای لێبوو بەڵام بیری بۆ هیچ نەدەچوو،لە دووی قسەکەی داوە.
ـ بەیعانەشی دامێ دەیکوت بوئەوەی خاترجەم بێت دەچم، ئەتۆشی بانگێشتن کردوە.
خەیاڵ سەر لە نوێ بە توندی سەری هەڵێناوە: دەیکوت بۆئەوەی بە جێمان نەهێڵی و بەزمەکەمان لێ تێك نەچێت با خێزانیشت لەگەڵ پوور فاتم بێتە وێ.
خەیاڵ نێوچاوانی گرژ ببوو، چاوی ئاوریان لێدەبوۆە، **محەممەد** قەتی ئاوا نەدیبوو، واقی وڕما و دەستی لەسەر چێشتەکە ڕاگرت.
ـ ئافرەت چباسە بۆوا تووڕەی؟
خەیاڵ زانی لەوانەیە سوڕی ئاشکرا بێت سەری بەرداوە و خەریکی چێشتەکەی بۆوە، چین و گرژی نێوچاوانی لادا.
ـ چنییە هەر بۆخۆم نەختێك عاجزم.
ـ ڕاستیم پێ بڵێ، قەتم ئەتۆ ئاوا نەدیوە، چقەوماوە؟
ـ بەخودای چنییە، هەر بۆخۆم خوت و خۆڕایی دڵم گیراوە.
ـ ئەوڕۆ چ بۆ کێ چی پێکوتوی؟
خێرا بیری بۆ پوور فاتم چوو.
ـ لەگەڵ ئەو ژنەی دمەقاڵەو بۆوە؟
ـ نە بەخودای چنەبووە، شۆرباوەکەت سارد دەبێتەوە، ناڵێم هەر بۆخۆم ئەوڕۆ لە بەیانێوە عاجزم. دەیزانی لەوانەیە **محەممەد** زۆری لێبکات و قسەی لێ دەرکێشێت،

هەستا لەسەر کەوڵەکە کشاوە و بۆلای سەماوەرەکە چوو و بۆئەوەی ڕێی لە مێردەکەی هەتڵە کات، کوتی:

وەبیر ماڵە بابم کەوتوومەوە.

محەممەد پارووپەکی دیکەی ساز کرد و ئەو نەختە تڵیتەی تێیدا مابوو تێی کرد و لە دەوری قاپەکەی خشاندو هەڵیگرت.

ـ قەول وانەبوو قەتیان باس نەکەی، ئەگەر ئێستاش دەزانی پێت خۆشە ساز بە دەتبەمەوە لایان.

شێرەی سەماوەرەکەی کردبۆوە و ئاوی کوڵیو بە شۆڕە شۆڕ دەڕژا سەر چای نێو چادانەکە، عەتری چاو هەڵمێکی تەنك و ناسك یەك جێ وە دەم و چاوی کەوت.

ـ نا پێم خۆش نییە تازە بچمەوە. ئەوجار ئیدی قەت باسیشیان ناکەم.

محەممەد لەسەر کەوڵەکە کشاوە.

ـ یارەبی بەزیاد بێت، دەست و چاوت خۆش بێ.

ـ نوێشی گیانت بێ.

ـ دەی زۆرباشە ئەگەر وایە خۆت ساز کە لەگەڵم وەرە دەچینە ئەو داوەتە، با بڕێکیش دڵت بکرێتەوە، سەبرێکی کوتی:

ئەمن نایەم، ئەتۆ بۆخوت پچۆ مەگیم قەول وانەبوو نەچمە هیچ کوێ؟

ـ وەڵاهی لە خۆڕا خۆت حەپس دەکەی، خۆ ئەتۆ تازە ژنی منی و کەس ناتوانێ چت پێ بڵێت، ئەدی ئەو خۆشاردنەوەیەت لە چییە؟

هەر پێم خۆش نیە بێمە ئەو داوەتە. لێم گەڕێ لەگەڵ سوارە لە ژووری خۆم دابم پێم خۆشترە. محەممەد هەستا سەر پێ و بۆلای دۆشەگەڵەکەی ڕۆیی و لە سەری دانیشتەوە و پاڵی بە دەستە نوێنە چکۆڵەکەیان دا و کوتی:

ـ دەیجا کەیفی خۆتە، چۆنت پێخۆشە واپکە، دەجا ئەمن هەر چۆنێکی بێت سەرت لێدەدەم چوونکینێ پوور فاتمیش هەر لەوێیە و ئەتۆ هەر بە تەنیا دەمێنیەوە.

دونیا وردە وردە کپ و بێدەنگ دەبوو، چرا داکێشرا بوو، لە گۆشەیەکی لە نیزیك بێشکەی منالّەکە بە حالّ داییسا، سەوەرێکی دوور لە قەراغ شار ڕا دەهات، جێ و بان ڕاخرابوون، بە دەلاقەدا هەرتك چاویان دە ئاسمان بڕیبوو، ئەستێرەیەکی گەش کلەکلی بوو و هەزارانی دی چاویان لە وی دەکرد، ئەستێرەیەك ڕاخوشی، خەیالّ سەبرێکی کوتی:

ئەرێ ڕاستە دەلّێن هەر کەسە ئەستێرەیەکی هەیە، ئەگەر سووتا یانی دەمرێت.

ـ ئەمنیش بیستوومە.

ئەستێرەی ئێمە کێهەیە؟

محەممەد هەناسێکی هەلّکێشا و کوتی: ئەگەر سووتا دەزانین.

دەمێك دواتر دەنگی پشوو و پڕخەی نزمیان ئاویتەی سرتە سرتی ئەستێران ببوو.

✧ ✧ ✧

مانگ و ڕۆژی خۆی بوو و سکی لەسەر زاری، جارجار لە بیری دەچۆوە چۆن هاتۆتە ئەو مالّە، بە تەواوی ڕاهاتبوو وردە وردە دلّی بە هەموو شتێکی ئەومالّە خوش دەکرد، بە چوارپێ بۆرەکە، بە پشیلە زەرد و کزەکە، بە مریشکە پێ بە کۆلّکەکە و کەلّەشێرە مل رووتەکە، تەنانەت بە دیوار و بەرد و داری نێو دێش، بە تایبەت دلّی بە مالّ و حالّی خۆی خۆش بوو، بە مێردەکەی بە منالّێکی کە ئەورۆژانە دەهاتە سەر دونیا، هەرچەند ئێستا زووتر لە جاران ماندوو دەبوو و پشووی سوار بەلاّم نەیدەهێشت کەس هەست بەوە بکات. کازوکوزی بەیانان لە خەو هەلّدەستا، جەرەی دەست دەدانێ و دەچۆ سەر کانی سووری، پڕی دەکردن و دەگەڕاوە، هەویری دەشێلا و تەندووری دادەخست وێڕای هێوەرژنەکەی نانیان دەکرد و ئەوجار دەچوونە ناو هۆلّەکەیان و بە مالاّتی ڕادەگەیشتن، جاروبار ئیدی هەستی دەکرد پشووی نایەتە دەر و سەری لە گێژەوە دێت، تاوێك پشتی ڕاست دەکردەوە و دەستی بە پشتی دەگرت، هێوەرژنەکەی یەك دوو جاران ئاگای لێبوو.

ـ سەبری ئەتۆ بڕۆ دانیشە کچێ خراپە لە بەر منالّەکەت.

ـ نا کابانگیان چنیە، چەلێ زۆرم ماوە، ئەتۆش بەتەنێ ناتوانی مندالّە بەری،

ـ کچێ گوێت لەمن نەبێت، ئەتۆ نۆبەرەتە.

بەلاّم سەبری دلّی بە کار کردنەکەش خۆش بوو،تەنیا گرێیەك لە دلّیدا بوو، فەقێی مێردی، ئێستاش هەر وەك جاران سارد و سڕ، بێ هەست و ئیحساس، وەك نەیبینێت. زۆری حەول دا بوو خۆی پێنیشان دات، بیکێشێتە لای خۆی بەلاّم نەیتوانیبوو، هەموو جار دەتکوت دیوارێکی نادیار لە مابەینیان دا ڕاوەستاوە، بۆی نەڕووخابوو هەروا قایم و پتەو مابۆوە،پێیوابوو بە هاتنی منالّ دەڕووخێت، بەلاّم نەڕووخابوو، تەنیا چرژێکی چکۆلّەی دابوو.

ـ ڕەسوولّ زگم پڕە.

ڕووی لێ وەرسووڕاندبۆوە بێئەوەی هیچ قسەیەکی بکات، تەنیا لەوێ ڕۆژێڕا چەل چەل دەمێکی کورت لێی نیزیك ببۆوە، سەبری ئیدی دلّی تەنیا زۆرتر بە منالّەکەی خۆش بوو، منالّێك کە دەبا جێی هەموو کەسی بۆ گرتباوە، ببا بە هاودەمی، هاوسوڕی، هاوڕازی، منالّێك کە هاسان لە مابەینی دیواردا هاتوچۆی کردبا، جاروبار کەسپ و کۆی سەبارەت بە ئاسکێ دە خۆیدا هەست دەکرد، ڕوخساری ئەوێ شەوێی دەهاتەوە پێش چاو.

ـ توخودا پچۆ بەو چاوەشە بلّێ جارێکیتر ئەو بەیتە بلّێتەوە.

فەقێ بالوورەی دەست پێدەکرد سەبری سەری دەبالّ خۆی دەنا، گریان ئەوکی ڕێك دەکوشی، هەناسەی نەدەهاتە دەر، تەنیا هەنیسك بوو و فرمێسکی درشت.

ڕسوولّ ڕۆژ لەگەلّ ڕۆژ لە کەمێی دەدا، سیس و داماو لە گۆشەی دیوەکەیان هەلّ دەکرووشما، دەستی بۆ هیچ نەدەچوو، خەم و خەفەت لە چاوی دەڕژا، توانای چوونە نێو خەلّك و چاو لە چاو کردنیانی نەمابوو، بە تایبەت ئی پوور زبێدێ، چەلێکی تووشی

هات، چاویان تێك هاڵقا، پوور زبێد بێئەوەی بیدوێنێت دەستی بۆ چەپ و ڕاست ڕاتلەکاند.

ـ ماڵم وێران بوو، ماڵم وێران بوو.

فەقێ وەك پەیکەرێکی ڕێی دارستانی گرتە بەر و هەتا شەو نەهاتەوە. ئێواران درەنگانێکی دەستی دەدایە بلوێرەکەی و دەڕۆیی، بە پەنا لەشی بێ گەڵا و ڕووتی داراندا دەڕۆیی، دەچۆ سەر گۆمی بەردەلانکێ، لەسەر تاوێرە بەردێکی دادەنیشت، چاوی دە چاوی گۆم دەبڕی بێدەنگ و خوست گوێی بۆ بالوورەی شەپۆلان هەڵدەخست، مانگ دەهاتە سەر گۆمەکە و پان دەبۆوە، تریفەی دەڕژا سەر ئاوەکە و گۆم دەبوو بە زەریایەکی زێوین لە پێش چاوی، بالوورەی تێکەڵی بالوورەی دەبوو، شەو درەنگانێ هێدی و لەسەرەخۆ دەهاتەوە، بێدەنگ دەخزا ژوورێ و لەسەر جێگاکەی ڕادەکشا، چاوی دە دەلاقە دەبڕی و نوقمی خەیاڵات دەبوو، سەبرێکی سەبری دەستی دەگرت:

ـ ڕەسووڵ بۆوا دەکەی، بۆ خۆت دەکوژی؟ ڕەسووڵ گوێت لە منە؟ گوێت لە منی غەریب و بێکەسە؟ ئەمن غەیری تۆ کەسم نیە، بەخاتری خوڵای دەست لەو فکر و خەیاڵانە هەڵگرە.

ـ دەبێ بە شوێنی دا بڕۆم، هەتا نەیبینمەوە دەست هەڵناگرم.

دەنگی گریانی سەبری دەهات.

✧ ✧ ✧

بەیان بەربوون، ئاسمان سەری خستۆتە سەر سینگی زەوی، پشووی نزمیان تێکەڵە، کەڵەشێر لە گۆشە و کەناری دێی دەخوێنن، ماڵ گشتی بێهەرا، جەماوەر دە غوڕابی خەودا.

هەستا سەر پێ وەك دەخەودا بڕوات، پەیکەرێکی بێگیانە، بێهەست، بەرگی سەفەر لەبەر دەکات، شۆقی چرایەکی چکۆڵە بەحاڵ دیوەکەی ڕووناك کردەوە، پشتوێنی

گرێچن لە قەدی بەست، ئاغابانووی توند لە سەری قایم کرد، بۆلای دیواری بەرامبەری چوو، تفەنگی هێنا خوار و لە شانی کرد، هات بڕوات، دەستێك لەسەر شانی داندرا.

ـ مەڕۆ ڕەسووڵ.

بە پڕتاو ئاوڕی لێداوە و دەستی بەتوندی لە شانی هێنا خوار.

ـ لاچۆ لە کۆڵم بەوە.

ـ بەخاتری خولای مەڕۆ، ڕوحم پێ پکە.

هیچی نەکوت.

ـ کوڕە بەجێم مەهێڵە، ئەو ڕۆژانە دەبی بە باب، مەڕۆ ئەمن بەتەنێ دڵم دەتۆقێ.

سەری وەرسووڕاندە وەلای دەرگا.

ـ ناتوانم دەبێ بڕۆم دەنا شێت دەبم.

دەرگای کردەوە، شەوبا چاوەڕێ لێیان وەژوور کەوت. داهاتەوە و پێلاوی هەڵکێشا، هەستی جوورا و جوور یەك جێ لە دەوری سەبری وەکۆ بوون، نەنوستبوون، تێکڕا وەخەبەر بوون و ئامبازی هاتن، ڕك و قین، تووڕەیی، وردبوون، خۆشەویستی، دڵتەنگی و غەریبی، نامۆیی و ئەوین گەمارۆیان دا: چۆنی دەبینێوە؟ دەتکوت فەقێ بیری لەوەی نەکردبۆوە یان لێی کردبۆوە بەڵام نەیدەزانی چۆن: نازانم، دەچم بە شوێنیدا لە هەر جێیەکی بێت ئاخری هەر دەیبینمەوە ئەگەر هەتا ئاخری عومرم بە شوێنی دابم هەردەگەڕێم.

وێدەچوو ئەو قسانە بۆخۆی پکات، قسەی ناودڵی بوو لە پڕ هەڵیان بۆ هەڵکەوتبوو هاتبوونە سەر زاری.

ـ ئاخری دەیبینمەوە جا مەگیم مردبێت. سەبری گەڕاوە دواوە و چوو پاڵی بە دیوارەکە داو ملی لار کردەوە.

ـ ڕەسووڵ ئەگەر هەر بەقسەم ناکەی و دەڕۆی با پێت بڵێم چۆنی ببینێوە.

فەقێ وا بە توندی بۆی گەڕاوە کە شۆقی چراکە لەرێوە و نیسێی سەبری لەسەر دیوار ئەولاو ئەولای پێکرا.

ـ ئەتۆ دەزانی لە کوێیە؟! ئەتۆ چووزانی؟ پێم بڵێ.

ـ ئەمن دەزانم لەگەڵ کێ ڕۆیوە.

ـ لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ کێ؟ پێم بڵێ ئەدی بۆ ئەو چەند وەختە باست نەکردوە؟

ـ بۆ باسم کردبا ئەو تازە ڕۆیبوو.

تازە وەبیری هاتبووە لەبەر پەلە پەلیان بە پێڵاوەوە وەژوور کەوتبوو.

ـ لەگەڵ کێ ڕۆیوە؟

ـ لەگەڵ چاوەشێکی خەڵکی سابلاغێ.

ـ ئەتۆ چووزانی، کێ پێی کووتی؟

ـ هەر ئەو شەوە کە ئێوە هاتنە دێی ئێمە لەوێ بوو.

نێوی چییە؟

ـ محەممەد.

لە ماڵ هاتە دەر و ڕێگای دارستانی گرتە بەر، چوار پێی دێی هەتا نیزیك گۆڕستانی وەدوای کەوتن و لەوێ ڕا گەڕانەوە، دەنگی مجێوری مزگەوت هاتە گۆی، ئاورێکی لە سەبری داوە، سەدان دار بڵێند و نەوی پێشییان بە چاوی گرتبوو، بە پەنایاندا تیشکی لەرزۆکی چرایەکی چکۆڵەی دیت لە بەر دەرگایەك ڕا. پێی خۆش بوو باڵی هەبا و هەڵفریبا، تۆڵە ڕای دەکێشا، هانی دەدا، بێ وڕەنگدان، بێ وچاندان وەدوای خۆی دابوو، هیچ شتێکی نەدەدیت، هیچ کەسی نەدەناسی، وە شوێنی کەوتبوو، پێ بە پێی دەڕۆیی، کێو پێشیان پێدەگرت، ڕێیان لێ دەگرت،لێر هەزاران داری لە سەر ڕێگا چەقاندبوو، بەڵام ڕاوەنەدەستا، رك و قینێکی بەقەت دونیای لە خۆیدا هەست دەکرد تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم لە قاوەخانەی قولە سمۆرە ڕاوەستا، چۆرە ئاوێکی خواردەوە و سەر لە نوێ ڕێگای گرتە بەر، ئێوارێ درەنگانێ بداق سوڵتانی لێ وەدیار

کەوت، بەرەو شار دا گەڕا خۆار و بە کۆڵانە تەسك و باریکەکاندا خۆی گەیاندە کاروانسەرای حەمە خی‌خی، سەرتاسەری دەم و چاو و بەرگەکانی نوقمی تەپ و تۆز بوو. شەو بە پلیکانان دا هاتە خوار و بار و بنەی لە کاروانسەرا خست. شاگردی کاروانسەرا خێرا مەشخەڵ و چرایان هەڵکرد.

فەقێ لە دیوێکی لەگەڵ تاقمێك ڕێبواری دی شەو ماوە، لاوێکی هاوتەمەنی خۆی، لە نیزیکی دانیشتبوو، فەقێ هەستی کرد برسێتی، لەبەیانی ڕا چی نەخواردبوو، ڕووی دەلاوەکرد و کوتی:

ئەرێ کاکە ئێستا بلێی دووکان و بازاڕ هەبێ؟

لاوەکە چاوێکی لە سەر تاپێی کرد و بە تایبەت چاوی لەسەر تفەنگ و خەنجەری مولاق وەستا.

ـ برسیتە؟

ـ زۆر نا.

ـ ناوەڵا کاکەگیان ئێستا ئیدی هەموو داخراون. ئەگەر برسیتە ئەمن پێخۆرم پێیە.

بێ ئەوەی چاوەڕێی وڵامی بمێنێتەوە هەستا و چوو لە تیرێکی کە بە دیوارێوە هەڵپەساردبوو دەسترێکی گرێدراوی دەرکێشا و هێنای لە پێش فەقێی دانا.

ـ کاکە فەرموو چی‌وا نیە، نەختێك پەنیرە.

ـ دەستت خۆش بێ.

ـ خەڵکی کۆیی؟ نواوێ. بۆ هاتووی؟

ـ کارم هەیە.

ـ خزم و ناسیاوت لێرە نییە؟

ـ بەرێ وەڵا حاجی خدر ناسیاومانە.

ـ کێهە حاجی خدر، ئەوەی مازووفرۆش؟

ـ ئەرێ‌وەڵا ڕاست بۆخۆیەتی.

هەرتکیان دەستیان بە نانخواردن کرد.

حیلە و پڕمەی سەبری بارگینان لەتەویلەی کاروانسەرا دەهات، لە حەوشەی کاروانسەرا تاقمێك ڕێبوار لە دەوری ئاورێك دانیشتبوون، فەقێ و لاوەکە هاتنە لایان و لە پەنایەك دانیشتن، دەمێك دوایە بالوورەیەك دەستی پێکرد، دەنگ لە ئاسمان ڕا دەهات، سێحراوی بوو، تێکڕا بێدەنگ گوێیان هەڵخستبوو، دەتکوت کەس لە حەوشە دا نییە، بێ جووڵە، تەنیا ئاور زمانی سووری لە زگی شەو دەخشاند، فەقێ سەری بەردابۆوە و بە سۆز دەیکوت، لە پڕ بێدەنگ بوو، دەمێك دوایەش سێحرەکە باتڵ نەکرا، وەخۆ هاتنەوە، سەر سوورماو چاویان لێدە کرد، حەك ڕەحمەت لە دایك و بابت. چرا کوژانەوە و تەنیا مەشخەڵی هەڵاوەسراو بە دیوار و گرشە گرشی پۆلووی ئاورەکە مابوو.

✧ ✧ ✧

مەجۆعمە تەبەق تەبەق لەسەر سەری نۆکەران داندران، ئەسپ ڕازانەوە بە گوڵینگەی ڕەنگاوڕەنگ، زینی جوان و نوێ، پێش چاوکەیان وێخرا، بووك خەملاو، پیلی بە دەست دوو کەسان و بەربووك بەرامبەری بە ئاوێنەوە، ژن و پیاو کۆك و پۆشتە چاوەڕێی هاتنی بووك، زاوا لە سەربان ڕا سێوێکی سوور بە دەستەوە، هەرا و هوریای منالان کووچە و کۆڵانیان پڕ کردبوو، بووك گەیشتێ، شریخەی یەك جێی تفەنگان، نوقل و قەرە پووڵ هەڵاویشتران، دەهۆڵ کوترا و زوڕنا تووراندی، محەممەد تێی هەڵکرد، دەنگ لێك دران، دەنگ، دەنگی شادی و خۆشی و بەزم و پێکەنین، داوەت ڕووحی وەبەر هاتبوو، دیلان و هەڵپەرکێ دامەزرا، سەرچۆپی کێشرا، ڕەپ ڕەپانی پێی لاوەکان، گرم و هۆڕی دەهۆڵ و زیڕەی زوڕنا، دەنگی بنبزێوی محەممەد هەتا حەوت کووچە ئەولاتر ڕۆیی، ئەسپەندەر سووتا و بۆنی تووندی ئاوێتەی بۆنی عەتر و میخەکان بوو، ژن لە بەر پەنجەرەی دیوان ڕا چاویان لە حەوشە بڕیبوو، حاجی مەجید لە خۆشی ئەو داوەتە بە شکۆیەی سازی دابوو و بە تایبەت بە هاتنی حاکم حەجمینی لێ هەڵگیرابوو، پەیتا

پەیتا پوولّی بە سەر بووك و زاوا دا هەڵداویشت. منالّ و گەورە بۆ هەڵگرتنەوەی پوولّ هوروژمیان دێنا، پاڵیان بە یەکترێوە دەنا، بەر دەبوونەوە، وەبن پێیان دەکەوتن دەو کاتەش دا بە کەلێن و پەنای لاقی ئەوانی دی بۆ دۆزینەوە، چاویان تیژ دەکرد، حەوشەی گەورە لەبەر جەماعەت جمەی دەهات، بووك و زاوا چوونە نێو کەژاوەی تەیار لە سەرەوەی حەوشەی دانیشتن، داوەت هێندێك ئەهوەن بۆوە، خەڵك هۆشیان چۆ سەر هەڵپەرکێ، **محەممەد** لە نێوەڕاست دیلان دەستێك لەبەر پشتوێن هەواکەی گشت کردبوو، دەستی لاوان بۆ گیرفانی کەوایان دەچوو و شاباشیان دەردەهێنا، کیژ بە بەرگی ڕەنگاوڕەنگ و بریقە دەهات و چۆ دابوون، سرووشت یەك جێ چوار وەرزی هێنابۆوە کایە، پەڵکە زێڕینە پەڵکیان لێك گرێ دابوو، مووی سەریان لە ژێر کڵاوقەتاران ڕژابوونە سەر سینگ و مەمکان، پۆلێك کۆتری جوان بوون شاباڵیان لەبەر تیشکی ڕۆژ ڕەنگا بوو، هەتاو بسکی زێڕینی لە سەر سینگ و مەمکی خڕ کردەوە و هاویشتێوە ژێر قەتارەی کێوان و سەبر سەبر نادیاری کرد، بۆنی پڵاو کە بە سەلەیان دادەکرد دەمار بە دەمار دەڕۆیی، گەڕی دیلان بەرە بەرە چکۆڵەتر بووە هەتا لە پڕ بە دەنگی یەك جێ و بڵیندی دەهۆڵەکە پسا، کیژ گورج وەك شەرم پکەن خۆیان دەنێو حەشیمەتی ژناندا جێ کردەوە، لاوەکان هێدی و لە سەرەخۆ دەم بە بزە و پێکەنین دوو دوو و سێ سێ لە گۆشە و کەناران کۆزیلکەیان بەست، **محەممەد** لە گۆشەیەکی ڕاوەستا، ئارەقەی نێوچاوانی دەسڕێوە و خەریکی ڕێك و پێككردنی پێچ و کڵاوی بوو، دەنگە دەنگ هەر بەردەوام بوو، لە پڕێکی بە جارێکی حەوشە بێدەنگی دایگرت، سەر بۆڵای هەیوانی دو و نۆهومی خوار بوونەوە،حاکم بە فیز و هەوا، پاك و خاوێن ڕاوەستابوو، چاوی لە حەوشە دەکرد، حاجی بە پڕتاو خۆی گەیاندە لای **محەممەد** و تێی ڕاخوری:

ـ دەی کوڕە ئەوە بۆ بێدەنگن خێرا بە پێی هەڵ بڵێ.

دەهۆڵچی و زوڕناژەن خێرا ساز بوون، **محەممەد** هاتەوە نێوەڕاست حەوشە و ڕووی دە حاکم کرد و تێی هەڵکرد، پاشین بەیت زرینگەی کیسەیەك پوولّ کە کەوتە بەر پێی

هات، خەڵك سەریان سوورِاندەوە لای **محەممەد**، داهاتەوە و هەڵیگرت و لە سەر چاوی دانا و پێکەنی، خەڵکەکە کە دیسان ئاورِیان لە حاکم داوە تەنیا پشتیان دیت کە دەگەرِاوە ژوور، ماوەیەك دوایە هەر کەس سەرقاڵی ئێشێك دەهات و چۆ دابوون، مەشخەڵ و چرا هەڵاییسان، نیسێی جەماوەر تێك دەهاڵقان، دەبوونە یەك، لێك جویَ دەبوونەوە، بێنە و بەرە و تێکە و رِۆیکەی کاردار و ئاشپەزان پەیدا بوو، شێو داندرا و میوان دانیشتنە سەر مەجۆعمان.

**محەممەد** لە دیوێکی چکۆڵە لەگەڵ تاقمێك لاو دانیشتبوو، نۆکەرێك هاتە ژوور و بانگی کرد.

ـ کاك **محەممەد** حاجی کاری پێتە.

**محەممەد** هەستا سەر پیَ و بەدوایدا رِۆیی، لە گۆشەیەکی حەوشەی گەورە چاوەرِوانی بوو، نۆکەرەکە بە قامك ئاماژەی بە حاجی کرد:

ـ هۆوەتا.

ـ زۆرباشە.

بەرامبەری رِۆیی.

ـ فەرموو حاجی، دەخزمەتت دام.

حاجی هێندێك نێوچاوانی ناخۆش بوو. حاجی قۆڵی گرت و کێشایە لای تاریکی.

ـ کورِی چاك قەول وانەبوو خێزانیشت بێنی، بۆ نەت هێناوە؟

**محەممەد** سلەمێوە، چاوەرِوانی ئەو پرسیارە نەبوو، بۆ لە وی دەپرسێت؟

ـ حاجی گیان پێی نەکرا بێت، تۆزێك ناسازە.

ـ باشە ئێستا پوور فاتمی لە دوو بنێرە بە پێیکی بچیَ بیهێنیَ.

**محەممەد** داترووسکا.

بۆچی لە سەر هاتنی خێزانم ئاوا پیَ دادەگرێت، نەکا مەبەستێکی، نا بابا چۆن شتی وا دەبێت حاجی بە بابی دەشێت، ئەوجار خۆ قەتی خەیاڵ نەدیوە.

ـ حاجی گیان بە سەرت هەر قەت ناچێتە هیچ کوێ.

ـ ئێرە دەبێ بێت، ئەوشۆ حەتمەن دەبێ بێت.

بیر و هەزری جۆراوجور سەریان هەڵدا، وەك دووپشك لە جێگای دوور لە چاو و تاریك زاو زوویان کرد، دەسبەجێ بڵاو بوونەوە، چزوویان وەدیار خست، ئەو داوایەم بۆ لێدەکات؟ نەکا نهێنیەك هەبێت و ئەمن ئاگام لێی نیە؟ بڵێی چبێت؟ شتێك هەیە، بۆیە قەدەرێکە خەیاڵ دەباڵ خۆی دایە.

ئاکاری خەیاڵی وەك شانۆیەك هاتە پێش چاو، دەست لێ تێکەڵ بوونی، شاردنەوەی چاوی لە چاوی، ورێنەی شەوانەی.

قەتی دڵپیسی لێ نەکردبوو هەرچەند دەیزانی خێزانی یەکجار بەر چاو و جوانە بەڵام قەت بە بیریشی دا نەهاتبوو یان ئەگەر هاتبوو زوو لایدا بوو، کە پێکەنین و ڕوخساری خەیاڵی دیبوو، ئەوینی خەیاڵی سەبارەت بە سوارە و بە خۆی دیبوو دڵی وەك ئاوی شەو خاوێن ببۆوە، بەڵام ئێستا هەر بەو ماوە کەمە ئاو لێڵ ببوو، قوڕاوی ببوو، نەکا؟ خوێنی وردە وردە وەکوڵ هاتبوو، هەستێکی ناخۆش سەرتا پێی داگرت، فریوێك، درۆیەك، تاڵی دڵپیسی زۆرتر دەکات، دزێك، هەستی دەکرد فریودراوە، درۆی لەگەڵ کراوە، دزی لێ کراوە،هەستی دەکرد قاقای لاوەکان لە گۆشە و کەناری حەوشە، چاو لێکردنی ژن و پیاوان لە کاتی گۆرانی کوتن دا، هەمووی هێما و تەوسی تێدا بوە، ئەو پێی نەزانیوە، گەرم دادەهات، سارد دەبۆوە.

حاجی قۆڵی بەردا و کوتی:

ئەمن ئەوە دەچمە لای حاکم، هەتا زۆر درەنگ نەبووە، پوور فاتمی بنێرەوە.

بیری بۆ کەس نەدەچوو و بۆ هەموو کەسیش دەچوو، دوژمنی نادیار، دزی نادیار،درۆزنی نادیار گەلێك ناحەزترن، بەسامترن.

چێشت خوراو مەجۆعمە کۆ کرانەوە، کەشەفە چا بۆ میوانان چوو، هەرا و هوریا لە لای دیوی زاوا و بووك بەرز بوو، زاوا دەم بە پێکەنین دە جەغزی هاوالآن دا هاتە حەوشە، بەزمی هەڵپەڕین دامەزرا، دەست لێك گرێ دران. زنجیرێکی زیندوو ساز کزا.

ـ محەممەد، محەممەد، لە کوێیە؟

کەس نەیزانی کەنگێ ڕۆیوە، یان بۆ کوێ ڕۆیوە، دەهۆڵچی دەیکوتا و زوڕناژەن دەیژەنی، بێهوودە بەتەما بوون جێی بەتاڵی محەممەد پڕ کەنەوە، بێهوودە بەتەما بوون ئەو گیانە زیندوو ڕاگرن. هاوار لە حاجی پەیدا بوو:

ـ کوا ئەو هەتیوە؟ چی لێهات؟

هەرچەند تەنیا کەسێك بوو دەیزانی بۆ کوێ ڕۆیشتوە.

ـ چبکەین ئابڕوومان چوو، کەس نازانێ لە کوێیە؟

کورسیلە لە ڕیزێك بۆ حاکم و میوانان داندرابوون و هەربینا بۆ سەیرکردن هاتبانە حەوشە، حاجی مابۆوە چپکات. لاوێك لێی هاتە پێش.

ـ حاج ئاغا ئەمن بە یەکی دی دەزانم، دەنگی لەویش خۆشترە.

ـ لە کوێیە؟

ـ ئەوە لە کاروانسەرای حەمە خێخێیە.

ـ غاردە سەری و بیهێنە، بڵێ هەرچی بیهەوێ دەیدەمێ. هەی ڕووی بابت ڕەش بێ، ئابڕوومان چوو.

دەمێك دوایە گیان زیندوو ببۆوە. دەست توندتر لە پێشوو لێك ئاڵقە دران، گەرم داهاتن و ئارەقەیان کرد، دەنگ تیژ بوو، فەقێ دەتکوت لە دونیایەدا نییە، بۆ سرووشت، بۆ دارستان، بۆ ئاسکێکی ونبووی خەیاڵی دەکوت. حەك زارت خۆش بێ.

مانگ خەرمانەی دابوو، پەڵەهەورێك بێ هەرا و هوریا پاچڕکی پاچڕکی بە بەر دەمی دادەخوشی، ئاسکە ئاوڕێکی لێ داوە، مانگ پێدەکەنی.

خەیاڵ سەری بەردابۆوە و چی نەدەکوت، چاوی ڕۆیبوو.

ـ لەگەڵ تۆمە ئافرەت، پێم بڵێ چقەوماوە بۆ دەنگ ناکەی، بۆ لێم دەشارێوە؟
بەرامبەری لە سەر سەری ڕاوەستابوو.
ـ لەگەڵ تۆمە دە قسەیەکی پکە.
تووڕەیی لە قسەکانی دیار بوو، بەڵام خەیاڵ پەیکەرێك بوو، هەیکەلێك بوو بێ قسە.
**محەممەد** هەڵترووشکا و چاوی دە چاوی بڕی، برژانگی درێژ و ڕەشی خەیاڵ پەرژین بوون، چاویان دەشاردەوە.
ـ خەیاڵ پێم بڵێ چت لێ قەوماوە؟
بە توندی پیلی ڕاتڵەکاند.
ـ پێم بڵێ دەڵێم چت لێ قەوماوە؟
تنۆکێك ئەسرین بە کەلێنی پەرژین دا ڕێیکی دۆزێوە و ڕژا سەر کۆڵمی.
ـ **محەممەد** تۆ ئەو خودایە سوێندت دەدەم وەرە با لێرە بڕۆین.
دەستەکەی دیکەی **محەممەدی** توند دە دەستی خۆی گرت و چاوی دە چاوی بڕی.
ـ لە بەر چی؟ ئەخر نابێ بزانم بۆ؟
ـ هەر لێی گەرێ، هیچ نەبووە بەڵام وەرە تۆگیانی سوارە هەر سبەینێ لەو شارە بڕۆین.
**محەممەد** هێندەی دی نێوچاوانی تێکنا و گوڕاندی:
ـ هەرسێك تەڵاقم کەوێت هەتا پێم نەڵێی چبووە بۆ هیچ کوێت لەگەڵ نایەم. دەیجا بیلێ.
خەیاڵ لە پڕمەی گریانی دا. **محەممەد** دەم بەدەم سوورتر هەڵدەگەڕا. بێچوو دووپشکەکان وەك ئاوریان لە کۆڵانە بەردرابێت، هارووژاو و تووڕە ڕژانە دەر، گەورە و گەورەتر بوون، هەر جێیکی وە دەستیان کەوتبا پێوەیان دەدا، سەدان دووپشك چزەیان لە دڵی هێنا.

گوڕاندێوە:

ـ پێم بڵێ، چم لێ دەشارێوە؟

خەیاڵ دەستی بە دەم و چاوی گرت و شان و پیلی بە هۆی تەوژمی گریان لەرێوە.

ـ حاکم دەستم لێ هەڵنا گرێت، قەدەرێکە تەنگە تاوی کردووم دەستی لەگەڵ تێکەڵ کەم.

زرینگەی کیسەیەك پووڵ دە مێشکی **محەممەد** دا هات. حەپەسا بوو. لە جێی خۆی دانیشت و چاوی دە دیواری بەرامبەر بڕی. پەردەیەکی کەسك بە دیوار هەڵاوەسرابوو لە بەر تیشکی چرا ڕەوە ئاسکێك سەریان هەڵێنا بوو و چاوی ڕەش و گەشیان تێبڕیبوو.

**محەممەد** گیان بەخاتری خولای بەقسەم پکە با بڕۆین.

**محەممەد** سەری بەردابۆوە.

پەڵەیەکی گەورەتری هەور بە شوێن هەولێدا ڕۆیی. بۆ دەمێکی پێش چاوی مانگی گرت، تاریکی پەیکەری ڕەشی خستە سەر وڵات، هەور تێپەڕی، تریفەی مانگ ڕژاوە سەر وڵات. تاریکی بە هەزاران کێردی زێوین لەت لەت کراوە، هەر کوتەی کەوتە شوێنێکی، کوتێکیش کەوتە نێو ژووری ماڵێکی چکۆڵە و قورماوی.

بووکی ڕۆژ لە پەردووی شەو هاتە دەر، بە شەرم و حەیا پێی نا سەر سرووشت، جریوە جریوی باڵندان سەر لە بەیان دەستی پێکرد. تەپەی لاقی **محەممەد** کە لە پلیکانان هاتە خوار پوور فاتمی کێشا پشت پەردەی ژوورەکەی. بە ئاسپایی سووچێکی لادا و چاوی لێکرد. سەری بەردابووە و ڕووو بە دالان دەڕۆیی، بە گۆشەی چاو ئاگای لە دادرانەوەی پەردەکە بوو، دەرگای کردەوە و وەدەرکەوت پوور فاتم دەسبەجێ دەرپەڕی دەر و بەرەو دیوەکەیان ڕۆیی. لە سەر هەیوانە چکۆڵەکە تەقتەقیلەی دانا و وە ژوور کەوت.

ـ خەیاڵ، خەیاڵ گیان هەستاوی؟

خەیاڵ بەرەو پیری هات. ڕەنگی بزرکاو و مووی سەری هێندێك ئاڵۆز ڕژا بوو سەر مل و سینگی، ڕەش ڕەش دەتکوت تاریکی شەوی ئەنگوستە چاویان یەخسیر کردبوو، سپێنەی چاوی ئامال سوور ببوون و دیار بوو ئەوشۆ خەوی لێ نەکەوتبوو.

ـ دەڵێی چی پوور فاتم؟

ـ خەیاڵ گیان هەستاوی کارم پێتە؟

ـ ئادی هەستاوم، خەریکی سوارەی بووم.

بە دەستی چەپی ئاماژەی بە سوارە کرد کە لە سەر پشت ڕایکێشابوو.

ـ فەرموو دانیشە.

ـ ڕاوەستاوبی کچم.

هەر لە پەنا دەرگا پان بۆوە.

ـ مێردەکەت ڕۆیی؟ ئاگام لێبوو ئەوە ئەورۆ بۆ وا زوو ڕۆیی؟

ـ جا چووزانم پوور فاتم گیان دەیکوت دوێنێ شەو داوەتم بەجێ هێشتوە،دەبێ ئەورۆ زوو بچمە وێ لەدڵی حاجی بێنمەوە دەر.

ـ ئۆوەی نازانی دوێنێ شەو حاجی چی دەکرد، بەخودای ئاوری لێ دەبۆوە، هێندە تووڕە بوو کەس نەیدەوێرا بیدوێنێت، هەر هاواری مێردەکەتی دەکرد. هەر وەختا بوو شێت بێت. دەیکوت لە لای میوانان ئابڕووی بردووم بەخودای چەنگی لە ئاسمان دەدا.

خەیاڵ چوبۆوە سەر سەری سوارە و خەریکی گۆڕینی پەڕۆی بوو.

ـ دەزانی چی خوشکێ هێندەش لەبەر حاکمی پێی ناخۆش بوو بە جێی هێشتبوو.

خەیاڵ بێ ئەوەی سەر هەڵێنێت گوێی دابوویە. پرچی ڕەش و پڕی ڕوخساری سوارەی لە پوور فاتم شاردبۆوە.

ـ لە تۆش زۆر تووڕە بوو.

خەیاڵ هەروا سەری بەردابۆوە، سەبر کوتی:

لە من بۆ، چی منە لە من تووڕە بێت؟

ـ ئایەڕۆ کچێ قەت شتی وا مەڵێ. دەیکوت قسەکەی بە هێند نەگرتووم نەهاتووە. چەند جارم بە مێردەکەی ڕاسپاردوە بی‌هێنێ نەهاتوە لەگەڵی. بەخودای ئەمن بە حاجی‌ژنیشم دەنا کوت، خۆ بەخودای قەت ناچێتە هیچ‌کوێ. دەیکوت ئێرە تەوافەتی هەیە. دەبا لەبەر قسەی حاجیش با هەر تاوێك هاتبا.

پەڕۆگوڕینی سوارە تەواو بوو، هەڵیگرت و هەستا سەر پێ و ڕوو بە بێشکەکە چوو و بە ئاسپایی دەنێوی ناو دەسرازەی لێ توند کرد. لە پەنای دانیشت و نەرم نەرم ڕایژاند.

ـ ئەرێوەڵا بەسەرت ئەوەندە تووڕە بوو، جا بڵێم چی. هەتا خودا چاکە بۆ کابرایەکی کات چوو لە دووی چاوەشێکی لەگەڵ خۆی هێنا، دەنگی هێندە خۆش بوو نەبێتەوە. قەتم دەنگی وا خۆش نە بیستووە. سەیر ئەوە بوو ئەو هەمۆ پووڵەشیان دەدایە پەناباتێکی لە عەبدی خولای وەرنەگرت.

ـ نێوی چبوو؟

ـ وەڵا خۆ نازانم نێوی چبوو. قەتم لە هیچ داوەتێکی نەدیبوو. ئی ئەولایانە نەبوو. بەڵام گوێم لێ بوو ژنێك بە وی دی دەکوت گوایا خەڵکی ئەو لێرەوارەیە.

کسپەیەك لە دڵی خەیاڵ هات، ڕەنگی یەك جێ سپی هەڵگەڕا و لێوی نەختێك لەرێوە.

ـ نەیان کوت نێوی چیە؟

ـ نازانم بەخولای. بۆ چتە؟

خەیاڵ هاتەوە سەرە خۆ.

ـ هیچ هەروا دەپرسم.

هەستا سەر پێ و هاتە نیزیك سەماوەر و چایەکی بۆ تێکرد و بۆی هێنا، داهاتەوە کە لە پێشی دانێت پوور فاتم مەچەکی گرت و سەبرێکی دانیشاند، خەیاڵ لە پەنای دانیشت، دەیزانی دیسان باسی حاکم دەکات.

ـ دەی خەیاڵ ئاخری دەڵێی چی؟ کچێ وەرە شەپ لە بەختی خۆت مەدە، بەخولای لەو داوەتەدا تەواوی ئەو ژن و کچە دەوڵەمەندانە بە ئاوات بوون حاکم چاوێکیان لێ بکات. کچێ وەڵاهی ڕێویت بە پیرێوە هاتوە. بەخولای دایکم دەست لە سەر هەر کەس دانێت قوڕاوی بۆ دەخۆنەوە، ڕۆڵە گیان وەرە بەقسەم بکە.

خەیاڵ دەلەرێوە،سەری بەردابۆوە و بە سەری قامکە شووش و سپێکانی تووکی ڕایەخەکەی خڕ دەکردەوە.

ـ کچی خۆم ئەمن چاکەی تۆم دەوێت، بەخولای بەخولای هێندەت زێڕ و شمەك بۆ بکڕێت نەبێتەوە، کەسیش نازانێ. قەدەرێکی لەگەڵی تێکەوە پاشان لێی بکشێوە. وەڵاهی بە خۆشی خۆت بێت چاکترە دەنا ئەوانە زۆردارن بەخولای پەندت بەسەر دێنن، ئەوەی خەراپە بەسەرو دێنێت. ئادی کچی خۆم بەقسەم پکە.

دەم بە دەم بیر و هەرزی جۆرا و جۆر هوروژمیان دەکردە سەر، هەست و ئیحساسی تێکەڵاو، بۆی لێك نەدەکرانەوە ئەو هەستانە لە کوێن، ماڵیان، بنکەیان، ڕێیان بە کوێ دایە، لە کوێ ڕا دێن. لە پڕ بەرامبەری ڕاوەستان. ئاوقای دێن، دەگیری داوێن، دەیگرن، لێی دەهاڵێن، ڕەنگی ڕوخساری بە کەیفی خویان دەگۆڕن، چاو، برۆ، لێو، زمان، فرمێسك، لەش، دە بەندیان دان، یەك دەم لە چەنگیان ڕزگاری نەبوو، یەخسیر بوو.

ورتێکی سەبری لێهات.

ـ زۆرباشە پێی بڵێ ئەوڕۆ مێردەکەم لە ماڵ نیە، هەتا شەو نایەتەوە.

پوور فاتم لە خۆشیان چاوی ترووسکەی هات بێ ماوەڵدان ڕۆیی. دەمێك دوایە دەرگای کووچە کراوە و داخراوە. خەیاڵ وەك جادوو کرابێت بە ئارامی هاتە بەردەلاقە و چاوی دە کۆلان بڕی، پوور فاتم بە هەلینگدان وەسەر هەورازەکە دەکەوت، چارشێوە کۆنەکەی بە هۆی خوارە بای بەیان دەشکاوە. لە کوروچەکە لێ هالاوە و لە پێش چاوی

ون بوو، چاوی دە بڵێندتر بڕی، شۆڕەی دیواری دارالحکوومە وەك سەدان کێلی لە ڕیزێکدا، چەقیبوون.

✧ ✧ ✧

زووقم کەوتبوو، هەرد وە نەوزی دەدا، قەتارەی قاز و قورینگان بەرەو ئاران دەڕۆیشت. ڕێك و پێك و هاوزەمان، باڵیان دەکردوەو و دەبەستەوە، دەتکوت لەشێکن، باڵندەیەکی گەورە، ئەستێرەی ڕۆژ بە دیار مابوو، بە دەنگی قەتارەکە چاوی هەڵێنابوو، جیرەیەك لە دەرگا هات و تاپۆی مروڤێك وەدیار کەوت، دوو گۆزە بە دەستەوە، قورس و گران بەرەو کانی سوور ڕۆیی. تاریکی لە پەنا دیواران خەو بردبوویەوە، هەڵم لە زار و لووتی دەهاتە دەر و تێکەڵ تەنکە مژی بەیان دەبوو، دەنگی قازێکی بە جێماوە لە کاروان هات، سەری هەڵێنا، قازێك بەتەنیا بە شوێن کاروانی ڕۆیشتوودا بەلەز و پەلە باڵی لێك دەدا، هەتا لە پێش چاوی ون بوو سەری بەرنەداوە، سەبر سەبر ڕۆیی، دەنگە دەنگی ژن و کچان ئاوێتەی بۆڕەی گا و گوێلکان چەل چەل دەهات، نیزیك کانی ببوو، تارمایی چەند کەسان لە سەر کانی دیار بوون و شۆڕەی نزمی ئاو لەوێ ڕا دەهاتە گوێ، پشووی سوار بوو، گۆزەی لە سەر ئەرز دانان و پشتی ڕاست کردەوە، سەرمای بەری بەیان وەك چاوەڕوانی ئەو هەلە بێت بەمەچەکی دا وەك مێروو پێی هەڵگەڕا و مچووڕکی پێدا هێنا، داهاتەوە و گۆزەی هەڵگرتەوە و سەبر سەبر چۆ پێشتر، شوڕە شۆڕی ئاوەکە کە جێجێ لە خوارەوەی کانی بە سەر گاشەبەردان دا قەڵپەزەی دەکرد و دەنگی دەگوڕدرا بە ڕاشکاوی هاتە گوێی، گەیشتە سەر چاوە و سڵاوی کرد و حەولی دا بیان ناسێتەوە، ژن و کچ بە سۆنگەی قسەکردن ئاگایان لە هاتنی نەبوو، لە پڕ بێدەنگ بوون و سەریان هەڵبڕی و لە تاریك و ڕووندا تێیان ڕوانی، کلسوومی جیرانیان لە پێش هەموان دا ناسیەوە:

ـ ئەتۆی سەبری؟ حەك ماڵتە هەی هەر دەڵێی ساحەبی ئاوەێی وا بە بێدەنگی دێی، وەرە ئێرە.

سەبری دوو سێ هەنگاو چۆ پێش‌تر و خەریکی چاك و چۆنی بوو. پوور زبێد گۆزەی پڕی هاویشتە سەر شانی کالێی کچی و هەستان بڕۆن. لە ڕاست سەبری ڕاوەستا و تفێکی گەورەی فڕێ دا بەر پێو و بە قینەوە کوتی:

ـ بەڕەڵای دێڵە بەبا.

بێدەنگێکی سەیر سەر کانیلەی داگرت، تەنیا شۆڕەی ئاوەکە دەهات.

ـ وەرە بڕۆین کچێ.

کالێ بەپەلە بە پەنا سەبری دا خوشی و تەنەیەکی لە شانی دا و جوێنێکی پێ دا.

ـ ژنەتیوە پێ رەشە.

سەبری سەری بەردابۆوە، گۆزەی هەرتك لە بەر لاقی دانابوو و چاوی دە ئاوەکە بڕیبوو کە سات بە سات ڕوونتر دەینواند و بە حاڵ وێنەی ئەستێرەی لە سەر دیار بوو کە بە هۆی وردە شەپۆلان دەلەرێوە، کلسووم داوێنی کراسەکەی کێشا و داینیشاند.

ـ کچێ وەرە دانیشە گۆییان مەدەیە.

دەنگی جوێندانی پوور زبێد و کچەکەی لەدوورەوە هەر دەهات دەتکوت وشەکان خۆیان لە داوێنی شنە گرێ دابوو دەگەیشتنە گۆیی سەبری. لە پەنا کلسوومی هەڵ تووتەکا و سەبر سەبر گریا.

ـ کچێ ئەوە بۆ دەگری؟ با ئەوانە هەر قسان بکەن، هەر مەنزووریشت نەبێ.

ـ کلسووم گیان خۆ بەخودای ئەمن قەت ڕازی بەوەی نەبووم بە جێی کچی ئەوانە بێم، ئەمن بڵێم چی، لە هەر جێیەك تووشم دەبن دەم بوغزێنن، کچ و ژنی دیکەش هەرکامە شتێکی کوت.

ـ ئایەڕۆ دایکم شێت بووە، ئەو قوڕبەسەرە چبکات؟ قەزا و قەدەری خودای بووە.

ـ جا دەڵێی چی دایکم لەگەڵ کاری خولای چدەکرێت؟ بە ناشکوری لەلای ئەو خودایە نەبێت ئەوەتا ئەمنیش ئەوە دوو جاران سکم سووتاوە، هەر شوکرانەبژێرم.

ـ وەڵاهی خوشکێ دیسان کچەکەی مردبا خۆشتر بوو، تاوێك دەچۆ سەر گڵکۆی و کلو و کۆی دادەمرکا، بەڵام ئێستا،...

سەبری هەروا لە باڵ خۆیدا دەگریا مات ببوو و بێ جووڵە و تەکان سەری بەردابۆوە، گوێی لەو قسانە دەبوو، یان گوێی لێ نەبوو و دە خەیاڵی خۆی دا بوو، بە تایبەت لەو دەمەوە کە فەقێ بە جێی هێشتبوو هێندەی دیکە دڵی پڕ بوو، هەر بە جارێك هەستی بە تەنیایی دەکرد وەك لە پڕ کەوتبێتە شوێنێکی غەریب، هەموو شتێك بۆی نامۆ ببوو، هەستی دەکرد پشتی بەتاڵە، دیوەکەی سارد و سڕ، ترسی هەبوو پچێتەوە ژوور. تەنیایی لە دار و دیواری دەباری، بە ڕۆژ سەرقاڵی کار دەبوو چاکتر بوو بەڵام شەوانە دڵی ڕێك دەکوشرا.

ـ مەڕۆ ڕەسووڵ.

کلسووم هەرتك گۆزەی بۆ پڕ کرد و هەستا سەرپێ.

ـ هەستە سەبری ڕۆژ درەنگە.

سەبری وەخۆهاتەوە و هەستا سەر پێ. کلسووم گۆزەی لێ هەڵێنا و بۆی هاویشتە سەر شانی و ئیخۆشی هەڵگرت، تنۆك تنۆك ئاو بە قەراغ و دەسکی گۆزان دا دەڕژانەوە خوار. ئیوابوو خۆیان دە باوەش کانیاوەکە داویشت و ئیواش بوو دەتکانەوە سەر هەردی تەڕ و پێخوس.

ماڵئاواییان کرد و کلسووم لە پێشەوە و سەبری بە دوایدا سەبر سەبر ڕۆیشتەوە، ئەستێرەی ڕۆژ دەمێك بوو ون ببوو. ئاسمان ڕووناك ببوو، لە ڕۆژ هەڵات تەنکە هەورێکی بەر سك بۆر هەڵکورمابوو. دووکەڵی کز لە کولانچەی بانی سێ چوار ماڵان وەك هەڵمی زاری دەعبایەکی خەیاڵی دەهاتنە دەرو بەرەو ئاسمانی شینبۆر هەڵدەکشان. پیاو دوو دوو و سێ سێ بۆلای مزگەوت دەڕویشتن و چەل چەل کۆخەیەکی توندیان دەهاتە گۆییان. سەبری ماندوو ببوو گۆزەی دانا سەر ئەرز و پاڵی بە دیوارێك دا و

پشتی ڕاست کردەوە. ژانێك دە لەشی گەڕا هەستی بە بێتاقەتی و سەرگرانی دەکرد. کلسووم بەرامبەری هەروا گۆزە لەسەر شان ڕاوەستا.

ـ ماندوو بووی؟لێی گەڕێ، لێرە ڕاوەستە ئەمن دێمەوە بۆت هەڵدەگرم.

ـ نا نا بە قوربانت بم کلسووم گیان، دەتوانم.

کچێ دەجا چبوو؟ خۆ قیامەت نابێ، ئەدی کابانی هێوەرژنت بۆ نەدەهات؟

ـ کلسووم گیان فەقیرە ئەویش منداڵە بەرە بەخولای لە من ماندووترە.

دوو پیاو بەرامبەریان هاتن. هەرتکیان بە دەنگە دەنگیان ئاوڕیان لێدانەوە. کلسووم کوتی:

ـ ئەوە خەزوورم و پیاوەکەم دەچنە سەردەشتێ.

سەبری دەسرەی سەری زۆرتر لە دەم و چاوی هاڵاند و داهاتەوە و گۆزەیەکی هەڵگرت بەڵام زۆر بە چەتوونی لەسەر شانی دانا، پیاوەکان بێئەوەی ڕاوەستن لێیان تێپەڕین تەنیا چاوێکیان لێ کردن و جوابی سڵاویان بەپەلە دانەوە. کلسووم گۆزەیەکی خۆی دانا ئەرز و بە دەستە بەتاڵەکەی گۆزەی لێ هەڵێنا و ئەوجار گۆزەی خۆشی هەڵگرت و وەڕێ کەوتن، لە ڕاست دەرگای ماڵە سەبری ماڵئاواییان کرد و سەبری چۆ ژوور، ئاوەکەی بردە هەیوانی دیوی خەسوو و خەزووری و بە دیوارێوە هەڵپەسارد، پشیلەیەکی کز لەسەر تەلیسە کۆنان نووستبوو، بە بێوازی چاوی هەڵێنا و نەختێك پێستی پشتی جووڵاندەوە و سەر لە نوێ چاوی نووقاندەوە.

گۆیی لە دەنگە دەنگی خەسوو و خەزووری بوو، هات بڕوات بەڵام نێوی فەقێ ڕایگرت، خەزووری بە سەر ژنەکەیدا گوڕاندی:

ـ ئەو هەتیوە چۆتە کوێ ئێستا؟ جا قەت ئەوە بوو بە قسە؟ ئەوە چوار ڕۆژە ڕۆیشتووە و نەگەڕاوەتەوە. هەمووی لە بن سەری تۆدایە دەنا بۆ هەر ئەودەمی پێت نەدەکوتم تەمایەکی وای گرتۆ؟ هەموو عالەمی خودای لە کارێ تەواو بوون هەر ئێمە ماوین، ئێستا نیوەی مازووکان ماون بتەکێن.

ـ پیاوەکە لەسەرەخۆ بە" وەڵاهی بە مەرقەدی شێخ عەلائەدینی ئاگا و خەبەرم نەبووە ئەگەر ڕۆیوە. تولحی بەیانێ بە ژنەتیوەکەی کوتوە ئەوە بە دوایدا دەڕۆم و ڕۆیشتوە، گوناحی من چیە؟

ـ هەستە بڕۆ وتمانم بو بانگ کە بێتە ئێرە.

سەبری هەستی کرد خەسووی بۆ لای دەرگا دێت بەپەلە لەسەر هەیوان هاتە خوار و بۆلای هۆڵێ ڕۆیشت.

چوار پێنج قەلەموونە لەسەر پاسارەی هۆڵەکە هەڵکوورمابوون، حەیان نەبوو چاویان هەڵێناوە یان نووستوون، دەرگای هۆڵی کردەوە و چۆ ژوور، گەرمایەکی تایبەتی وێڕای بۆنی نێو هۆڵ ئاوقای هاتن، دەنگی خەسووی گوێ لێبوو:

ـ وتمان، وتمان، وەرە ڕۆڵە بابت کاری پێتە.

وتمان گورج هاتە دەر و بەرامبەری ڕاوەستا. خێزانی منالێك بە باوەشەوە هەڵیدەتەکاند لە پشتە سەری ڕاوەستا و چاك و چۆنی لەگەڵ کرد:

ـ چۆنی ئامۆژن؟

ـ ڕاوەستاو بی.

ـ دەڵێی چی دایە گیان؟

ـ وەرە ڕۆڵە پچۆ بزانە بابت دەڵێ چی کاری پێتە.

کارە کاری بزنان دەهات، دیار بوو لەوەی کە یەکێك وەنەوزی بەیانی لێ تێك داون ناقایلن.

ـ ئەوە هاتم دایە گیان.

وتمان سلاوی کرد و بەرامبەر بابی ڕاوەستا.

ـ فەرموو بابە گیان دەڵێی چی؟

ـ ڕۆڵە وتمان ئەمن بە دوای ئەو هەتیوەدا دەچمە سابلاغێ، ئاگات لەو بزنانە بێت ئەورۆ مەچۆ گەڵێ، بای دێت، سبەینێ ئەگەر بای نەهات بڕۆن تەواوی کەن.

ـ باشە بابە گیان بەڵام خاترجەمی لە سابلاغێیە؟ جا چووزانم ژنەکەی وا دەڵێ. دەڵێم بابە ئەمیشت لەگەڵ نەیەم؟

ـ نا ڕۆڵە گیان هەر بۆخۆم دەچم، ئەو مازوانەش دانێن یەکجاری بۆ حاجی خدری بەرم.

ـ بەچاوان، ئەدی کەنگێ دێیەوە؟

ـ جا چووزانم کوڕم، ڕۆیشتن بە خۆتە و هاتنەوە بەخوڵای.

وردە وردە خەریکی بەستنی پێچ و کڵاوەکەی بوو.

گزینگی هەتاو لە ترۆپکی چیاکانی شاتمانی دەدا.عەزیز سەرڕووت بە سواری ماینی چوار ئێستری بە دوای خۆی دا جلە کردبوون و دەی کێشان، لەدێی وەدەر کەوت.

قرپە قرپی شکانی داران لە حەوشە دەهات. ئاسمان ساو، بێ پەڵە هەورێك، شینشین دەینواند. هەتاوی کەم تین وەك منداڵێکی لاواز و ڕەنگ زەرد بە کوڵی ئاسمانەوە بوو، تەلزمەدار لە ژێر بیوری وتمان دەردەپەڕی و لە دەوروبەر دەکەوت. دار سەخت و پتەو خۆیان لەبەر زەبر و زەنگی بیور ڕاگرتبوو، ئارەقە لە نێوچاوانی دەهاتە خوار، هەموو جار لەگەڵ داهێنانی توندی بیور بەری دەستی سڕ دەبوو و بە حاڵ قەڵشتێك دە کۆتەرەی دار دەکەوت، مریشکێکی پێ بە کۆلکە بە دوو سێ جووجەڵەی بێواز و لاواز لە نێو تەڵاشە داران دەگەڕا و چینەی دەکرد هەموو جار بە دیتنەوەی شتێکی بە قرتە قرت بانگەوازی جووچکانی دەکرد، براژنی بەو بەری کۆگا دارەکاندا تێپەڕی و ماندوو نەبینی لێکرد.

ـ ماندوو نەبی.

ـ سڵامەت بی.

دەنگی پشووی کە بە چەتونی دەیکێشا هاتە گوێی وتمان. لێی تێپەڕی و بۆ لای هۆڵ ڕۆیی. وتمان بیوری بە تەواری هێز داهێناوە و دارێك نێوقەدی شکا و هەر لایە کەوتە تەرەفێکی. لێوی بیوری لە ئەرز دانا و پشتی ڕاست کردەوە و چاوی لە سەبری

بڕی. قەت ئاوا سرنجی نەدابوویە. نیزیك نۆ مانگ بوو لەو ماڵەدا بوو بەڵام قەت وەك ئێستا بیری نەچوبوو سەری، بۆ ساتێکی زگی پێ سووتا، سەری بەرداوە و دەستی لە دەسکی بیور توند کرد و هەڵی هێناوە.

مریشك و جووجەڵە لە ترسان دوور کەوتنەوە. کەم وا هەیە ئینسانەکان یەکتر ببینن. سەبری بە نێو بزنە گەل دا بۆلای سەرەوەی هۆڵ ڕۆیی. سێ چوار چۆلەکە بە فڕکە فڕك بە نێو هۆڵدا هەڵفڕین و بە کولانچە دا تیژ بەرەو ئاسمانی شین هەڵکشان، هۆڵ بێدەنگ بوو. بزن تەنەیان لێك دەدا و سمیان چەل چەل دەخستە سەر پەنجەی لاقی سەبری. داهاتەوە هەتا گەسکە کۆڵەکەی قەراغ دیواری هەڵگرێت. ژان و ئێشێکی توند دایگرت. وەك برووسکەیەك بە تەواوی لەشی داگەڕا. دە پشتی دا ڕاوەستا، زیقەیەکی لێهات، بزن چاویان زیت کرد، ژانێکی دیکە و یەکی دیکە، مەودایان کەمتر دەبوو، نێو لینگی تەڕ ببوو، هەر چۆنێك بوو خۆی ڕاست کردەوە و پاڵی بە دیوارەکە دا، پشووی جوان بۆ نەدەکێشرا، زاری تەواو کردبۆوە و پلپلەی کەپۆی دەلەرینەوە، ئارەقەی سارد لە نێو چاوانی ڕا هاتە خوار و بە سەر مل و سینگی دا لووزەوی بەست، دەمێك ئەهوەن بووە، بزن وەبارە باڕ کەوتبوون، سەر لە نوێ ژان دایگرتەوە. ئەوجار توندتر و پەیتا پەیتا برستی لێ بڕی، هەزاران بیر و خەیاڵی جۆرا و جۆر و ناتەواو لێی وەخۆ کەوتن، چاویان زیت کردبوو، لە ڕووی هەڵنەدەهات بقیژێنێت، لێوی خۆی دەگەست و هاواری دە ئەوکی دا سەردەبڕی، گەسکی لە دەست کەوت و ژووری تاریکی هۆڵ هێندەی دیکە لە پێش چاوی لێڵ و تاریك ببوو. ژانێك یەکجار توند دایگرت، لە پڕ زریکاندی و بێ حاڵ سەری بەربۆوە سەر ئەستۆی.

وتمان بیوری بەرداوە و بە غار بۆلای هۆڵ چوو، بە پڕتاو دەرگای کردەوە، دەیان چاو زیت زیت چاویان لێدە کرد، لەقونیچکی لای سەرەوە براژنی دیت لەسەر هەرد تلڵور ببوو. هەر لەبەر دەرگا ڕا هاواری خێزانی و دایکی کرد:

ـ کابان، هۆی کابان، دایە خێرابن وەرنە ئێرە.

هەرتك بە هەرەمەلە دیوەکان هاتنە دەر، منالە چکۆلەکانی وتمانیش بە دوای دایکیان دا هەڵدە هاتن.

ـ چبووە؟ چقەوماموە؟

ـ خێرابن بگەنە سەبری.

خێزانی بە پێخواسی لە پێش دایکی دا گەیشتە سەری. بن پیلیان گرت و بە ڕەکێش ڕەکێش هێنایانە دەر و بردیانە دیوەکەی خۆی. وتمان لەبەر دەرگا لە منالەکانی تووڕە دەبوو:

ـ لاچن برۆنە ئەولای دەی یالاّ.

دەنگی دایکی گوێ لێبوو.

ـ وتمان هەلینگ دە پچۆ لە دووی ئایشەگوڵێ، ئەوە دەمرێ.

وتمان بە هەلینگدان ڕۆیی. چەند ساعەت دوایە زیق و زاقی کۆرپەیەك هات، نێوکیان بڕی و بابۆڵە پێچیان کرد. خەسووی سەبری میوانی ساز کرد. منالەکانی وتمان بە قامکان خەریکی خواردنێ بوون. سەبری بە حاڵ پێلووی هەڵێنا و چاوی گێڕا، گریانی منالەکەی گوێ لێبوو، بزەیەکی لێدا و سەر لە نوێ بێحاڵ کەوتەوە.

هەتاو لە کۆڵی ئاسمان هاتبۆ خوار و دەنێو بێشکەی چیاکانی ڕۆژئاوا دا ئۆقرەی گرتبوو، شەو بە دەستەکوتە دەهاتە پێش، ئەستێرە تاك تاك لە گۆشە و کەناری ئاسمانی بێسنوور وەدیار کەوتن، بانگی مجێوری مزگەوتی نواوێ هەتا دوور دەڕۆیی، لە شوێنێکی دەگەڕاوە، زایلەی دەهاتەوە گوێی دێهاتیەکان.

✧ ✧ ✧

پرمە پرمی وڵاخان لە تەویلەی کاروانسەرا دەهات و دەنگە دەنگی نزمی ڕێبوارانی ماندوو و قاقای نێوە نێوەی یەکیان لە گۆشەیەك ڕا، چۆلە چرا لە چوار گۆشەی دیواران چەقاندرابوون و گڕێکی لەرزۆکیان لێ بڵێند و نەوی دەبوو و دوو کەلێکی ڕەشتر لە تاریکی، بۆنی نەوت و ڕۆنی سووتاو لە سەر کاروانسەرا دەگەڕا. فەقێ ڕەسووڵ تەلیسی

هێنا پێش خۆی، دەستی تێڕاکرد و تفەنگی لێ دەرکێشا، بە کاوە خۆ خەریکی ڕۆنکاری و ئەزموونی بوو، لوقمان لەسەر جێیەکەی خۆی قوت بۆوە و بە قوونەخشکە لێی هاتە پێشتر.

ـ فەقێ دەڵێی دەچیە شەڕێ، ئەوە چدەکەی؟

فەقێ قەتاری فیشەکی دەرهێنا و ڕەخت و ئاڵقەزوونەی ڕێك و پێك کردن.

ـ ئادی لوقمان گیان دەچمە شەڕێ. ئەورۆ زۆر چاوەڕوان بووم نەهاتەوە داوەتێ دەنا دام نابوو هەر لەوێ بە خەنجەران ئەنجن ئەنجنی کەم.

ـ کوڕە فەقێ گیان بابم چون کاری وا دەکەی،ئەو تازە مارەکراوێتی و منداڵی لێی هەیە. جا ئەوجار چووزانی هەوە؟

ـ بە نیشانەکانیڕا دەزانم هەوە. سبەینێ دەچمە ماڵییان ئەگەر هەو بوو ئەوە دەیکووژم و ئەگەریش هەو نەبوو، ئەوە هیچ.

ـ کوڕە پیاوی چابە دەست لەو کارە هەڵگرە. چووزانی بە خۆشی خۆی ڕەگەڵی نەکەوتوە؟

ـ دەزانم، ئەو دەسگیرانی من بوو، سوێند خواردووی یەك بووین. چخەراپێکم بۆی نەبوو هەتا لەگەڵ یەکی دیکە کەوێت. سوور سوور لێم حەیانە ئەو مەلعوونە بە زۆر لەگەڵ خۆی بردوە.

ـ وەڵاهی جا پیاو بڵێ چی؟ بەڵام ئەگەر بەقسەی برای خۆت دەکەی تازە وازی لێ بێنە و بڕۆوە سەر ماڵ و حاڵی خۆت.

فەقێ هەناسێکی هەڵکێشا، هەناسەیەك کە پڕ بوو لە قسە. جارجار وشە دەڵێی یەکجار گران و قورسن نایەتە سەر زمان، ناکوترێن، توانای دەربڕینی ئەو هەستەیان نیە. کاڵ و کرچن، بۆیە دەبن بە هەناسە، بە ترووسکەیەك لە چاو. بە ئیشارەیەك لە برۆ، لە ڕوخسار.

چەك و فیشەكدانی دە تەلیسەكە هاویشتەوە و چۆ سەر جێگا و بانی خۆی. دەنگی كاروانسەرا دار بەرز بۆوە هەرای شاگردەكەی كرد:

ـ هۆی حەسەن كوڕە غاردە تفاقی بدە بەو ولاخانە شەو درەنگە.

وردە وردە دەنگە دەنگی ڕێبواران كەم ببووە، چۆلەچرایەك لە دوای یەك دەكووژانەوە، تەنیا یەكیان لە قەدی دیوارێكی بەردەوام داییسا و ڕووناكی لەرزۆكی دەخستە دەوروبەر، فەقێ نوقمی خەیاڵی جووراوجوور سەری داناوە سەر سەنیرەكەی. كەس نازانێ سبەینێ چدەقەومێت.

✧ ✧ ✧

مجێوری مزگەوتی شادەروێش وە سەربان كەوت و دەستی دەبنان گوێی ناو بانگی نێوەڕۆیەی فەرموو،دەنگی بانگ لە چوار لای شار بەرز بۆوە، خەیاڵ ڕاچڵەكی، وەخۆ هاتەوە. لە مێژ بوو بێ جووڵە و تەكان لە قوژبنێكی هەڵكورمابوو، لە بەیانێوە كە پوور فاتم ڕۆیبوو كاس ببوو دەتكوت دە خەو دایە، چاوی دە شوێنێكی دەبڕی بێئەوەی هیچ ببینێت، لە پڕ بە دەنگێكی، بە خشپەیەكی بە تەپەی لاقی ڕێبوارێكی لە كووچەدا ڕادەچڵەكی؟ ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا، سپی هەڵدەگەڕا، دڵی بە گرمە دەیكوتا، هەستی كرد چی دیكە ناتوانێت كوتە كوتی دڵی ڕاگرێت، بە سەر لێشێواوی هاتە بەر دەلاقە و چاوی دە دەرێ بڕی و گەڕاوە دواوە. هاتە بەرامبەر پەردە سەوزەكەو ڕاوەستا توانای لابردنی نەبوو، تف دە زاریدا ویشك ببوو، زمانی نەدەگەڕا، زمانی دەتكوت كێوێك بوو، بەپەلە گەڕاوە سەر بێشكەی مناڵەكەی، بێئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، لانكی ڕاژاند. حەجمینی نەبوو هەستا حەواو هاتەوە بەر دەلاقە و چاوی دە كۆلان بڕی، چۆل و هۆل بوو، دەستی لێك گرێدا و بەلەز قامكی لێك جۆی كردنەوە. تەواوی ئازای ئەندامی شەلاڵی ئارەقە بوو. تاتێڵ و دڵخورتی تەنگەتاویان كردبوو،چاوەڕێی بوو، ئیدی نەیدەوێرا چاو لە دەرێش بكات لە ژێر دەلاقەكە هەڵكورماوە و سەری خستە سەر ئەژنۆی و چاوی قووچاند. دەنگی نزمی دەركە كوتەكە هات، ڕاچڵەكێوە و یەك جێ

هەستاوە سەر پێ،هەستی کرد بۆ دەمێکی بە کوتك لە سەریان دابوو، گێژ و وڕ، دەنگی دەرگا لەمێشکی‌دا دەنگی دەداوە، لێی حەیان نەبوو ئەوە دەنگی دەرگا بوو یان ئی دڵی خۆی، سەر لە نوێ دەنگ هاتەوە، گوێی لە تەپە تەپی لاقی پوور فاتم بوو کە بەپەلە بۆ کردنەوەی دەرگا چوو، دونیا لە سەر سەری دەسووڕا، ڕەنگی مردووانی لێ نیشتبوو، خوێنی سارد ببۆوە و وزەی گەران لە دەمارانی دا نەمابوو، هەرچی خوێن بوو یەك جێ رژا بۆ نێو دڵی و گرمەی وەك دەهۆڵ دەهات، سرت و خورتێك لە حەوشە هات و تەپە تەپی بەپەلەی لاقی پوور فاتم کە بۆلای دیوەکەی خۆی دەگەڕاوە، تەپەی سەبری لاقی حاکم کە بە هەر پلیکانەی کە وەسەر دەکەوت بلێندتر دەبوو هاتە گوێی، دەستی لێك گرێ دابوو و پشت بە دیوار بەرامبەر دەرگا ڕاوەستابوو، چاوێکی لە پەردە سەوزەکە دەکرد و چاوێك لە دەرگا، دەرگا جیڕەیەکی لێهات و کراوە، حاکم بەرامبەری ڕاوەستابوو، چاوی زەق زەق تێبڕیبوو، دەسکی قەمچی ئاوریشمەکەی بە دەستەوە مەستی جوانی ئەو شۆخە حەپەسابوو، بەچەکمەوە وەژوور کەوت و بۆلای هات، دەمانچەی قەدی بریقەی دەدا، دەستی بۆلای دەم و چاوی درێژ کرد بە دەرگای ئاوەڵە دا ئاسمان دیار بوو، خەیاڵ چاوی لە ئاسمان بوو، شەهێنێك لووری قەلێك هات، پەردەکە لادرا پەنجەی موحکەمی **محەممەد** کەوتە سەر مەچەکی حاکم، حاکم ڕاچەنی و بە پڕتاو ئاوڕی لێداوە و گێژ و وڕ لێوەلەرزە دایگرت یەك جێ خەجلاّ و وێك هات، **محەممەد** کەوتە سەری و بە مست و شەپ دایگرت، قیڕەی قەلەکە هات، حاکم دەستی بۆ دەمانچە برد، بە مستی توندی **محەممەد** بە دیوار داکەوت و هۆشی نەما. دەسبەجێ دەست و پێی بەستەوە بە غار چۆوە خەلەوتێکە گوێزانی هێنا و لە پێش چاوی خەیاڵ دەستی بە تاشینی سمێڵ و سەری حاکم کرد، خەیاڵ هاتەوە سەرەخۆ و بە دەستی دانووسا:

ـ **محەممەد** گیان بەخاتری خولاّی نەیکەی، بەخاتری خولاّی کوڕە ماڵوێران دەبین. **محەممەد** بە شانی خەیاڵی فڕێدا ئەوبەری.

ـ بکشێوە ژنەتیوە جا چۆن لە جیاتی ئاگاداری ماڵ و ناموسمان بێت تەماحمان تێکات؟ حاکم وەك ژووژك وێك هاتبوو، خوێن لە قەراغ لێو و سەری دەهات، چاوی لە ترسان دەرپەڕیبوو.

بە لەرز و ڕەجا بە چاو تکای کرد، محەممەد بە هەیبەت لەسەر سەری دانیشتبوو، سەری تاشی و لایەکی سمێڵیشی لێکردەوە، هاویشتیە سەرشان و لە پلیکانان بە هەڕەمە هاتە خوار، پوور فاتم بە لەخۆدان دەرپەڕێ دەر، بە دیتنی چاوی محەممەد لە جێی خۆی ویشك هەڵات، محەممەد بێئەوەی قسێکی بکات هەروا بە توندی بۆلای دەرگا چوو و دەرگای کردەوە و حاکمی برد لەنێوەڕاست کووچە فڕێی دا سەر ئەرز و گوڕاندی.

ـ ئەوەیە تاوانی ئینسانی بێناموس.

جیران بە پڕتاو لە ماڵان هاتنە دەر و چاویان لێکردن، بۆ ماوەیەکی کەس نەیدەزانی چقەوماوە و ئەوە کێیە لەسەر هەرد بەسەر و پۆتراکی تاشراو و خوێناوی کەوتوە؟ جەماوەر لێیان هاتنە پێشتر، محەممەد بێئەوەی کەس بدوێنێت گەڕاوە ژوور،پوور فاتم دەرپەڕی دەر و بە چەپۆکان بەسەری خۆی دادا و بۆلای حاکم بۆ کردنەوەی دەست و لاقی چوو، بە بیستنی نێوی حاکم جیران ترس و خۆف و سەرسوڕماوی دەخۆی گرتن، یەکێك هاواری کرد:

ـ کوڕە هەلێن ئەوە حاکمە ئەتکی پێ کردوە!

زەنا زەنا و هەرا هەرا دە خەڵکی کەوت، هەواڵەکە وەك بای سەر سەر زار بە زار ڕۆیی، لە گەڕەك و کۆڵانی نیزیك ڕا خەڵك هوروژمیان کردە ئەو کۆڵانە. حاکم ون ببوو و خەڵك هەستیان بە مەترسی کرد ئەو کۆڵانە و ماڵەکانی خێرا چۆل کران، فەقێ بێخەبەر گەیشتە کۆڵانەکە، دەرگا ئاوەڵا بوو، خۆی بە ژوور داکرد تفەنگی هێنا بوو سەر دەست و لە حەوشەی بێدەنگ چاوێکی لە دیوی پوور فاتم کرد سرتە سرتێکی لە دیوی سەر پلیکانان گوێ لێ بوو وەسەر پلیکانان کەوت. لەبەر دەرگای ژووری ڕاوەستا، چاوی دە زەریای چاوی خەیاڵ داخنکا.

گۆمی بەردەلانکێ بوو، هەزاران هاواری دەخۆیدا ڕاگرتبوو. **محەممەد** واقی وڕما.

ئەوە کێیە؟

ـ ڕەسووڵ!

دەنگی لەرزۆکی خەیاڵ بوو کە بە حاڵ لە گەرووی ویشکی هاتە دەر **محەممەد** هێندەی دی حەپەسا، زەمان ڕاوەستابوو و وزەی ڕۆینی نەمابوو، کوت و پاهەنگی وێخرابوو، لەو دیوەدا یەخسیر ببوو، حەپەساو چاوی لە هەر سێکیان دەکرد. فەقێ لە چەخماقی تفەنگی دا و ڕووی دە **محەممەد** کرد:

حیزە پێت وابوو قەتت نابینمەوە؟ ئەگەر چووبایە ئەوسەری دونیاش هەر دەمدیتێوە، ئێستا پێت نیشان دەدەم کچدزین یانی چی.

خەیاڵ قیژاندی و خوی هاویشتە نێوانیان.

ـ نا ڕەسووڵ ئەو بێتاوانە. ئەو بێتاوانە، ئەمن بۆخۆم ڕەگەڵی کەوتووم.

فەقێ لوولەتفەنگی گورج هێنا سەر سینگی خەیاڵی.

ـ ئەتۆ بەڕەڵڵا؟ ئەتۆ بۆخۆت ڕەگەڵی کەوتووی؟! بۆ لەبەر چی؟ پێم بڵێ پێش ئەوەی بتکووژم، بۆ ڕەدوای کەوتووی؟

ـ لەبەر تۆ ڕسووڵ. بەخودای لەبەر تۆ.

ـ لەبەر من؟

ـ بۆخاتری ئەوەی لە حاست خەڵك سەرت هەڵبێت، **محەممەد** هیچ گوناحی نیە. پیاوەتی لەگەڵ کردم لە چەنگی ئەوانی ڕزگار کردم دەنا تەتکیان پێدەکردم. ڕەسووڵ ئەمن بکووژە.

دوو تنۆك فرمێسك لە کەناری چاوی دەهات سازبن. ڕەسووڵ سەری هەڵبڕی، چاوی بە پەردەکە کەوت بە هۆی نزە بایەکی سەبر کە لە دەلاقە ڕا دەهاتە ژوور دەشەکاوە، ئاسکەکان دەجووڵانەوە. تفەنگی سەبرێکی هێنا خۆار و پشتی تێکردن و گەڕاوە دواوە.

سوارە نووزەیەكی لێهات. فەقێ ئاوڕی لێداوە و چۆ سەر لانكەكە. جاجمەكەی لادا و چاوی لێكرد، دوو چاوی گەش و جوان هەڵاتبوون.

ـ نێوی چیە؟

ـ سوارە.

جاجمەكەی داداوە و بە توندی بۆلای دەرگا ڕۆیی. خەیاڵ لە پشتەسەری بانگی كرد:

ـ ڕەسووڵ.

بەسەرشانیدا ئاوڕی لێداوە. بێئەوەی قسان بكات بە چاو كوتی دەلێی چی؟

ـ ڕەسووڵ لەگەڵ خوتی بەرە.

ـ چی؟!

ـ سوارەی لەگەڵ خۆت بەرە.

ـ مەگیم منداڵی ئێوە نیە؟

ـ ئێمە تازە لەدەست چووین.

ـ لەبەر چی؟!

ـ پاشان بۆخۆت دەزانی، تكات لێدەكەم لەگەڵ خوتی بەرە بیدە بە ماڵە بابم.

بە غار چوو و منداڵەكەی لە لانكێ دەرهێنا و لە باوەشی ڕەسووڵی نا، بێئاوڕدانەوە مناڵ بە باوەشەوە ڕۆیی. كۆڵان هەروا بێدەنگ و سەدا بوو، لە پڕ دەنگە دەنگ بڵیند بوو. سوار بە پڕتاو دەهاتن و ڕمبەیان لەوسەر ئەوسەری دەهات. دەنگی تیژی فەڕاشباشی كە بە توركی هەرای سۆارەكانی دەكرد ڕەسەر دەنگی دیكە كەوت.

محەممەد بە پڕتاو هاتە پشت دەلاقە و چاوی دە كووچە بڕی، پیاوی حاكم بە ماتەمات دەهاتنە پێش. خۆیان دەدا بەر پەنا و پەسێوی دیوار و دەرگای ماڵان و مات دەبوون. سوار لە كۆڵان دیار نەمابوون، بەڵام لە ئاخری كۆڵان تاقمێك سوار ڕاوەستابوون.

لە سەربانی ماڵەکانی بەرامبەریش جووڵە جووڵ پەیدا بوو، بەپەلە پرووزی لەو بانە بۆ بانێکی دیکە غاریان دەدا و لە پەنا پاساڕەی بانان دەچوون دە چەپەڕەوە. خەیاڵ هاتبوو سەر لانکی بەتاڵی سوارە ڕاوەستابوو و چاوی لە جێگای بەتاڵی بڕیبوو. **محەممەد** بە توندی بۆلای دیوە چکۆڵەکە چوو، خێرا سەری **مجری**کەیانی هەڵداوە و بەپەلە پەل شمەکی سەرەوەی لادا، بۆنی میخەك و عەتری بەرگی خەیاڵ وەك یەخسیرێك کە هەڵی بۆ هەڵکەوتبێت دەستی **محەممەد**ی گرت و هاتە دەر، لە تەختی بنی **مجری**کە تفەنگی دەرکێشا و قەتاری فیشەکی ڕابەست و هاتەوە بەر دەلاقەکە. خەیاڵ ئاوڕی لێداوە، بزەیەکی کاڵی لەسەر لێوی دیت.

خەیاڵ گەرنم ئازادکە.

بزە جوانەمەرگ بوو، خەیاڵ لە پڕمەی گریانی دا و بە توندی بۆلای هات و بە دەستی دا نووسا و ماچی کرد.

ـ **محەممەد** گیان ئەتۆ گەرنم ئازادکە.

**محەممەد** بە دەستی چەپ چەنەگەی هەڵێنا و چاوی دەچاوی بڕی. سەری بردە پێش و نێوچاوانی ماچ کرد، دەنگی تیژی فەڕاشباشی لێکی جیا کردنەوە.

ـ حێزباب وەرە دەر، وەرە دەر دەورەت گیراوە.

دەنگ، زایەڵەی لە کۆڵانی چۆڵ بیسترا. تەپە تەپی لاقی چەند کەسان کە بە کووچە دا هەڵدەهاتن دەهات.

ـ وەرە دەر دەنا خانووکەتان بەسەر دا دەڕووخێنین.

خەیاڵ لە ژێر دیوار هەڵکورمابوو و **محەممەد** بە پێوە لەپەنادەلاقە خۆی مات دابوو و توند توند تفەنگی دە دەست دا دەکوشی.

**محەممەد** ڕووی لە خەیاڵ کرد و کوتی:

ـ ئەتۆ بڕۆ لای دەرگا ئەوێ ئەمینترە، ئەگەریش یەکێك ویستی بە کەلاوەکە دا بێتە حەوشە پێم بڵێ. خێرابە دەی.

خەیاڵ گورج چۆ ڕاست دەرگا و خۆی مات دا. ئاسمانی پاش نیوەڕۆی خەزەڵوەرکەش هەور بوو، لە دوور ڕا تاپۆی چیاکان دیار بوو، هەموو شتێك تەواو ببوو، ئیتر دڵخورتی و تاتێڵ دەستیان لە یەخەی کردبۆوە، ئەهوەن ئەهوەن بوو، جێگایان دابوو بە دڵتەنگی دڵتەنگێکی سەیر، ترسی لە مردن یان یەخسیربوون نەبوو، تەنیا دڵتەنگی سوارە بوو، دەتکوت سەدان ساڵە نەیدیوە، دەتکوت سەدان کێوی بڵێند مابەینیانە. پەڕۆی هەڵاوەسراوی سوارە لە حەوشە دەشەکاوە، چاوی کەوتە سەری، هەژگەڵی سەربانی دیوی پوور فاتم دەجووڵانەوە. لە جیاتی ئەوەی کە مەودای بۆ بیرکردنەوە کەم بوو و زەین توند و تیژکاری کردبا، ئارامتر لە هەمیشە دەکار دابوو، لێوی داسی زەمان کول ببوو، توانای دروێنەی نەمابوو، چاوی لە ئاسمان ڕا بۆ سەر کێو، لە کێو ڕا بۆ بان و حەوشە دەگەڕا، پۆلێك چۆلەکە بە جیکە جیك هاتنە سەر لك و پۆی ڕووتی دارەبووزە پیرەکەی حەوشەی ماڵێکی جیرانیان، لەبەر تەوژمی با خۆیان ڕانەگرت و لووری هەرد هاتن و لە پێش چاوی خەیاڵ ون بوون، دەنگی فەڕاشباشی چەلێکیتر بەرز بۆوە.

ـ دایكحیز وەرە دەر خۆ بە دەستەوە دە، هەتا سێ دەژمێرم هاتیە دەر چاکە دەنا خانووکەتان بەسەر دا دەڕۆخێنم.

ـ یەك.

**محەممەد** ئاوڕی لە خەیاڵ داوە، نیوەی دەم و چاوی لەوی ڕا دیار بوو، سەبرێکی بانگی کرد:

ـ خەیاڵ.

ئاوڕی لێداوە.

ـ دەڵێی چی؟

ـ خەیاڵ بەقسەم بکە، ئەتۆ پچۆ دەر، لەگەڵ ڕسووڵ و سوارە پچنەوە نواوێ.

ـ دوو.

ـ خەیاڵ گیان ئەمن ڕازی نیم ئەتۆ بکوژڕێی، لەبەر خاتری سوارەی هەستە بڕۆ، هەتا درەنگ نەبوە.

خەیاڵ یەك جێ سوور هەڵگەڕا و نێوچاوانی تێكنا و هەستا بە توندی بۆلای هات و تفەنگی لە دەست دەرکێشا.

ـ سێ.

ـ نا **محەممەد** گیان ئەمنت چۆن ناسیوە.

بەقەت خولەکێك وڵات بێدەنگ بۆوە و لە پڕ شریخ و هۆڕی دەیان تفەنگ هات.

**محەممەد** تفەنگی لێ وەرگرتەوە و سێرەی گرت. تەقە لەتفەنگی هات و هاواری پیاوێکی سەربانی بەرامبەر ڕا، دووی دیکە لەپەنا وی بەپەلە پچڕی هەروا لەسەر زگ کشانەوە پشتەوە و خۆیان دا پەنا دیوارێکی. **محەممەد** سەری تفەنگی هێنا خوار و بێ ماوەڵدان سێرەی گرت و یەکێك لە پیاوەکان کە لەوسەری کووچەڕا بەغار دەهاتە خوار ئەنگاوتی.هاواری توندی دەنێو شریخ و هۆڕی تفەنگان دا ون بوو بەڵام **محەممەد** دیتی کە کابرا لەسەر هەورازەکە تلی خوارد و چەند گەز پێش‌تر لەبەر دەرگای ماڵێك گیرساوە. لە سەربانی ماڵەکان ڕا دەلاقەیان داگرت و سێ چوار گولە بە ویزە ویز خویان دەژوورێ هاویشت و وە دیواران کەوتن. تۆز و خۆڵ لە ژوورێ بڵاو بۆوە، **محەممەد** سەری دزیبۆوە و لەپەنا دەلاقە مات ببۆوە. مەزبووت و چالاك سەری هەڵێناوە و سەربانەکانی وەبەر تفەنگان داوە. قاپخە فیشەك یەك لە دوای یەك دەردەپەڕین و دەکەوتنە سەر لبادەکەیان و تووکیان هەڵدەپڕووزاند و بۆسۆیان دە ژوورێ دەگەڕاند. پێش ئەوەی دیسان سەری بکشێنێتەوە پەنا دیوار پیاوێکی لەسەربانی مزگەوت دەست‌نیشان کرد و دە مێشکی دا مەوداکەی قەرەس کرد، دەست ڕێژێکی دیکەیان لێکرد و گولە دیسان بە ویزە ویز خۆیان بە ژوور داکرد، تۆز و خۆڵ کەوتبۆ سەر لانکی سوارە، خەڵك لە دوورەوە ئاگاداری شەڕەکە بوون و گوێیان لە شریخ و هۆڕی تفەنگان بوو، بازاڕی

دووکانیان بە پڕتاو دادەخست، یان بە شاگردانیان دەسپاردن و بە هەڵاتن بۆ گەڕەکی ئەوان دەهاتن.

ـ چبوە ئەرێ کوژران؟

ـ کوڕە نەوەڵا ئەوەنیە هەر شەڕە.

**محەممەد** دە هەڵێکی‌دا ئەو نەفەرەی سەربانی مزگەوتیشی ئەنگاوت. هاواری گەیشتە گوێی ئاسمان. فەڕاشباشی دەیگوڕاند و جوێنی بە **محەممەد** و بە پیاوەکانی حاکم دەدا:

ـ خێڕینە، بڕۆنە پێش، بڕۆن دەی یاڵا ئەو یەك نەفەرە و ئەنگۆ سەد نەفەرن، خێرابن بەخولای حاکم هەمووتان لە سێدارە دەدات. وەرە دەر سەگباب وەرە دەر.

بە ترس و لەرز دەهاتنە پێش‌تر و دەست ڕێژیان دەکرد. یەك دوویەك پشتیان بە دیواران نووساندبوو، پشوویان دە سینگ دا ڕاگرتبوو و سەبر سەبر دەهاتنە پێش و خۆیان گەیاندە حاست دەرگا و یەك جێ پاڵیان پێوەنا، بەڵام چلمێردە لە پشت دەرگا دەستی وەروونان و بۆیان نەکراوە.

خەیاڵ هەرای **محەممەدی** کرد:

**محەممەد** بگەیە ئەوە لە پشت دەرگان!

**محەممەد** بە سێ چوار هەنگاوی بڵێند خۆی گەیاندە سەر پلیکانان و هەر لە وێ ڕا بە قەڵشت و کەلێنی دەرگا دا بەشێکی کەمی لە بەرگەکانیان دیت. سێرەی تێکردن و شریخەی تفەنگی گوێی خەیاڵی هێندەی دی کپ کرد. نرکە و فیزاری یەکیان پڕ بە کۆڵان هات و ئەوی دیکە خۆی هاویشتە پەنا دیوارەکە. بە غار گەڕاوە ژوور و خۆی گەیاندەوە بەر دەلاقە، لوولەی تفەنگی گەرم داهاتبوو. شەڵاڵی ئارەقە و تەپ و تۆز، توند و چالاك دەهات و دەچوو. جەماعەت لە شوێنی بڵێند ڕا چاویان لە شەڕەکە بڕیبوو و بە قامك ماڵە **محەممەدیان** نیشانی یەك دەدا، لە پڕ یەکیان بە دەنگی بڵێند بەوانی دەوربەری کوت:

ـ کوڕە چاو لەسەر هۆو بانەی کەن، چا چا هۆوەی دەڵێم.

ـ ئەها، ئەها، ئەو دوو نەفەرە بە وێدا بۆی دەچن.

دوو نەفەر بە کەلاوەدا وەسەربانی دیوی پوور فاتم کەوتبوون. خۆیان کۆم کردبۆوە بەتەمای خۆ دە حەوشە هاویشتن بوون، خەیاڵ دیتنی و هاواری **محەممەد**ی کرد:

ـ **محەممەد** بگەیە لەسەربانی پوور فاتمێن، ئەوە دێنە حەوشە.

**محەممەد** دەرپەڕی و خۆی گەیاندە حاست خەیاڵ و سێرەی تێگرتن، چەخماقی لێدا بەڵام گولە گیری کردبوو، بەپەلە جارێکی دی چەخماقی لێدا بێهوودە بوو، دوو نەفەرەکە لە حاست شۆرەبانەکە لەسەر سك درێژ بوون و دیوەکەیان و بەر گولان دا، **محەممەد** پیلی خەیاڵی گرت و کێشایە قەراغ دیوارەکە. تەپەی کەوتنی یەکیان هات. **محەممەد** خەنجەری هەڵکێشا، لە جێی خۆی دەرپەڕی لە پڕ حەپەسا، کەلاکی یەکیان لە حەوشە کەوتبوو و ئەوی دیکەش نیوەی لەشی بۆلای حەوشە شۆڕ ببۆوە، تفەنگی کەوتبوو نێو حەوشە. بە دیتنی فەقێ ڕەسووڵ لەسەربان واقی وڕما، ڕەسووڵ دەسبەجێ خۆی دە حەوشە هاویشت و تفەنگی کەوتووی هەڵگرتەوە و بە هەرەمە وەسەر پلیکانان کەوت، لە ڕاست **محەممەد** ڕاوەستا و چاوی دە چاوی بڕیو بێئەوەی قسێکی بکەن چوونە ژوور، خەیاڵ کێردێك بەدەستەوە تاسا، کێردی لە دەست بەر بۆوە.

ـ ڕەسووڵ ئەتۆی؟ بۆ هاتیێوە؟!

ـ ئاسکێ مەگیم سوێندمان نەخواردبوو هەتا مردن، جا چۆن سوێندی خۆم دەشکێنم.

سوارەکانی کورد بەهانای فەڕاشباشی هاتبوون، نوقمی چەك و چۆل خۆیان گەیاندە شەرگە و دامەزران، شەڕ بە جارێکی توند بوو.

دەنگی **مجێور**ی مزگەوتەکانی دیکەی شار بەرز بۆوە، ماوەیەکی زۆر کورت تەقە وەستا و تەنیا تەپە تەپی لاقی پیاوەکانی حاکم و کوردەکان لەوسەر ئەوسەری کووچەڕا هات. شەر سەر لە نوێ دەستی پێکردەوە. توندتر لە پێشوو، یەکێك لە پیاوەکان لەسەر سك خۆی خشاندو خۆی گەیاندە دەرگای ماڵەکە و قودولکێکی نەوت بە دەرگا داکرد و

گورج مەشخەڵی لە نەفەری پشتەوە وەرگرت و ئاوری پێوەنا. دەرگا بە قرچە قرچ بڵێسەی کێشا،قودولکێکی دیکەی نەوت پێدا کرد و کڵپ و هۆڕی ئاور هەتا دوور بیسرا، دەرگا تەواوی ئاوری گرتبوو داری سەردەرازنیشی گڕی گرتبوو، ئاور باڵای بڵێندتر لە دەرگا لێهات، **محەممەد** سەری لە دەلاقە بردە دەر و ڕاست پیاوەکانی وەبەر تفەنگان دا، هاوارێکی لێهات و پشتە و ڕوو کەوتە سەر هەرد. گولە وەنێوچاوانی کەوتبوو، خەیاڵ لە گابۆڕی دا و خۆی گەیاندە سەری و خوی بەسەر کێشا، **محەممەد** چاوی دەبەری میچ بڕیبوو و مووی سەری دەستە دەستە پێکەوە نووسابوون، خوێن و ئارەقە دەستیان لێك گرێ دابوو و لووزەوەیان بەستبوو و دەرژانە سەر داوێنی خەیاڵ. ڕەسووڵ نەفەرێکی سەربانی مزگەوت کە دەهات جێگورکی پکات ئەنگاوت و سلاری کردەوە، دەنگی کەوتنی ئاسەواری دەرگا سووتاوەکە هات، ڕەسووڵ بە پەنا تەرمی **محەممەد** دا غاری دا حەوشە. نەفەرێك هەتا نیوەی دالآنەکە هاتبوو، گورج کوشتی و دروست بەرامبەر بە کووچە لەسەر چۆك دامەزرا. چاوی بەپەلە لە حەوشە گەڕاند، دەرگایەکی کۆنی لە لای دیوی پوور فاتم دیت. بە هەڵاتن چوو و هێنای و بە دەرگا سووتاوەکەیەوە نا، ئاور دە گیانەڵا دابوو وردە وردە ڕووحی وەبەر دەهاتەوە، وەك خۆراکێکی دیکەی وەگیر کەوتبێت. چاوی سووری لەژێلا هاتبووە، ڕەسووڵ هاتبۆوە ژوور و لەبەر دەلاقە دامەزرابۆوە، چاوی بە ئاسمان کەوت هەتاو چاوی دەمیچی ئاسمان بڕیبوو، ڕۆژ شەلاڵی تەپ و تۆزی ئێوارەی پاییز لە کۆتایی دابوو، خەیاڵ سەری **محەممەدی** بە ئاسپایی لەسەر کۆشی لابرد و دەستی‌دا بە تفەنگی کەوتووی و هاتە پەنا ڕەسووڵ.

ـ سوارەت چلێکرد؟

ڕەسووڵ بە ئارامی سەری بۆلای سووڕاندەوە و بزەیەکی لێدا.

ـ بە دۆستێکم سپارد بی‌باتەوە.

ئاسکێ هات دەستی بگرێت، پەژیوان بۆوە لە نیزیك دەستی دەستی ڕاگرت.

ـ ڕەسووڵ بمبوورە.

ـ ئاسکێ ئەمن ڕازیم.

چاوی لە تەرمی محەممەد کرد.

ـ حەیف وای لێهات.

تەپە تەپێکی زۆر لە سەربان هات، هەرتك سەریان هەڵێنا، خۆڵێکی ورد و کاوکوت لە مابەینی ئالوداران ڕژا خوار، بەدوای دا گرمەی قوڵینگان هات و خۆڵ و خاك و وردە قامیش داباری. پیاوەکان بە بانی جیرانان دا خۆیان گەیاندبوو سەربان و خەریکی کونکردنی بوون، سەربان کون کرا و نەوت شۆڕ شۆڕ ڕژا خوار و مەشخەڵ بەدوای مەشخەڵ دا کەوتنە ژوورێ، ئاور و دووکەڵ دیوەکەیان داگرت، دەیان نەفەر خویان دە حەوشە هاویشت وەسەر پلیکانان کەوتن و ژووریان وەبەر گولان دا، سێ تەرم لە ژوورێ لە پەنایەك کەوتبوون، خوێنیان تێکەڵ بوو، پەردە سەوزەکەی سەر دیوە چکۆڵەکە ئاوری گرتبوو و بڵێسەی ئاور دەم بە دەم زۆرتر لەسەری هەڵدەکشا، ئاسکەکان سووتابوون.

**تەواو**